مەکتەبی سیاسی لە یادی ڕاپەڕیندا جەخت لە یەکگوتاری و چارەسەری کێشەکان دەکاتەوە

مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی 29 ساڵەی ڕاپەڕینە مەزن و شکۆدارەکەی گەلی کوردستان پەیامێکی بڵاوکردەوە و لە بەشێکی پەیامەکەدا هاتووە: ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان هێز و توانای سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتە و چین و توێژەکانی دژ بە زوڵم و ستەم و ژێردەستەیی، بەرجەستە کرد. هەروەها لە پەیامەکەدا هاتووشە: بەم بۆنەیەوە جەخت دەکەینەوە سەر جێبەجێکردنی ئەرکە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکانمان و پێویستە هەوڵ و کۆششەکانمان یەکبخەین بۆ پتەوترکردنی بنەما ڕاست و دروستەکانی حوکمڕانیەتی گەلی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشە و گیروگرفتەکان و زیاتر ئاوەدانکردنەوە و بووژانەوەی هەرێمی کوردستان. **(دەقی پەیامەکە لە ل2 بخوێنەوە)**

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە


XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5947) یەک شەمە 8ی ئادار 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار



سەرۆک بارزانی: گەلی ئێمە ژێردەستەیی و ستەم قبوڵ ناکات

سەرۆک بارزانی بەبۆنەی سالّوەگەڕی ڕاپەڕینە مەزنەکەی پێشمەرگە و گەلی کوردستان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر پەیامێکی بڵاوکردەوە و لە بەشێکی پەیامەکەیدا جەختی کردەوە لەوەی گەلی کورد ژێردەستەیی و ستەم قبوڵ ناکات.

ڕۆژی پێنجشەمە 2020/3/5 بە بۆنەی بیست و نۆیەمین سالّیادی ڕاپەڕینی گەلی کوردستان، سەرۆک بارزانی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر پەیامێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند: بەرز و پیرۆز بێت بیست و نۆیەمین سالّیادی ڕاپەڕینی گەلی کوردستان، پەیامی ڕاپەڕین بۆ هەموو لایەک ڕوونە، گەلی ئێمە ژێردەستی و ستەم قبوڵ ناکات.

نێچیرڤان بارزانی:

لە هەرێمی کوردستاندا وەک پەرەنسیپێکی چەسپیو کاری جیدیمان بۆ یەکسانی و مافی ئافرەتان کردووە

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی 8ی مارس لە پەیامێکدا وێڕای پیرۆزباییکردن لە ئافرەتان، ڕاشیگەیاند: لە هەرێمی کوردستان هەمیشە بە پەرۆشەوە وەک پرەنسیپێکی چەسپیوی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی لە یەکسانی و مافی ئافرەتامان ڕوانیوە و کاری جدیمان لەپێناویدا کردووە، گرنگە ئەم تێگەیشتنە لە سیستەمی پەروەردەدا لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا ڕەنگبداتەوە. **(دەقی پەیامەکە لە ل3 بخوێنەوە)**

هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی: پێشمەرگە دەکەینە ڕێکخراوترین هێز

گوتەبێژی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژ بە داعش ڕایدەگەیەنێت: چاکسازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە دەرفەتێکی باشن بۆ ئەمەریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی زیاتر هاوکاری وەزارەتی پێشمەرگە بکەین. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

سەرۆکایەتیی هەرێم و لایەنە سیاسییەکان داوای چارەسەری کێشەکان لە چوارچێوەی دەستوور دەکەن

نێچیرڤان بارزانی: سەرۆکایەتیی هەرێم چەتری کۆکەرەوەی لایەنە کوردستانییەکانە و پارێزەری یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیی دەبێت



ڕۆژی چوارشەمە 2020/3/4 بە سەرپەرشتیی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بە ئامادەبوونی بەڕێزان جێگرانی سەرۆک، کۆبوونەوەی هاوبەشی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی بەشدار لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە هەولێر، ئەنجام درا. کۆبوونەوە تایبەت بوو بە هەڵسەنگاندنی دۆخی سیاسیی عێراق دوای سەرنەکەوتنی هەوڵەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی فیدراڵی عێراق و هەنگاوەکانی داهاتوو بۆ پێکهێنانی حکوومەت.

سەرەتا سەرۆک نێچیرڤان بارزانی سوپاسی لایەنە سیاسییەکان و فراکسیۆنە کوردستانییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی کرد بۆ یەکهەڵوێستییان لە مامەڵەکرن لەگەڵ دۆخی ئێستای عێراقدا و جەختیشی لەوە کردەوە کە پارێزگاری لەم یەکڕیزی و یەکهەڵوێستییە بکرێت و سەرۆکایەتیی هەرێمیش وەک چەتری کۆکەرەوەی هەموو لایەنە کوردستانییەکان، لەسەر بنەمای ئەرک و مافەکان پشتگیر و پارێزەری ئەم یەکڕیزی و یەکهەڵوێستییە دەبێت.

کۆبوونەوە جەختی لەسەر پەرۆشیی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق کردەوە و هەموو هاوکاری و پشتگیرییەکی بۆ هەوڵەکانی چارەسەری و دەربازکردنی عێراق لە کێشە و قەیرانەکان لە چوارچێوەی دەستووردا و لەسەر بنەمای هاوبەشیی ڕاستەقینە و دابینکردنی مافی هەموو پێکهاتەکانی عێراق، کردەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا دووپات کرایەوە کە لایەنە کوردستانییەکان وەک هەمیشە بەشێک دەبن لە چارەسەر و لەم پێناوەدا هەموو توانایەک دەخەنەگەڕ، هەروەها هەموو لایەنە سیاسییەکان ئامادەیی خۆیان دووپات کردەوە بۆ چوونە ناو پرۆسەی گفتوگۆیەکی گشتگیری نیشتمانیانە بۆ پێکهێنانی کابینەی ئایندە بە شێوەیەک وەڵامدەرەوەی داوا ڕەواکانی تێکڕای گەلی عێراق بێت، توانای چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانەکانی وڵاتی هەبێت، ببێتە مایەی ڕەزامەندیی تەواوی پێکهاتەکانی عێراق و مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان دابین بکات.

هێشتا نزیکەی یەک ملیۆن و نیو ئاوارە و پەنابەری سووری لە کوردستان ماون

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە وەڵامی ڕاپۆرتێکی (OCHA): داوا دەکەین گرنگی بە مەترسی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بدرێت لە کەمپەکان کە ئەگەری تووشبوون بەم ڤایرۆسە لەو شوێنانە زیاترە و کۆنترۆڵکردنیشی کارێکی ئاسان نابێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



بۆ پاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا هەڵمەتی ڕشاندنی سەنتەری شاری هەولێر دەستی پێکرد

سەر لە بەیانی دوێنێ، بە ئامادەبوونی پارێزگاری هەولێر، ژمارەیەک لە کرێکار، دەستیان بە ڕشاندنی ناو سەنتەری شاری هەولێر کرد، کە چەندین شوێنی جیاجیای ناو شاری گرتەوە بۆ ئەوەی گیانی هاوواڵتیان لە ڤایرۆسی کۆرۆنا بپارێزن.

هێمن هەورامی: پێویستە بە گفتوگۆ و لێکتێگەیشتنێک کێشەکانی کورد لە وڵاتانی دەوروبەر چارەسەر بکرێن

شاندی باڵای پەرلەمانی کوردستان بە سەرۆکایەتیی هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لە ئەڵمانیا بەشداریی لە کۆنفرانسێکی تایبەت بە پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



هاونیشتیمانیان سەردانیکردنی بازاڕ و مۆڵ و شوێنە گشتییەکانیان کەمکردووەتەوە

بەوتەی دوکاندارەکانی بازاڕی گەورەی شاری هەولێر پاش تووشبوونی چەند هاونیشتیمانییەک بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان جموجوڵی بازاڕ وەکو جاران نەماوە و خاووبووەتەوە. ئەوان دەڵێن: کەمبوونەوەی سەردانیکردنی بازاڕ و شوێنە گشتییەکان و مۆڵەکان لە پێناو خۆپاراستنی هاونیشتیمانیان لە کۆرۆنا کارێکی باشە و هەوڵەکانی حکوومەتیش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسەکە کاریگەری باشی دەبێت. لە دوێنێ شەممەوە هەڵمەتێکی ڕشتنی دەرمان لەهەولێر و سلێمانی دەستی پێکردووە و بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک بەردەوام دەبێت. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**

نێچیرڤان بارزانی:
ڕاپەڕین دەربڕی باوەڕ و خواستی گەلی کوردستان و ڕەتکردنەوەی ستەم و زۆرداری بوو

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی ساڵیادی ڕاپەڕینی گەلی کوردستان پەیامێکی بڵاوکردەوە، لە بەشێکی پەیامەکەیدا ڕایگەیاند: ڕاپەڕین یەکێکە لە سەروەرییە مەزنەکانی میژووی گەلەکەمان و دەربڕی باوەڕ و خواستی گەلی کوردستان بۆ ژیانێکی ئازاد و سەرفرازانە و ڕەتکردنەوەی ستەم و زۆرداری بوو، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕاشیگەیاند: ڕاپەڕین ترۆپکی خەبات و قوربانیدانی هێزی پێشمەرگە و ڕۆڵەکانی گەل و یەکێتی و یەکڕیزیی لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتەکان و سەرجەم خەڵکی کوردستان بوو، پاراستنی دەستکەوتەکانیشی، ئەرک و بەرپرسیاریەتیی هەموو لایەن و پێکهاتە و هەموو تاکێکی کوردستانە و وەفاداریانە بۆ گیانی پاکی شەهیدە قارەمانەکانمان و هەموو قوربانییانی ڕێگای ڕزگاریمان.
ئەمەش دەقی پەیامەکەیەتی:



جەماوەری سەربەرز و خۆڕاگری کوردستان،
بە بۆنەی بیست و نۆیەمین ساڵیادی ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی ئازاری 1991وە، گەرمترین پیرۆزبایی لە خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکان و سەرجەم کوردستانییان لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان دەکەم.
ڕاپەڕین کە یەکێکە لە سەروەرییە مەزنەکانی میژووی گەلەکەمان، دەربڕی باوەڕ و خواستی گەلی کوردستان بۆ ژیانێکی ئازاد و سەرفرازانە و ڕەتکردنەوەی ستەم و زۆرداری بوو، گیانی خۆڕاگری و بەرەنگاریی دلێرانەتان سەرباری ئەو هێرشە وەحشیانەی ڕژێمی بەعس بۆ سەر گەلەکەمان، بەڵام ئێوە بە ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە بەرگەتان گرت و بەرەنگاری ڕژێمی بەعس بوونەوە و ڕێگەتان نەدا ئەو ڕژێمە ستەمکارە بتوانێ شکۆ و خواستی گەلی کوردستان بۆ ژیانێکی ئازاد و سەربەخۆ لەناو ببات.
ئەو ڕاپەڕینە بەهێزەی زیندووی ئەو ڕاستییەیە کە یەکڕیزی و تەبایی بەرز بووە کە شایانی ئەوەن نەوە بە نەوەی ئەم گەلە، شانازییان پێوە بکەن. ئەوە ڕاپەڕین و خواستی ئێوە بوو کە سەلماندی مەحاڵە هیچ زەبر و زەنگ و سەرکوتکارییەک بتوانێ شکۆ و خواستی گەلی کوردستان بۆ ژیانێکی ئازاد و سەربەخۆ لەناو ببات.
ئەو ڕاپەڕینە بەهێزەی لە ڕاپەڕیندا نوێبووردەییەی لە ڕاپەڕیندا نواندتان، زادەی هەمان ئەو کولتوورە مرۆڤدۆستانەیە کە ئیلهامبەخش و نەخشەڕێی سەرجەم بەرخودان و شۆڕشەکانی کوردستان بووە بە ڕاپەڕینێشەوە. خەباتی ئێوە، هەمیشە هەڵگری باوەڕ و نەریت و بەها و جیهانبینییەکی بەرز بووە کە شایانی ئەوەن نەوە بە نەوەی ئەم گەلە، شانازییان پێوە بکەن. ئەوە ڕاپەڕین و خواستی ئێوە بوو کە سەلماندی مەحاڵە هیچ زەبر و زەنگ و سەرکوتکارییەک بتوانێ شکۆ و خواستی گەلی کوردستان بۆ ژیانێکی ئازاد و سەربەخۆ لەناو ببات.
ئەو ڕاپەڕینە بەهێزەی لە ڕاپەڕیندا نوێبووردەییەی لە ڕاپەڕیندا نواندتان، زادەی هەمان ئەو کولتوورە مرۆڤدۆستانەیە کە ئیلهامبەخش و نەخشەڕێی سەرجەم بەرخودان و شۆڕشەکانی کوردستان بووە بە ڕاپەڕینێشەوە. خەباتی ئێوە، هەمیشە هەڵگری باوەڕ و نەریت و بەها و جیهانبینییەکی بەرز بووە کە شایانی ئەوەن نەوە بە نەوەی ئەم گەلە، شانازییان پێوە بکەن. ئەوە ڕاپەڕین و خواستی ئێوە بوو کە سەلماندی مەحاڵە هیچ زەبر و زەنگ و سەرکوتکارییەک بتوانێ شکۆ و خواستی گەلی کوردستان بۆ ژیانێکی ئازاد و سەربەخۆ لەناو ببات.
ئەو ڕاپەڕینە بەهێزەی لە ڕاپەڕیندا نوێبووردەییەی لە ڕاپەڕیندا نواندتان، زادەی هەمان ئەو کولتوورە مرۆڤدۆستانەیە کە ئیلهامبەخش و نەخشەڕێی سەرجەم بەرخودان و شۆڕشەکانی کوردستان بووە بە ڕاپەڕینێشەوە. خەباتی ئێوە، هەمیشە هەڵگری باوەڕ و نەریت و بەها و جیهانبینییەکی بەرز بووە کە شایانی ئەوەن نەوە بە نەوەی ئەم گەلە، شانازییان پێوە بکەن. ئەوە ڕاپەڕین و خواستی ئێوە بوو کە سەلماندی مەحاڵە هیچ زەبر و زەنگ و سەرکوتکارییەک بتوانێ شکۆ و خواستی گەلی کوردستان بۆ ژیانێکی ئازاد و سەربەخۆ لەناو ببات.

پەیامی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی هەشتی مارس

لە ڕۆژی جیهانیی ئافرەتاندا پیرۆزبایی لە ئافرەتانی هەرێمی کوردستان و جیهان دەکەم . یادکردنەوەی هەشتی مارس ڕێزگرتنە لە خەبات و تێکۆشانی ئافرەتان لە پێناو یەکسانیی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و نەهێشتنی ستەم و چەوساندنەوەدا .
ئافرەتانی کوردستان ڕۆڵێکی کاریگەر و شکۆداریان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستاندا بینیوە و لە دژی داگیرکاریی و ستەمی کۆمەڵایەتی خەباتیان کردووە. بۆیە ئێمە تێکۆشانی ئافرەتانی کوردستان، بەتایبەتی ئافرەتانی پێشمەرگە لە شۆڕشەکانی کوردستان و ڕۆڵی بەرچاویان لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش بەرز دەنرخێنین و پابەندبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پاراستن و داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤ بە گشتی و مافەکانی ئافرەتان بەتایبەتی و ڕەخساندنی زەمینە و دەرفەتی یەکسانیی کارکردن وبەشداریان لە بواری جیاجیاکاندا دووپات دەکەینەوە.
داوا لە ئافرەتانی هەرێمی کوردستانیش دەکەم کە ڕۆڵی کارای خۆیان لە بڵاوکردنەوەی هوشیاریی تەندروستی و جێبەجێکردنی ڕێنماییە تەندروستییەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنادا بگێڕن و هانی ئەندامانی خێزانەکانیان و کەسوکاریان بدەن بۆ پاراستنی پاک وخاوێنی و ژینگە کە ئەرکێکی نیشتمانییە و بەرپرسیارێتی هەموومانە.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان
2020/3/8

پێویستە هەوڵەکانمان بۆ پتەوترکردنی بنەما دروستەکانی حوکمڕانێتیی یەکبخەین

مەکتەبی سیاسی لە یادی ڕاپەڕیندا جەخت لە یەکگوتاری و چارەسەری کێشەکان دەکاتەوە

مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی 29 ساڵەی ڕاپەڕینە مەزن و شکۆدارەکەی گەلی کوردستان پەیامێکی بڵاوکردەوە و لە بەشێکی پەیامەکەدا هاتووە: ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان هێز و توانای سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتە و چین و تۆێژەکانی دژ بە زوڵم و ستەم و ژێردەستەیی، بەرجەستە کرد. هەروەها لە پەیامەکەدا هاتووشە: بەم بۆنەیەوە جەخت دەکەینەوە سەر جێبەجێکردنی ئەرکە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانمان، بەپێی ئەو هەلومەرجەی ئەمڕۆ لە ئارادایە پێویستە هەوڵ و کۆششەکانمان یەکبخەین بۆ پتەوترکردنی بنەما ڕاست و دروستەکانی حوکمڕانیەتی گەلی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشە و گیروگرفتەکان و زیاتر ئاوەدانکردنەوە و بووژانەوەی هەرێمی کوردستان.



بەبۆنەی (29) هەمین ساڵوەگەڕی ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی گەلەکەمان

(5)ی ئادار، ساڵوەگەڕی ڕاپەڕینی ڕۆڵەکانی گەلی کوردستانە، لەو ڕۆژەدا ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان هێز و توانای سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتە و چین و تۆێژەکانی دژ بە زوڵم و ستەم و ژێردەستەیی، بەرجەستە کرد، هەروەها ڕاپەڕینی گەلی کوردستان لەسەر هەردوو ئاستی نەتەوەیی و نیشتیمانی ڕووداو و وەرچەرخانێکی میژوویی گرنگیش بوو، هەربۆیەش گۆڕانکاری گەورەی هێنایە ئاراوە.
ڕاپەڕین بەرهەمی خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتیی شۆڕشی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان بوو، کە یەکەمین تروسکەی لە شاری ڕانیەی سەرکەش (دەروازەی ڕاپەڕین) داگیرسا، ئینجا ڕۆژ بەڕۆژ شارەکانی دیکەی کوردستانی گرتەوە تا ئازادکردنی شاری کەرکووکی دڵی کوردستان دوا سەرکەوتنی تۆمار کرد.
پەیامی ڕاپەڕین ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرە چەوسانەوە و ستەمێکی حکوومەتە شۆفێنییە یەکلەدواییەکەکانی عێراق بوو، هەوێنی بەرخودان بوو دژ بە سیاسەتی لەناوبردن و جینۆساید و سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی و نیشتمانی گەلەکەمان، ئەو گەلەی بۆ گەیشتن بە ئازادی و بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی کۆڵی نەدا و توانی ئەو قۆناغەش ببڕێ لە ساڵی (1992) پەرلەمانێک لە هەموو پێکهاتەکان هەڵبژێرێت و حکوومەتێکی نیشتمانی لە میژووی هاوچەرخدا پێکبهێنێت.
ڕاپەڕینی شکۆداری 5ی ئاداری ساڵی 1991 گەلی کوردستانی خستە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی نوێ و چارەنووسساز بۆ بونیاتنانی دواڕۆژی خۆی و ڕووبەڕووبوونەوەی بەربەست و تەحەداکانی، لەو سۆنگەیەوە هێز و توانای ڕۆڵەکانی گەلەکەمان و سووربوونی لەسەر بەدەستهێنانی مافەکانی ئەوەی سەلماند، کە ویست و خواست و ئیرادەی گەلەکەمان خاوەن میژوویەکی پڕ لە شانازییە و دەستکەوتەکانی ئەمڕۆش گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن.
بۆ پتەوکردن و بەهێزکردنی حوکمڕانیەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو سیستەمە سیاسییە و دامەزراوە شەرعییەکانی کە خۆی لە سەرۆکایەتیی هەرێم و پەرلەمان و حکوومەت دەبینێتەوە، لەپێناو سەقامگیریی و ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی بۆ سەرجەم هاوواڵاتییانی هەرێم، پارتیمان باوەڕی وایە بۆ چارەسەری کێشەکان و بەدیهێنانی ئامانجەکانمان، زیاتر پێویستمان بە یەکڕیزی و هەماهەنگی هێز و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان هەیە بۆ ئەوەی بە یەک گوتاری سیاسیی هاوبەش لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی هەرێم کار بکەین بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان و بەرەودان بە پرۆسەی ئاوەدانی و گەشەپێدان و پاراستنی ئەو دەسکەوتانەی بەدیهاتوون.
لەو بۆنەیەدا وەک هەمیشە جەخت دەکەینەوە سەر جێبەجێکردنی ئەرکە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانی بۆ وەزارەتی پێشمەرگە دەرفەتێکی باشن بۆ ئەمەریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی زیاتر هاوکاری وەزارەتی پێشمەرگە بکەین.
بەپێی کوردستان تیڤی مایلز کاگینز گوتەبێژی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژ بە داعش، ڕایگەیاند: دەمانەوێت پێشمەرگە بکەینە بەهێزترین و ڕێکخراوترین هێز بەشێوەیەک کە زۆر جیاواز بێت لە ڕابردوو.
مایلز کاگینز ڕاشگەیاندووە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژ بە داعش بەردەوامە لە پاڵپشتییەکانی بۆ وەزارەتی پێشمەرگە لە شەڕی دژی پاشماوەکانی داعش. هێشتا داعش هەڕەشەیە لە مەخموور و دیالەش، لە ڕاهێنانەکانیشمان بۆ هێزی پێشمەرگە کوردستان و زیاتر خزمەتکردنی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان و چاکترکردنی بژێوی ژیانیان و بەرەوپێشبردنی بارودۆخی گوزەرانیان و چارەسەرکردنی کێشە و گیروگرفتەکان و زیاتر ئاوەدانکردنەوە و بووژانەوەی هەرێمی کوردستان.
هەرێمی کوردستان نیشتیمانی ئارام و ئاسوودەی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکان بووە بۆ پاراستنی ماف و مسۆگەرکردنی ژیانێکی شایستە بە خەبات و قوربانییەکانی گەلەکەمان و ئاندەیەکی گەشتر بۆ نەوەکانمان، دەبێ هەوڵی هەموو لایەن و پێکهاتە و هەر تاکێکی کوردستان، لە خزمەتی پتەوکردنی زیاتری گیانی تەبایی و بنەماکانی پێکەوەژیان و لێبووردەیی و ئاشتیخوازیدا بێت.
با یادی ڕاپەڕین وزە و ئیرادەی زیاترمان بۆ یەکڕیزی و تەبایی و خزمەتکردن بە گەل و وڵات پێ ببەخشێت.
بەرز و شکۆدار بێت ساڵیادی ڕاپەڕینی مەزنی ئازاری 1991.
دروود بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕاپەڕین و سەرجەم شەهیدانی کوردستان.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2020/3/4

کوردستان و زیاتر خزمەتکردنی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان و چاکترکردنی بژێوی ژیانیان و بەرەوپێشبردنی بارودۆخی گوزەرانیان و چارەسەرکردنی کێشە و گیروگرفتەکان و زیاتر ئاوەدانکردنەوە و بووژانەوەی هەرێمی کوردستان.
هەرێمی کوردستان نیشتیمانی ئارام و ئاسوودەی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکان بووە بۆ پاراستنی ماف و داخوازییەکانیان..
لەیادی ڕاپەڕیندا سەری ڕێز و نەوازش بۆ شەهیدانی کورد و کوردستان دادەنوێنین..

دروود بۆ شەهیدانی ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی ئاداری 1991 لە شاری ڕانیەی دەروازەی ڕاپەڕینەوە تاوەکو کەرکووکی دڵی کوردستان..
سڵاو و دروود بۆ شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی و سەرفرازی و هەموو ئەو قارەمانانەی گیانی خۆیان لەپێناوی نیشتیمانەکەیاندا بەخشی..
سڵاو بۆ پێشمەرگە دلێرەکانی کوردستان..
شکۆدار بێ یادی ڕاپەڕین..

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2020/3/5

لە ڕاهێنانەکانمان بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەردەوام دەبین

هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی: دەمانەوێت پێشمەرگە بکەینە بەهێزترین و ڕێکخراوترین هێز

گوتەبێژی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژ بە داعش ڕایدەگەیەنێت: چاکسازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە دەرفەتێکی باشن بۆ ئەمەریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی زیاتر هاوکاری وەزارەتی پێشمەرگە بکەین.
بەپێی کوردستان تیڤی مایلز کاگینز گوتەبێژی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژ بە داعش، ڕایگەیاند: دەمانەوێت پێشمەرگە بکەینە بەهێزترین و ڕێکخراوترین هێز بەشێوەیەک کە زۆر جیاواز بێت لە ڕابردوو.
مایلز کاگینز ڕاشگەیاندووە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژ بە داعش بەردەوامە لە پاڵپشتییەکانی بۆ وەزارەتی پێشمەرگە لە شەڕی دژی پاشماوەکانی داعش. هێشتا داعش هەڕەشەیە لە مەخموور و دیالەش، لە ڕاهێنانەکانیشمان بۆ هێزی پێشمەرگە بەردەوام دەبین لەسەر تەکنیکی شەڕی دژ بە داعش ڕاهێنانیان پێدەکەین.
ڕاشیگەیاند، هاوپەیمانی کە زۆرێک لە وڵاتانی وەک ئیتاڵیا، ئەڵمانیا، هەنگاریا، بەریتانیا و فینلەندا لەخۆدەگرێت کە چالاکییەکانیان لە هەرێمی کوردستانن.
ئەمەریکاش پاڵپشتی پێشمەرگەی کردووە و بەهۆی چاکسازییەکانیش لە وەزارەتی پێشمەرگە دەرفەتێکی باش دەبێت بۆمان لە هاوکارییەکانمان بەردەوام بین بۆ ئەوەی پێشمەرگە ببێتە بەهێزترین و ڕێکخراوترین و کاریگەرترین هێز کە زۆر جیاوازتر بێت لە ڕابردوو. چاومان لەوەیە هاوکاری زیاتری ئاسایش و وەزارەتی پێشمەرگە و هەموو هێزە ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان بکەین.



نێچیرڤان بارزانی: لە هەرێمی کوردستاندا وەک پەرەنسیپێکی چەسپیو کاری جیدیمان بۆ یەکسانی و مافی ئافرەتان کردووە

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی 8ی مارس لە پەیامێکدا وێڕای پیرۆزباییکردن لە ئافرەتان، راشیگەیاند: لە هەرێمی کوردستان هەمیشە بە پەرۆشەوە وەک پرەنسیپێکی چەسپیوی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی لە یەکسانی و مافی ئافرەتانمان ڕوانیوە و کاری جدیمان لەپێناویدا کردووە، گرنگە ئەم تێگەیشتنە لە سیستەمی پەروەردەدا لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندنداڕەنگبداتەوە. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

لە یادی رۆژی جیهانیی ئافرەتاندا، گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئافرەتانی کوردستان و جیهان دەکەم.

دەستخۆشی لە سەرجەم ئەو ڕێکخراوە حکوومی و ناحکوومی، دامەزراوە و کەسایەتییانە دەکەم کە لە داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنانی کوردستان و بواری یەکسانیدا ڕۆڵی کاریگەریان بینیوە، هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم.

ئافرەتانی کوردستان هەمیشە بەشداریەکی کاریگەریان لە بواڕە جیاکانی خەبات و تێکۆشاندا هەبووە، ئەمڕۆش بە کردەیی ڕۆڵێکی کارا لە سەرجەم دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستاندا دەبینێ، بەرزبوونەوەی ڕێژەی خانمان لە هەموو بوارەکاندا ئاماژەیەکی گرنگی بەهێزبوونی بنەماکانی یەکسانییە.

خانمان هەمیشە قوربانیی سەرەکیی توندوتیژی، لە سەرووی هەموشیانەوە توندوتیژییەکانی جەنگ و ئەو کارەساتانە بوون کە بەسەر گەلەکەماندا هاتوون، بەڵام هیچ ڕووداوێکی کارەساتهێن نەیتوانیوە لە شکۆی ئافرەتانی کوردستان و باوەڕ و وەریان بۆ ژیان، خەبات و سەرفرازی، کەم بکاتەوە.

لە هەرێمی کوردستان هەمیشە بە پەرۆشەوە، وەک پرەنسیپێکی چەسپیوی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی لە یەکسانی و مافی ئافرەتانمان ڕوانیوە و کاری جدیمان لە پێناویدا کردووە. گرنگە ئەم تێگەیشتنە لە سیستەمی پەروەردەدا، لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندنداڕەنگ بداتەوە. هەر لەم بۆنەیەدا، بە پێویستی دەزانم، سەرنجی هەموو لایەک بۆ ئەرک و بەرپرسیاریەتییەکی گرنگ و هەستیار ڕابکێشم، ئەویش بەشداری و هاوکاریی هەمووانە لە خۆپاراستن و ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سەرجەم شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستاندا.

لە کاتێکدا بە پێزانینەوە لە ئەرک و ماندووبوونی لایەنە پەیوەندارەکان دەڕوانین، هانی هەموو کوردستانییانی خۆشەویست دەدەم بۆ هاوکاریکردن و جێبەجێکردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی تایبەت بە خۆپاراستن لە کۆرۆنا وەک ئەرک و بەرپرسیارێتییەکی گەورەی مرۆیی و نیشتیمانی و ئایینی.

بەرز و شکۆدار بێت یادی 8ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ئافرەتان، سڵاو لە گیانی پیرۆزی ئەو خانمە قارەمانانەی گەلەکەمان کە لەپێناو مافە ڕەواکانی گەل و نیشتماندا گیانیان بەخشی.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2020/3/7

مەسرور بارزانی: ڕاپەڕین پەیامی ئەوەی بە جیهان گەیاند کە گەلی کوردستان ژێردەستەیی و چەوساندنەوە ڕەتدەکاتەوە



مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە بۆنەی ساڵیادی ڕاپەڕینی گەلی کوردستان، ڕۆژی پێنجشەمە 2020/3/5 پەیامێکی بڵاوکردەوە و وێڕای پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان، هاوکات لە بەشێکی پەیامەکەیدا ڕاشیگەیاند: ڕاپەڕینی شکۆداری 1991 وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو لە خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی خەڵکی کوردستاندا کە بەرانبەر ستەم و داگیرکاریدا ڕاپەڕی و ئەو پەیامەی بە هەموو جیهان گەیاند کە گەلی کوردستان ژێردەستەیی و چەوساندنەوە و نکۆڵیکردن لە مافە ڕەواکانی ڕەتدەکاتەوە.

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

ئەمڕۆ بیست و نۆ ساڵ بەسەر ڕاپەڕینی مەزنی گەلی کوردستان لە ساڵی 1991 تێدەپەڕێت. بەم بۆنە شکۆدارەوە، پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان و پێشمەرگە قارەمانەکان و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان دەکەم.

ڕاپەڕینی شکۆداری 1991 وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو لە خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی خەڵکی کوردستاندا کە بەرانبەر ستەم و داگیرکاریدا ڕاپەڕی و ئەو پەیامەی بە هەموو جیهان گەیاند کە گەلی کوردستان ژێردەستەیی و چەوساندنەوە و نکۆڵیکردن لە مافە ڕەواکانی ڕەتدەکاتەوە.

ڕاپەڕینی مەزنی ئاداری 1991 بەرهەمی یەکگرتوویی و یەکڕیزی هەموو چین و توێژ وپێکهاتەکانی کوردستان بوو، دەستکەوتەکانی ئێستای گەلی کوردستان و ئەو ئاوەدانی و پێشڤەچوونەی دۆزی ڕەوای خەڵکی کوردستان و پێگەی دیاری هەرێمی کوردستان لەنێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، بەرهەمی شۆڕش و سەرهەڵدانە بەردەوامەکانی خەڵکی کوردستان و لەنێویشیاندا ڕاپەڕینی مەزنی 1991ە کە پێویستە بە هەمان گیانی یەکڕیزی و یەکدەنگی ڕاپەڕینەوە پارێزگاری لە دەستکەوتە نیشتمانییەکانمان بکەین. ساڵیادی ڕاپەڕینی ئاداری 1991 پیرۆزبێت و کوردستانیش هەمیشە ئارام و ئاوەدان بێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان
2020/3/5





سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی کۆبوونەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای کرد

سەرۆکوەزیرانی کوردستان: حکوومەتی هەرێم هەموو هەوڵێک دەدات بۆ پاراستنی ژیان و سەلامەتی هاووڵاتیان

سەرجەم ڕێوڕەسمە ئاینییەکان لە مزگەوت و کڵێسا و پەرستگاکان بە گوتاری هەینی مزگەوتەکانیشەوە هەتا کاتێکی نادیار ڕاگیران

ڕۆژی چوارشەمە 2020/3/4 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکوومەت، سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای لە هەرێمی کوردستان کرد. لە کۆبوونەوەکەدا، گفتوگۆ دەربارەی دوایین ڕێکار و ئامادەکارییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان و بەدواداچوونی جێبەجێکردنی بڕیار و ڕێنماییە تەندروستییەکان کرا.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جەختی کردەوە لە سەر ئەوەی حکوومەتی هەرێم هەموو هەوڵێکی خۆی دەدات و لە چوارچێوەی ئەرکی خۆی بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی، هەرچی پێویست بوو دەیکات بۆ پاراستنی ژیان و سەلامەتی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان. لەمڕووەوە لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا:

یەکەم: لە ڕوانگەی ئەوەی پەیام و ئامانجی سەرەکی هەموو ئایینەکان، پاراستنی ڕوح و جەستەی مرۆڤە، هەروەها بەهۆی تۆمارکردنی چەند کەیسێکی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە شاری سلێمانی، بڕیە دوای ڕاگرتنی خوێندن لە ناوەندەکانی خوێندن و ڕاگرتنی چالاکیی شوێن و سەنتەرەکانی گردبوونەوەی هاووڵاتیان، لەپێناوی خۆپارێزیی، بڕیاردرا سەرجەم ڕێورەسمە ئاینییەکان لە (مزگەوت، کڵێسا و پەرستگاکان) بە گوتاری هەینی مزگەوتەکانیشەوە، لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان هەتا کاتێکی نادیار ڕابگیرێت.

دووەم: جەختکردنەوە لە سەر بەردەوامیی دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانی نەخۆشخانە و کەرەنتین و بنکەکانی دەروازە سنووریەکان لە هەرێمی کوردستان.

سێیەم: ڕێوشوێنی پێویست و زیاتر بۆ سنووردارکردنی هاتوچۆ لە بنکە و بازگە و دەروازە سنووریەکان بگیرێتەبەر بەپێ ئەوەی کار لە وەستانی جموجۆڵی بازرگانی بکات.

چوارەم: بۆ کەمکردنەوەی بارگرانی ئەو زیانانەی کە بەهۆی ڕێکارەکانی خۆپارێزی بەر خاوەنی شوێنە بازرگانییەکان دەکەوێت، ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاریدا بە ڕاسپاردنی وەزیرە پەیوەندیدارەکان بە جێبەجێکردنی ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە.

پێنجەم: پێویستە لایەنە پەیوەندارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەموو ڕێکارە تەندروستییەکان لە کەمپەکانی ئاوارە و پەنابەران بگرنەبەر. بۆ ئەم مەبەستەش هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان بکرێت.

ئەڵمانیا.. بە بەشداری شانۆیکی پەرلەمان کۆنفرانسێکی تایبەت بە پرسی کورد بەڕێوەچوو

هێمن هەورامی: پێویستە بە گفتوگۆ و لێکتێگەیشتنێک کێشەکانی کورد لە وڵاتانی دەوروبەر چارەسەر بکرێن




ڕۆژی هەینی 2020/3/6 شانۆی بااڵی پەرلەمانی کوردستان بە سەرۆکایەتیی هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامیەتیی هەریەک لە د.ڕێبوار بابکەیی سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی لە پەرلەمانی کوردستان و کاروان گەزنەیی جێگری سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی و ئاشنا عەبدوڵا و کالارا عوزەیشۆ ئەندامانی پەرلەمان لە فراکسیۆنە جیاوازەکانی پەرلەمان، لە ئەڵمانیا بەشداریی لە کۆنفرانسێکی تایبەت بە پرسی کورد لە ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست بەشداربوون.

لە کۆنفرانسەکەدا هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی شانۆی بااڵی پەرلەمان، وتارێکی پێشکەش کرد و تیایدا سوپاسی وڵاتی ئەڵمانیای کرد بۆ ئەو هاوکارییانەی پێشکەش بە هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کرد لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش و جەختی لەوە کردەوە کە سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستان کۆکن لەسەر مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی زیاتری تیرۆریستان و ڕیشەکێشکردنیان، هەروەها بازرگانی، لەالیەن ئەڵمانیاوە زیاتر پاڵپشتیی بکرێت بۆ ئەوەی ئابووری و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بەهێزترین. لەبارەی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای ڕێزلێنان بۆ دامەزراوەکان و دەستووری عێراقی فیدراڵ پێداگری لە دەسەاڵتەکانی دەکات هەر بەو شێوازەی کە لە دەستووری عێراقدا جێگیر بووە، هاوکات ئەوەشی خستەڕوو هەرێمی کوردستان لە دانوستان و گفتوگۆکانی لەگەڵ بەغدا بەردەوام دەبێت بۆ گەیشتن بەسازان لەسەر هەموو کێشە هەڵپەسێردراوەکان. سەبارەت بە پرسی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان، هێمن هەورامی سەرۆکی شانۆی بااڵی پەرلەمانی کوردستان جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی پێویستە بە گفتوگۆ و لێکتێگەیشتنێکی واقعیانە و لەسەر مێزی دانوستان کێشەکانی کورد لە وڵاتانی دەوروبەر چارەسەر بکرێت.

هەر لە کۆنفرانسەکەدا هەریەک لە کلێدیا ڕۆس جێگری سەرۆکی پەرلەمانی ئەڵمانیا لە پارتی سەوزی ئەڵمانیا و د. دانیەال دێریدەر جێگری سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە پارتی دیموکراتیک سۆسیال و ستیفان لیبیچ گوتەبێژی سیاسەتی دەرەوەی هاوپەیمانیی چەپ، وتاریان پێشکەش کرد. شایانی باسە کۆنفرانسی دەرفەتەکان و ئاسۆکانی چارەسەرکردنی پرسی کورد لە ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست لەالیەن پەرلەمانی ئەڵمانیاوە سازکرابوو و لەسەر بانگهێشتی فەرمیی پەرلەمانی ئەڵمانیا شانۆی بااڵی پەرلەمانی کوردستان بەشداریی لە کۆنفرانسەکەدا کرد.

لە بیرەوەریی وتارێکی نێچیرڤان بارزانی بە بۆنەی ڕاپەڕینی سلێمانی و ئازادکردنی شارەکە



ساسان دەروێش- هۆڵەندا

لە رۆژمێری ڕاپەڕیندا 7ی ئادار 1991 تۆماری هەڵمەتی خەڵکی ڕاپەڕیوی شاری سلێمانییە بە ڕووی دوژمنکاری داموددەزگا داپلۆسێنەرەکانی بەعس لەو شاردا، 8ی ئاداری 1991یش دووەم رۆژی هەڵمەتی ئازادکردنی تەواوی شاری سلێمانی و گەیشتنی پێشمەرگە بوو بۆ هاوکاری خەڵکی ڕاپەڕیو و خامۆشکردنی چرای بەعس لە دوامۆڵگەی قەڵای سەختی تاوانەکانیان لە ئەمنە سوورەکە.

لە تۆڵەی شەهیدان و چەندین سااڵەی تاوانکاری ئەم دار و دەستەیە وەک گەڵای دار لاشەی بۆگەنیان لە نێو شەقام و کۆاڵنەکانی گەڕەکی عەقاری شاری سلێمانی و ناو تەاڵری ئەمنە سوورەکە کەوتبوون و زۆربەشیان بەزیندوویی کەوتنە دەست خەڵکی ڕاپەڕیوی شاری سلێمانی و پێشمەرگە قارەمانەکانی هێزی بەرەی کوردستانی و پێشمەرگەکانی پارتی دێموکراتی کوردستان.

ئەمڕۆش 29 ساڵ تێپەڕ دەبێت بەسەر ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991ی خەڵکی باشووری کوردستان بەگشتی، لە دەرئەنجامی شەڕی کەنداو و تێکشکاندنی رژێمی عێراق لە کوەیت و هەڵوەشاندنی سوپاکەی بووە وەرچەرخانێکی مێژوویی بۆ ڕاپەڕینە شکۆمەندەکەی خەڵکی کوردستان کە تێیدا سەرجەم گەلی کوردستان شادبوون بە هەوای ئازادی و دێموکراسی لە یەکدەنگی و یەکڕەنگی و یەکهەڵوێستی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنانی کوردستان. سەرپەرشتیار و ئەندازیاری ڕاپەڕینیش سەرۆک بارزانی بوو کە لە شەڕی بەناوبانگی خواکوڕکدا پێشبینی کرد. لە دوای ئازادکردنی رانیەی دەروازەی ڕاپەڕین سەرۆک مەسعود بارزانی خۆی و پێشمەرگە و ئەندامانی دەستەی باڵای بەرەی کوردستانی خۆیان گەیاندە شارەکە و شادبوون بە خەڵکی ڕاپەڕیوی گەلی کوردستان.

بەندەش خۆم بە شەرەفمەند دەزانم وەک کوڕی شەهید محەمەد دەرویش نادر لە یەکەم ساتی ڕاپەڕین و هەڵمەت بردنە سەر مۆڵگەکانی بەعس لەگەڵ پێشمەرگەکانی پارتی لە سنووری سلێمانی و لقی چوار بەشداریم کرد و زۆر لە تۆمارەکانی مێژووی ڕاپەڕین شاهیدحاڵی مێژوویانم وەک پێشمەرگە و کادیرێکی ڕاگەیاندن و نووسەر و تۆمارکردنی ئەو رۆژە مێژوویانە لە تۆڵەی شەهیدانی بنەماڵەکەمان و لە سێدارەدانی شەهید نزار نووری ئەحمەدی پوورزام و خەباتکردنم بۆ ئامانجی سەربەخۆیی و بانگەشەی دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان وەک پێشمەرگەیەکی پارتی خۆم دیوە.

لە دوای ئازادکردنی شاری سلێمانی لە مانگی ئاداری ساڵی 1991 خۆگەیاندنی جەنابی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بوو وەک بەرپرسی کەرکووک و سلێمانی و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی بۆ ئەم شارە کە لەیاد و بیرەوەرییەکانی هەر تاکێکی ئەم شارە و پێشمەرگەکانی پارتی بەزیندوویی گوزەر دەکەن و یاد دەکرێنەوە، لەنێو پێشمەرگەکاندا لە لقی چواری پارتی دێموکراتی کوردستان وتارێکی بە نرخی پێشکەش کرد و پیرۆزبایی گەرمی خۆی و هێزی بەرەی کوردستانی لە هەموان کرد و سوپاسی خەڵکی ڕاپەڕیو و پێشمەرگەکانی کرد بۆ دڵسۆزییان و سەرکەوتنی پلانی ڕاپەڕین و داوتر سەردانی ناوچەکانی دەوروبەری سلیمانی کرد و لەنێو کۆبوونەوەی جەماوەری خەڵک و پێشکەشکردنی وتەکانی پیرۆزبایی لە خەڵک و سەرکەوتنەکانیانی دەکرد و هیوای ئەوەی پێدەبەخشین کە جارێکی تر بەعس ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ کوردستان و لەو کات و ساتەشدا پلانی ڕووبەڕووبوونەوەی بەعس و ئازادکردنی شاری کەرکووک ڕاستەوخۆ لەاڵیەن سەرۆک مەسعود بارزانییەوە بەڕێوەدەچوو، بە بەشداری جەنابی نێچیرڤان بارزانی وەک بەرپرسی میحوەری کەرکووک و سلێمانی کە ڕۆڵێکی کاریگەر و بەرچاوی هەبوو لە ئازادکردنی شاری کەرکووک و لە ڕۆژانی پێش ئازادکردنیش سەردانی بەرەکانی شەڕی لە دەوروبەری دەکرد لە قەرەهەنجیر و ناوچەکانی کەرکووک نەخشە و کۆبوونەوەکانی موتابەعە دەکرد و هێزو وزەی دەبەخشییە پێشمەرگەکان.

لە کۆتایشدا دەتوانم بڵێم بڕوابوونی سەرۆک مەسعود بارزانی بە کوردستان و ئایندەکەی و ئامانجە پیرۆزەکانی ڕاپەڕین هێنانەوەی تەرمی نەمران بوو لە ئێرانەوە بۆ خاکی کوردستان و لانکەی کوردایەتیی بارزان کە بە خەڵکی کوردستانی ڕاگەیاند، دەبێت پاریزگاری لەم خاکە بکەین و هەر لێرەش بمرین لەپێناویدا و خزمەت و ئاوەدانی بکەین کە مێژوو شاهیدی هەموو ڕاستییەکانە لە ڕابردوو و ئێستاشدا.

شاندی باڵای پەرلەمانی کوردستان لە بەرلین سەردانی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێم دەکات



ڕۆژی پێنجشەمە 2020/3/5 شاندی باڵای پەرلەمانی کوردستان بە سەرۆکایەتیی هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمان لە فراکسیۆنە جیاوازەکان سەردانی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی لە بەرلین کرد و بوارەکاندا. لە الیەکی ترەوە شاندی پەرلەمان و نوێنەری حکوومەتی هەرێم لە ئەڵمانیا باسی کاروباری کۆنسوڵخانەی حکوومەتی هەرێمیان کرد بۆ جڤاتی کوردی لە ئەڵمانیا و هەروەها کێشەکان و پرسی ستافی نوێنەرایەتییەکەیان خستەبەر باس، هاوکات شاندی باڵای پەرلەمانی کوردستان هیوایان خواست پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و ئەڵمانیا پەرەی زیاتر بەخۆوە ببینێت. سەردانی شاندی باڵای پەرلەمان لەسەر بانگهێشتی ئەڵمانیایە بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسێکی گەورەدا لە پەرلەمانی ئەڵمانیا لەسەر پرسی کورد لە ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاستدا و تیایدا هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی شاندە باڵاکەی پەرلەمانی کوردستان بابەتێک لەسەر پرسی کورد پێشکەش دەکات.

لەاڵیەن دڵشاد بارزانی نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێشوازیی لێکرا. لە دیدارێکدا تاوتوێی بارودۆخی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە کرا، لە الیەن خۆیانەوە شاندە باڵاکەی پەرلەمان سوپاسی نوێنەری حکوومەتی هەرێمیان لە ئەڵمانیا کرد کە ڕۆڵی گرنگی بینیوە لە گەشەپێدانی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتی ئەڵمانیا و ڕۆڵی ئەڵمانیان لە پشتیوانیکردن لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕی دژ بە داعش و مەشق و ڕاهێنان بەو هێزانە و هاوکارییی بەردەوام و سەرکەوتوویان لە زۆربەی بوارەکاندا.

هۆشیار سیوەیلی: ناکرێت هیچ حکوومەتێک بەبێ کورد پێک بهێندرێت

ئەو کەسەی بۆ پێکهێنانی حکوومەت رادەسپێردرێت دەبێ مافی کورد بەپێی دەستوور دابین بکات

بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دێموکراتی کوردستان رایگەیاند، ئەگەر کاندیدانی داهاتوو ئەزموونی عەللاوی و ئەوانەی پێش خۆیان دووبارە بکەنەوە، سەرکەوتوو نابن و بەرەو هەڵبژاردنی پێشوەختە دەچین، بۆیە ناکرێت هیچ حکوومەتێک بێ کورد پێک بهێنرێت و ئەگەر دروستیش بکرێت، شکست دەهێنێت.

هۆشیار سیوەیلی، لە لێدوانێکیدا بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی گوتی: کورد زۆر هەوڵی دا حکوومەتی عێراق سەرکەوتوو بێت و سەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردراو بگاتە ڕێککەوتن و داواکاریی کوردی خستە بەردەمی بۆ ئەوەی پێشێلی مافی دەستووریی کورد نەکرێت، بەاڵم هەر گوێی پێ نەدا و ڕازی نەبوو، بۆیە نەمانویست ئەو ئەزموونە تاڵە تاقی کراوەتەوە و ئەزموونی تاڵمان لەگەڵ عێراق هەبوو و شاندی ئێمە زۆر هەوڵی دا لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردراو بگاتە ڕێککەوتن و داواکاریی کوردی خستە بەردەمی بۆ ئەوەی پێشێلی مافی دەستووریی کورد نەکرێت، بەاڵم هەر گوێی پێ نەدا و ڕازی نەبوو، بۆیە نەمانویست ئەو ئەزموونە تاڵە دووبارە بکەنەوە و پێکهاتەکان پشتگوێ بخرێن و حوکمی عێراق لەاڵیەن یەک پێکهاتەوە بکرێت. سیوەیلی گوتیشی، محەمەد توفیق عەللاوی ویستی تاکاڵیەنە و تاکڕەوانە دەسەاڵت بگرێتە دەست، بۆیە کورد و سوننە و بەشێکی شیعەش ئەمەیان ڕەت کردەوە، بۆیە ئەویش سەرکەوتوو نەبوو لە هەوڵەکەی، هەر کەسێکیش مافی کورد نەدات، سەرکەوتوو نابێت. بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی لەوەش کرد، لە ئێستادا بەپێی ماددەی 76ی دەستووری عێراق، سەرۆککۆمار کەسێکی دیکە بۆ پێکهێنانی حکوومەت رادەسپێردرێت، جا هەرکەسێک بێت، گرنگ ئەوەیە مافی گەلی کورد بەپێی دەستوور دابین بکات، ئەگەر ئەویش سەرکەوتوو نەبوو، کەسی سێیەم رادەسپێردرێت و ئەگەر ئەویش سەرکەوتوو نەبێت، ئەوکات بەپێی ماددەی 76ی دەستووری عێراق، پەرلەمان بە زۆرینەی ڕەها خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە و لە ماوەی دوو مانگدا هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت.



بەرپرسی لقی 15ی خانەقین:
هەوڵێک هەیە بە مەبەستی تەعریب فەرمانگە حکومییەکانی خانەقین بۆ جەلەولا بگوازرێنەوە

بەرپرسی لقی 15ی خانەقینی پارتی دێموکراتی کوردستان زانیاری لەسەر هەوڵێکی عێراق بۆ گواستنەوەی فەرمانگەکانی حکوومەت بۆ دەرەوەی شارەکە ئاشکرا دەکات و باس لە ئەگەرەکانی بەردەم ئەو پلانە دەکات.

شێخ جەعفەر مستەفا بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دێموکراتی کوردستان گوتی: لە خانەقین هەوڵێکی مەترسیدار هەی، بەتایبەت پرسی تەعریب و دیانەوێت فەرمانگەکانی حکوومەت لە شارەکەوە بگوازنەوە بۆ جەلەولا. نییەتیان لەم کارە ئەوەیە کە خانەقین بچووک بکەنەوە و لە چوارچێوەیەدا فەرمانگەی خانەنشین لە خانەقینەوە بۆ جەلەولا گواستراوەتەوە، چونکە لە جەلەولا کوردی کەمی لێیە و ئەو عەرەبانەی لە جەلەولان ئیدارەی شارەکە دەدەن و دیانەوێت دۆخەکە کۆنترۆڵ بکەن، هەوڵێکیش هەیە خانەقین بکرێتە ناحیە. ئەوەیشی خستەڕوو: حەشد و سوپای عێراق کۆنترۆڵی ناوچەکەیان پێ ناکرێت، داعش لە سنوورەکە بەهێز بووە، تەواوی نەفتخانە کەوتەوە دست حەشد و بازرگانیی پێوە دەکەن و بە سەدان خێزانی عەرەب هێناوە بۆ ناو خانەقین و لەوێ نیشتەجێکراون.

یاسای بەرەنگاربوونەوەی بەقاچاغبردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکانی پەسەند کرا



ڕۆژی چوارشەمە 2020/3/4 پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی ژمارە 2ی ئاسایی خولی بەهارەی لە ساڵی دووەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن بەڕێوەبرد، بەرنامەی کاری دانیشتنەکە لە سێ خاڵ پێکهاتبوو خاڵی یەکەم بڕیتی بوو لە قسەوڵکردنی دەستەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان گوڵستان باقی سلێمان لە لێژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری و زیادکردنی بۆ سەر لێژنەی کاروباری کۆمەاڵیەتی و داکۆکیکردن لە مافی مرۆڤ و زیادکردنی ئەندامی پەرلەمان، زیاد جەبار محەمەد بۆ سەر لێژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی. خاڵی دووەمیش بڕیتی بوو لە دەنگدان لەسەر پێشنیازیاسای بەرەنگاربوونەوەی بەقاچاغبردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکانی لە هەرێمی کوردستان-عێراق. خاڵی سێیەم و کۆتایی بەرنامەی کاریش بڕیتی بوو لە قسەوڵکردنی دەستەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان شیرین یونس عەبدوڵاڵ لە لێژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی و زیادکردنی بۆ سەر لێژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت.

بەپێی خاڵی کۆتایی بەرنامەی کاری دانیشتنەکە کە بڕیتی بوو لە دەنگدان لەسەر پێشنیازیاسای بەرەنگاربوونەوەی بەقاچاغبردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکانی لە هەرێمی کوردستان-عێراق، کە لە الیەن لێژنەی هاوبەشەوە ناوونیشان و ماددە بە ماددە و بڕگە بە بڕگەی پێشنیازیاساکە بەو پێشنیازانەی لە دانیشتنی پێشوو لە الیەن ئەندامانی پەرلەمانەوە خرابوونەڕوو و لەاڵیەن سێ ئەندام یان زیاتر پشتگیرییان هەبوو بەجیا خرانە دەنگدانەوە و پەسندکران، لە کۆتاییدا کۆی یاساکە لەاڵیەن سەرۆکی پەرلەمانەوە خرایە دەنگدانەوە و بە 88 دەنگ پەسەند کرا.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە وەڵامی ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان:

هێشتا نزیکەی یەک ملیۆن و نیو ئاوارە و پەنابەری سووری لە کوردستان ماون

حکوومەتی هەرێم هیچ پەنابەرێک بەزۆر ناگەڕێنێتەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان



ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە وەڵامی ڕاپۆرتێکی (OCHA): داوا دەکەین گرنگی بە مەترسی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بدرێت لە کەمپەکان کە ئەگەری تووشبوون بەم ڤایرۆسە لەو شوێنانە زیاترە و کۆنترۆڵکردنیشی کارێکی ئاسان نابێت.

بەمدوایە نووسینگەی ڕێکخەری کاروباری مرۆیی نەتەوەیەکگرتووەکان (OCHA) ڕاپۆرتێکی تایبەت بە پلانی خۆی سەبارەت بە ڕەوشی ڕاگوێزراوان لە عێراق بڵاوکردەوە و تێیدا ئاماژە بەوە دەکات کە سەرەڕای ئازادکردنی زۆربەی ناوچەکانی دەست داعش و نەمانی دەسەڵاتی بەتایبەتی لە دەشتی نەینەوا، بەڵام بەشێکی زۆری ڕاگوێزراوان ئامادە نین بگەڕێنەوە و ژیانی کەمپەکانی هەرێمی کوردستان بە باشتر دەزانن لە گەڕانەوە بۆ سەر زێدی خۆیان.

د. دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە وەڵامی ڕاپۆرتی نەتەوەیەکگرتووەکان (OCHA) دا هاتووە تا ئێستا 165,000 ڕاگوێزراو لەو کەمپانەدا دەژین کە حکوومەتی هەرێم دابینی ئاب‌وهەوا و هۆکارەکانی نەگەڕانەوەی ڕاگوێزراوان گوتی: لە ڕووی ئەمن و ئاسایشەوە ناوچەکە تا ڕادەیەک ناسەقامگیرە وەک بوونی ژمارەیەکی زۆر شانەی نووستووی داعش و مین و تەقەمەنی و بێبەشبوونی ناوچەکانیان لە خزمەتگوزاری پێویست وەک ئاوی پاک، فریاکەوتنی سەرەتایی، خوێندن و کارەبا، هۆکاری سەرەکی نەگەڕانەوەی ئەم ئاوارانەیە بۆ سەر زێدی خۆیان، تەنانەت بەشێکیان کە کەمپەکانیان جێهێشتوو دووبارە ژیانی نێو کەمپەکانیان هەڵبژاردووە و ئامادە نین بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان. ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەم ڕووەوە زیاتر گوتی: لە دوای ڕووداوەکانی ساڵی 2014 هەرێمی کوردستان زۆرترین ژمارەی ڕاگوێزراوی لەخۆگرتووە، هاتنی ئەم لێشاوەی ئاوارە و پەنابەران بووە هۆی زیادبوونی دانیشتوانی هەرێم بە ڕێژەی 23% ئەمەش قورسایییەکی زۆری لەسەر هەرێم دروستکردووە لە ڕووی ئابووری و دارایییەوە، سەرەڕای ئەمە حکوومەتی هەرێم شوێنی نیشتەجێبوونیان بۆ دابینکردووە لە کەمپەکان کە ژمارەیان دەگاتە 39 کەمپ بۆ ئاوارە و 9 کەمپ بۆ پەنابەرانی ڕۆژئاوا، حکوومەتی هەرێم 70% و نەتەوەیەکگرتووەکان 25%ی و ڕێکخراوە مرۆییەکانی تریش ٥%ی پێداویستییەکانیان دابین دەکەن، هەروەها بەشێکیان لە دەرەوەی کەمپەکان دەژین. زێباری لە بارەی ژمارەی ڕاگوێزراوان گوتیشی: حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری نەتەوەیەکگرتووەکان لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ یارمەتێدانی ڕاگوێزراوان، بەپێی دواین داتا و سەرژمێری کە لە پلانی کاردانەوەی مرۆیی نووسینگەی ڕێکخەری کاروباری مرۆیی نەتەوەیەکگرتووەکان (OCHA) دا هاتووە تا ئێستا 165,000 ڕاگوێزراو لەو کەمپانەدا دەژین کە حکوومەتی هەرێم دابینی دروستکردووە، چونکە بەشێکی زۆریان پێویستیان بە هاوکاری بە پەلە هەیە، بۆیە پێویستە حکوومەتی فیدراڵ بە هاوکاری و ڕێکخراو و ئاژانسەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان گرنگییەکی زیاتر بەم بابەتە بدات لە دابینکردنی هاوکاری و پێداویستییەکانیان یان و زەمینەیەکی لەبار بڕەخسێنێت بۆ گەڕانەوەیان، حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگری لە گەڕانەوەی ئاوارەکان ناکات لە هەمان کاتدا بە زۆر هیچیان ناگەڕێنێتەوە. د. دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم: بەمدواییە مەترسی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا هەڕەشە لە زۆربەی وڵاتان دەکات بۆیە داوا لە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دەکەین گرنگی بە مەترسی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بدەن بەتایبەتی لە کەمپەکان کە ژمارەیەکی زۆری پەنابەر و ڕاگوێزراو لەخۆ دەگرن و ئەگەری تووشبوون بەم ڤایرۆسە لەو شوێنانە زیاترە و کۆنترۆڵکردنیشی کارێکی ئاسان نابێت.

ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان بە بۆنەی 8ی مارس پەیامێک باڵاو دەکاتەوە

بەدەنگێکی بەرز و بە کردار دژی هەر جیاکارییەکی ڕەگەزی و پەراوێزخستنی ڕۆڵی ئافرەتان دەوەستینەوە



ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە بۆنەی 8ی مارس پەیامێکی باڵاوکردەوە و لە بەشێکی پەیامەکەدا هاتووە: ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان بەشانازییەوە یادی هەشتی مارس، ڕۆژی جیهانی ئافرەتان دەکاتەوە، لەم ڕۆژەدا ئێمە ڕێزی بێکۆتاییمان ئاراستەی خانمانی جیهان و کوردستان لە هەموو نەتەوە و ئایین و ئاییننزا جیاوازەکان دەکەین، کە بەشداریەکی کاراو تۆکمەیان لە سرینەوە و هەڵگرتنی ئەو بەربەست و ئاستەنگییانەدا هەبووە.

هەروەها لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەدا هاتووشە: لەم ڕۆژەدا ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان، پشتیوانی خۆی بۆ هەموو ئەو خانمانە دووپات دەکاتەوە کە لە ژوور و هۆڵ و بەڕێوەبەرایەتییەکانی حکوومەت، پۆلەکانی خوێندن، تاقیگەکان و کۆمپانیاکان و...هتد. ئەوانەی کە بەشدارن لە پێشخستنی خێزان و کۆمەڵگەکەیان، هەروەها ئەوانەی کە چارەسەری بۆ ڕێگرتن لە نەخۆشییەکان و هەژاری و کێشەکانی دیکەی کۆمەڵگە دەدۆزنەوە.

ئەنجوومەنی کاروباری خانمان دەشڵێت: هێشتا لەمپەڕ و تەگەرەکان لەپێش وەدیهێنانی پێگەی یەکسان بۆ خانمان زیندوو و بەردەوامن، هێشتا لە هەندێ شوێندا عەقڵییەت و هزرێک پیادە دەکرێت کە مافە سەرەتاییەکان بۆ ژنان و کچان بە ڕەوا نازانێت و ڕێگری لەوە دەکات کە خانمان شوێنپێی شایستەی خۆیان لە کۆمەڵگەدا وەربگرن. ئێمەش وەک دامەزراوەیەکی فەرمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، شانبەشانی ئۆرگانەکانی دیکەی حکوومەت کار بۆ ڕەخساندنی زەمینەیەکی لەبار دەکەین، کە ژنان و کچان ئازادبن لە پێشخستن و دەستنیشانکردنی تواناکانیان و لەگەڵ خێزان، کۆمەڵگە و وڵاتەکەیاندا ژیانێکی شایستەی خۆیان بژین.

لە پەیامەکەدا هاتووشە: هەشتی مارس ئەوەمان بەبیر دێنێتەوە ئێمە جارێکی دیکە جەخت لەسەر یەکسانی جێندەری بکەینەوە، هەروەها ئەو کەسانەش بەبیربێنێتەوە کە لە کۆمەڵگاکەماندا کاریان لە پێناو دابینکردنی یەکسانی بۆ نیوەی کۆمەڵگا کردووە کە لەکۆتاییدا خزمەت بە تەواوی کۆمەڵگا دەکات. وەک چۆن لە بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتدا بە سەرۆکایەتی جەنابی مەسرور بارزانی ئامانجی پێکەوە کۆمەڵگەی کوردستان بە دەنگێکی بەرز و بە کردار دژی هەر جیاکارییەکی ڕەگەزی و پەراوێزخستنی ڕۆڵی ئافرەتان دەوەستینەوە و هەوڵ بۆ ڕەخساندنی کەشێک دەدەین کە ئافرەتان بە توانا و لێهاتوویی خۆیانەوە پێگەی شایستەی خۆیان لە کۆمەڵگەدا وەربگرن و بەشدارێکی کارای ناو کایەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەرێم بن. یەکێک لە هەنگاوەکانی چاکسازی کابینەی نۆیەمی حکوومەت کە بەڕێز مەسرور بارزانی زۆر پێداگری لەسەر دەکات بە دامەزراوەییکردنی دامەزراوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، بۆیە ئێمە وەک ئەنجوومەنی خانمان لەم کابینەیەدا پشتگیری تەواوی جەنابیانمان پێویستە بۆ ئەوەی پرۆژە یاسای ئەنجوومەنی خانمان بنێردرێتە پەرلەمان تاکو ئەم دامەزراوەیەی خانمان وەک دامەزراوەکانی دیکەی حکوومەت ڕێڕەوی یاسایی خۆی وەربگرێت.

جێمس جێفری: ئەو هێرشەی لە ئیدلب کرایە سەر سەربازانی تورکیا بە فڕۆکەی ڕووسیا ئەنجامدراوە



نوێنەری تایبەتی ئەمەریکا بۆ پرسی سووریا، جێمس جێفری ڕایگەیاند لەو باوەڕدا نییم ڕووسیا و ڕژێمی بەشار ئەسەد لە ئیدلب سەرکەوتن بەدەست بهێنن. جێمس جێفری لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ تۆڕی سی بی ئێس نیوزی ئەمەریکی هەڵسەنگاندنی بۆ پێشهات و پەرەسەندنەکانی ڕەوشی ئیدلب کرد و گوتی: پێشتر ڕژێمی بەشار ئەسەد بە پاڵپشتی ڕووسیا ژمارەیەک ناوچەی ڕاپەردستی ئۆپۆزسیۆن کۆنترۆڵکردووتەوە، بەڵام ڕەوشی ئیدلب جیاوازە، گوتیشی: لەو باوەڕەدا نییم ڕووسیا و ڕژێمی بەشار ئەسەد لە ئیدلب سەرکەوتن بەدەست بهێنن، هۆکارەکەشی نەکشانەوەی تورکیایە لە ناوچەکە. جێمس جێفری ئەوەشی گوت: جگە لەوەش بە هۆی هێرشەکانی ڕووسیا و ڕژێمی بەشار ئەسەدەوە چوار ملیۆن پەنابەری دیکە دەچنە پاڵ سێ ملیۆن پەنابەری دیکە کە لە تورکیا نیشتەجێن، ئەوەش دەبێتە بارگرانییەک کە تورکیا نەتوانێت بە تەنها لە ئەستۆی بگرێت.

سەبارەت بەو هێرشەکەی ئەم دواییە کە لە 24ی مانگی ڕابردوودا، کرایە سەر هێزەکانی تورکیا و بەهۆیەوە دەیان سەرباز کوژران، نوێنەری تایبەتی ئەمەریکا بۆ پرسی سووریا، جێمس جێفری سەبارەت بەو هێرشەی لە ماوەی ڕابردوودا لە ئیدلیب لەلایەن سووریاوە کرایە سەر سەربازانی تورکیا و ژمارەیەک سەربازی تورکیا کوژران، گوتی: ئێمە زۆر لەوە دڵنیاین کە ئەو هێرشە بە فڕۆکەی ڕووسیا ئەنجامدراوە. جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە، ئەگەر ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان تورکیا و ڕووسیا ڕووبدات ئەوە گرژییەکانی ناوچەکە ئاڵۆزتر دەکات.

پەرلەمانتاریێکی ئێران

بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانی لەدەستدا

پەرلەمانتاری ئێران لە بازنەی تاران، فاتمە ڕەهبەر بەهۆی توشبوونی بە ڤایرۆسی نوێی کۆرۆنا گیانی لەدەستدا. ئاژانسی نیمچە فەرمی ئێران Tesnim بڵاوی کردەوە پەرلەمانتار لە بازنەی تاران، فاتمە ڕەهبەر لەو نەخۆشخانەیە گیانیلەدەستدا کە بەهۆی توشبوونی بە ڤایرۆسی نوێی کۆرۆنا (کۆڤید-19) لەوێ چارەسەری وەردەگرت.

فاتمەی تەمەن 56 ساڵ کە لە هەڵبژاردنی خولی 11ی پەرلەمانی ئێران کە لە 21ی شوبات ئەنجامدرا، بوو بە پەرلەمانتار و ناوبراو ئەندامی پارتی هاوپەیمانی ئیسلامی بوو، بەوە ناسراوە سەر بە هێڵی نەریتخوازانە.





نیاز عەبدوڵلا عارف

ڕۆڵی ئافرەت لەناو کایەکانی سیاسەت و حکومەتدا

بەڕاورد بە ساڵانی ڕابردوو، شکستی ئەو حزبە سیاسییانەی دەیانویست ئافرەت لە کونجی ماڵەوە بێنێتەوە و پشتیوان بوون بۆ پیاوسالاری، بەهۆی دابونەریتی کۆنەپەرستانە و لە هەمان کاتیشدا چاوکرانەوەی زۆرێک لە خانمان بۆ هەوڵدان و تێکۆشان لەپێناو چەسپاندنی ماف و داخوازییەکانیان و بەشداریکردن لە بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و بەرقەرارکردنی بیری دیموکراسی و یەکترقبوڵکردن لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگە بە گشتی و خانمان بە تایبەتی هەوڵدان بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و پتەوکردنی هەست و هۆش و دڵسۆزی و نیشتمانی و نەتەوەیی لەسەر بنەمای دیموکراسی و پشتگیریکردنیان لە هەنگاوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ئاڕاستەی دەوڵەتی سەربەخۆ، بەتایبەت ئافرەتان ڕۆڵێکی دیاریان هەیە لەناو کایە سیاسییەکاندا و دەرکەوتنێکی بەرچاویان هەیە و دڵسۆزانەش کار دەکەن بۆ بەرەوپێشچوونی پارتە سیاسییەکەیان.

ئافرەت پێش ئەوەی خوشک و کچ و هاوسەر بێت، دایکە و دایکیش خۆی لەخۆیدا پرە لە سۆز و میهرەبانی و خۆشەویستی بۆ کۆرپەکەی، هەموو ئەمانە بە یەکەوە کۆبکەیتەوە لە کایەی سیاسەتدا ڕافەیەکی وردیان بۆ بکەی، دەبینیت کە ئافرەت بەشێوەیەکی ڕاستەقینە و دڵسۆزانە بەشداری کاری سیاسەت دەکات و حکومڕانی باش و بەرەو زیرەکبوونی دەبێت و ڕێژەی ئافرەت لەناو پەرلەمان و بەشێوەیەکی پرۆتۆکۆڵی و بەشداریکردنیان لە کۆبونەوەکاندا و لەبارەی پرۆژەیاسا و بڕیاردانداو ڕۆڵێکی باشیان هەیە و بەرپرسیاریەتی و ئەرکی خۆیان سەلماندووە.

ئەمە موژدەی شەفەقێکی نوێ و جیهانێکی نوێ بە گەلی کورد و کوردستان دەدات، چونکە ململانێ مەزنەکانی میژوو و سروشت و ژیان ئەو ڕاستیەیان سەلماندووە لە هەر کۆمەڵە میژوویەکی پێکەوەژیاوادا کە سیستەمێکیان هەبێت، لە خێڵەوە بەرەو دەوڵەتێکی هەرە مۆدێرن، پێوەری باش یان خراپی ئەو سیستەمە بریتییە لە ڕۆڵ کاریگەری ئافرەت و ئەو بوارەی لەو کۆمەڵگەیە پێیان دەدرێت، چونکە ڕاستیەکی میژوویی هەیە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا هێزی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگە ڕێژەی پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگەیە دیاری دەکات، بۆیە دادپەروەری فرسەتی کار و خوێندن و سەفەر و ئازادیی بڕیاردان لەنێوان نێر و مێ دا وا دەکات کۆی هێزی کۆمەڵگە بەکار بێت لە بەرهەمهێنان و بونیادی سیستەمی دادپەروەری و گۆڕانکاری کۆمەڵگە، چونکە ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە کۆمەڵگە سرووشتێکی داینەمیکی گۆڕانی هەیە و بەردەوام لە گۆڕانداید. وەک ئەوەی حکوومەتی هەرێم هەنگاوی بۆ ناوە کە ئافرەت لە کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا کاریگەری و بوونی هاوتای هەبێت بە پیاوان و موژدەیەکی مەزنی بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و پێشکەوتووخوازە.

پارێزگاری هەولێر: تووشبووەکەی بە کۆرۆنا لە هەولێر باری تەندروستیی جێگیرە



پارێزگاری هەولێر ئاشکرای کرد، هیچ یەکێک لە ئەندامانی خێزانی ئەو ئافرەتەی کە لە هەولێرە و تووشی کۆرۆنا بووە، هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنا نیە.

فرسەت سۆفی، پارێزگاری هەولێر لە پرێس کۆنفرانسێکدا رایگەیاند، تووشبووێکی کۆرۆنا لە هەولێر تۆمار کراوە و باری تەندروستی جێگیرە و لە شوێنێکی تایبەت دانراوە.

ئەوەشی ئاشکرا کرد، خانەوادەکەی هەموویان پشکنینیان بۆ کراوە، هەموویان نێگەتیڤ بوون و هیچیان هەڵگری ڤایرۆسەکە نەبوون. جەختیشی کردەوە کە لەسەر رێوشوێنی خۆپارێزی بەردەوام دەبن و سوپاسی هاوواڵاتیانی هەولێری کرد کە هاوکاریان بوون و داوای لێبووردنیشی لەوانە کرد کە بەهۆی رێوشوێنەکانەوە کە بۆ بەرژەوەندی و سەلامەتیی شارەکەمانە، زەرەرمەند بوون.

فرسەت سۆفی داواشی لە خەڵک کرد، لە گەشت و سەیران خۆتان بپارێزن، هەندێک بڕیاریان داوە بەڵام پێویستی بە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران هەیە و لە رۆژانی داهاتوودا ناشکرا دەکرێن. گوتیشی، دەبێ مۆڵەکان و دوکانەکان لەلایەن خاوەنەکانیان تەعقیم بکرێت، ئێمەش شوێنە گشتییەکان تەعقیم دەکەین، چەند ئیجرائات بکەین، ئەگەر هاوواڵاتیان رێنماییەکان جێبەجێ نەکەن، واتە هیچمان نەکرد، ئەم ماوەیە بەرگە بگرن، ئیشەڵا ئەم نەخۆشییە کورتخایەنە، مەجالی ژیان و گەشت ماوە و با لەبەر منداڵەکانیان و بەرژەوەندیی گشتی، ئەم ماوەیە گەشت بۆ شار و ناوچەکانی دیکە نەکەن.

منداڵەکان بۆیە پشوویانە تا لە ماڵەوە دابنیشین، ئەگەر چوونە گەشت و سەیران، کەواتە هیچمان نەکرد. ئەوەشی نەشارەوە کە ئەوان بەرپرسیارێتی هەڵگرتنی ئەو بڕیارانەی هەیە کە دەدرێن بۆ پاراستنی تەندروستی خۆیان و خێزانەکانیان و کۆمەڵگا.

100 هەزار دار لە خۆدەگرێ
بە بەشداریی وەزیری شارەوانی هەڵمەتێکی فراوانی دارچاندن لە هەولێر دەستی پێکرد



رۆژی پێنجشەمە 5ی ئاداری 2020 وێڕای پشووی فەرمیی حکوومەت و لە سااڵیادی ڕاپەڕینە مەزنەکەی کوردستان بە بەشداریی ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار، د. فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر و سەرۆکی شارەوانیی هەولێر و ژمارەیەک بەرپرسی دیکەی حکوومی، هەڵمەتێکی فراوانی دارچاندن لە شاری هەولێر دەستی پێ کرد و لە قۆناغی یەکەمیشدا هەڵمەتەکە لە گوندی زانکۆ بەڕێوەچوو. وەک ئامادەکاریی فەرمانگە شارەوانییەکانیش بۆ گەشەپێدانی ئەو دارانە دابینکردووە و هەڵمەتەکە لە هەموو ئەو شوێنانەش بەڕێوە دەچێت کە پێویستیان بە زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی هەیە.

شایەنی گوتنە، هەڵمەتی دارچاندن لە شاری هەولێر بە هەماهەنگی و هاوکاری نێوان فەرمانگە شارەوانییەکانی سەر بە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لەگەڵ پارێزگای هەولێر بەڕێوەدەچێت و ئێستاش زیاتر لە شەش هەزار شەتڵی دار دەچێندرێن و ئامانجیش بەرزکردنەوەی ڕێژەی سەوزاییە.

بە دەیان هەزار گوڵ و شەتڵی دار بەرهەمهێنراون، بۆ رازاندنەوەی هەولێری پایتەخت. ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەمیانەی هەڵمەتەکەدا وێڕای پیرۆزبایی‌کردنی یادی ڕاپەڕین لە خەڵکی کوردستان، جەختیشی کردەوە، هەڵمەتەکە سەد هەزار دار لە خۆدەگرێ و بە هەماهەنگی لەگەڵ پارێزگای هەولێر بەڕێوەدەچێت، هەروەها گوتیشی: سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بودجەی پێویستی بۆ سەرنشین لەناو ئۆتۆمبێلەکان کەمتر بێت باشترە و خواردنەکانیش لە ماڵەوە ئامادە بکەن و ڕەنگە لە ڕێگە بچێتە سێ بۆ چوار دوکان، ئەمەش مەترسی دروست دەکات، بۆیە یەک جار خواردنەکان ئامادە بکەن و نەچنە هیچ دوکانێکی دیکە، چونکە نەخۆشییەکە زۆرتر لە ڕێگەی پیس و پاکوخاوێنی بدەن.

پێشمەرگەی قارەمان بابەکر شێخ سێن کرکەمۆیی کۆچی دوایی کرد



خەبات- دەڤەری بارزان- سەفەر ژاوۆکی:

هەبووە، زۆر بە غەریبی گەورە بوو و لە ساڵی 1945 لەگەڵ دوای ململانێکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی پێشمەرگەی ماندوونەناس و هەڤاڵی بارزانیی نەمر بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران بابەکر شێخ سێن کرکەمۆیی لە تەمەنی 89 ساڵی لە پیرمام کۆچی دوایی کرد، تەرمی خوالێخۆشبوو بە ئامادەبوونی بەرپرسانی حزبی و حکومی و لەشکری وجەماوەری دەڤەری بارزان و کەسوکار و هاوسەنگەرانی لە گۆرستانی کرکەمۆی سەربەدەڤەری بارزان بەخاک سپێردرا.

خوالێخۆشبوو ساڵی 1931 لە گوندی کرکەمۆیی لە بنەماڵەیەکی جووتیار و کوردپەوەر سەر بە دەڤەری بارزان لە دایکبووە، لە تەمەنی یەک ساڵانە دا بووە لەگەڵ بنەماڵەی تورکیا ئاوارە ودەربەدەر بووە و هەمان ساڵ باوکی کۆچی دوایی کردووە، تەنها دایک و دوو خوشکی کەسوکاری ئاوارەی ڕۆژهەاڵتی کوردستان دەبێت، لە تەمەنی 15 ساڵی بووە بەشداری لە پاراستنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دەکات، دوای تێکچوونی کۆمارەکە یەکێک لەو هەڤاڵانە بووە کە لەگەڵ رابەریان بارزانیی نەمر بەشداری لە ڕێڕەوە میژوویییەکەدا دەکات و ڕۆژی 1947/6/18 لە ڕووباری ئاراس پەڕینەوە بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران. لە ماوەی ئاوارەی لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران لەگەڵ هەڤاڵەکانی بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لە باکۆ مەشقی سەربازیی پێکراوە و بۆ ماوەی چوار ساڵیش لە کێڵگەی پەمۆدا کاری کردووە. بەشی تێکنیکی ئۆتۆمبێلی لە کۆماری ڕوسیا لە سۆڤیەت تەواو کردووە. ساڵی 1959 لەگەڵ هەڤاڵەکانی بە کوردستان شاد دەبێتەوە، وەک یەکێک لە سەرقوڵەکانی دیاری بەشداری لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دەکات و ڕۆڵی لە داستانەکانی دەڤەری بادینان و سۆران هەبووە، دوای نسکۆی شۆڕش ساڵانێک دیسان ئاوارەی ئێران دەبێت بە هەمان ڕوحیەتەوە دەبێتە پێشمەرگەی شۆڕشی گوڵان و کەسێکی نزیکی سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی و جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی بووە، دوای ڕاپەڕین دەگەڕێتەوە کوردستان، خوالێخۆشبوو جگە لە پێشمەرگایەتی، مرۆڤێکی ڕۆشنبیر و کۆمەڵایەتی و کەسایەتی دیار بووە. لە کۆنگرەی 13ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەن جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی مەدالیای بارزانیی نەمر پێ بەخشراوە.

هێڵی گەرم
بۆ پەیوەندیکردنی خێرا

هاوکات وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هێڵی گەرمی پەیوەندیکردنی 24 کاتژمێری بۆ هاوواڵتیان ڕادەگەیەنێت، لەکاتی هەستکردن بە هەر حاڵەتێکی گوماناوی بەتایبەتی گەشتیارانی گەڕاوە لە دەرەوەی وڵات هاوواڵتیان دەتوانن لە ڕێگەی ئەم ژمارانەوە لە سەرجەم هەرێمی کوردستانداا پەیوەندی بکەن.

دیوانی وەزارەتی تەندروستی
07508169991
07714448100
هەولێر
07503987429
سلێمانی
07718204444
07718205555
دهۆک
07514025338
07514342938
هەڵەبجە
07501365007
07731915151
0538852656
گەرمیان
07480207442
ڕاپەڕین
07705694040
07501613933
کۆیە
07501202218
07701414633

سەرۆکی دەستەی ژینگەی هەرێمی کوردستان:
لە بەهار و وەرزی گەرمادا کۆرۆنا لەناودەچێت



سەرۆکی دەستەی ژینگەی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت: پێویستە خەڵکی کوردستان تا دەکرێت خۆیان بپارێزن و گەشت و سەیران نەکەن، ئەگەر گەشتیش بکەن ڕێنماییەکانی ئێمە جێبەجێ بکەن، چونکە بەپێی زۆرینەی توێژینەوەکان، لە بەهار و وەرزی گەرمادا، ڤایرۆسی کۆرۆنا لەناو دەچێت. د. هەڵۆ عەسکەری، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: ئێمە وەکو دەستەی ژینگەی هەرێمی کوردستان داوا لە هاوواڵتیان دەکەین تا بتوانن گەشت و سەیران ئەنجام نەدەن و لە ماڵەکانی خۆیان بمێننەوە، ئەگەر گەشتیش بکەن با ڕێنماییەکانی ئێمە جێبەجێ بکەن، کە بریتین لەوەی تا ڕێگەی پارە و دراوەوە دەگوازرێتەوە. عەسکەری گوتیشی، کە چوونە گەشتیش لە شوێنێکی تەنیا بن و تێکەڵی خەڵک نەبن و ئاوی ماڵەوە بەکار بێنن و ئاوی دەرەوە بەکار نەهێنن، هەروەها لە ئاژەڵی کێوی نزیک نەبنەوە و کلێنکس بەکار بێنن و پاشماوەی خۆیان فڕێ نەدەن. ناوبراو دەشڵێ: هەموو تۆێژینەوەکانی بەردەستی ئێمە و ئەوانەی جیهانی، باس لەوە دەکەن کە چەند بەرەو بەهار بچین و کەشوهەوا گەرم بێت، ڤایرۆسی کۆرۆنا لەناو دەچێت، ئەگەر ڤایرۆسەکە نەگۆڕێت، ئەگەر گۆڕاش باس لەوە دەکرێ ڕەنگە لە 30 پلە زیاتر خۆی نەگرێت و لەناو بچێت، بەڵام هەر چۆنێک بێت پێویستە جارێ خۆیان بپارێزن و ڕێنماییەکان جێبەجێ بکەن و گرنگیی زۆر بە پاکوخاوێنی بدەن.

لە ساڵرۆژی لەدایکبوونی باوکی ڕۆحیی نەتەوەی کورد بارزانیی نەمر هەزاران نەمام دەچێنرێن



مسلم دزلەمەری- بارزان:

لەیادی 14ی 3 ساڵرۆژی لە دایک بوونی باوکی ڕۆحیی نەتەوەی کورد بارزانیی نەمر، ڕێکخراوی هەناسە لە ڕێکخراوی هەناسە بۆ ژینگەپارێزی وەکو ئەرک و کاری هەمیشەییمان ئەمساڵ بە هاوکاری چەند لایەنێک و ژمارەیەکی بەرچاو لە ژینگەدۆستان و ڕۆشنبیران و دایکی شەهیدان و ژینگە پارێزانی سنووری پارێزگای دهۆک لە نزیک بونەوە لە ساڵرۆژی لە دایک بونی باوکی کوردبارزانی نەمر دەستمان کردووە بە چاندنی نەمام لە سنووری پارێزگای دهۆک کە نەمامەکانیش هەم داری بەردارو داری جوانین، ئەم هەڵمەتە تا 3/ 14 بەردەوام دەبێت لە زۆربەی ناوچەکانی پارێزگای دهۆک و بگرە دەڤەری بارزانیش، چونکە بربارماندواوە ئەمساڵ بە پێی توانا و کاتمان هەزاران نەمام بچێنین. لەکۆتاییدا سوپاس بۆ ئێوەو تەواوی هاوکارانمان لەم پرۆژە نیشتمانی و ژینگەی و بەجوانیکردن و سەوزکردنی کوردستانی خۆشەویستمان.

تەواوی زێڕی زێڕینگرێکی سۆران دزرا



شەوی ڕابردوو چەند کەسێک دوکانێکی زێڕینگرێکیان لە بازاڕی قەزای سۆران بڕیووە و تەواوی زێڕەکەشیان بردووە. بەگوێرەی زانیارییەکان ئەو کەسانەی زێڕەکەیان دزیوە لە ژێر دوکانەکە تونێلیان لێداوە. سەرچاوەیەکی ئاگادار بە کوردستان 24ی ڕاگەیاند: شەوی ڕابردوو چەند کەسێک زێڕینگری دەرگەلە-یان لە بازاڕی سۆران بڕیووە و تەواوی ئەو زێڕەی لە دوکانەکەدا هەبوو بردویانە. گوتیشی: ئەو کەسانە لە ڕێگەی تونێلەوە چوونەتە ناو دوکانەکە، بۆیە نە پاسەوانی بازاڕ ئاگادار بووە، نە لە کامێرای چاودێریش دەرچووە. شەماڵ دێواری، وتەبێژی پۆلیسی سۆران هەواڵەکەی بۆ کوردستان 24 پشتڕاست کردەوە و گوتی: ئێستا سەرقاڵی لێکۆڵینەوەکانین لەسەر ڕووداوەکە، لە داهاتوودا زانیاری لەبارەی ڕووداوەکە دەخەینەڕوو. بەگوێرەی زانیارییەکانی کوردستان 24، 40 کیلۆ زێڕ و زیاتر لە 300 هەزار دۆلار لەو زێڕینگرە درزاوە.

هاونیشتیمانیان سەردانیکردنی بازاڕ و مۆڵ و شوێنە گشتییەکانیان کەمکردووەتەوە



کۆرۆنا جموجوڵی بازاڕی خاوکردووەتەوە

خەبات/عەلی بانیشاری

بەوتەی دوکاندارەکانی بازاڕی گەورەی شاری هەولێر پاش تووشبوونی چەند هاونیشتیمانییەک بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان جموجوڵی بازاڕ وەکو جاران نەماوە و خاووبووەتەوە. ئەوان دەڵێن: کەمبوونەوەی سەردانیکردنی بازاڕ و شوێنە گشتییەکان و مۆڵەکان لە پێناو خۆپاراستنی هاونیشتیمانیان لە کۆرۆنا کارێکی باشە و هەوڵەکانی حکوومەتیش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسەکە کاریگەری باشی دەبێت. لە دوێنێ شەمەوە هەڵمەتێکی ڕشتنی دەرمان لەهەولێر و سلێمانی دەستی پێکردووە و بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک بەردەوام دەبێت.

کەریم سەعید، دوکاندارێکی بازاڕی قەیسەری شاری هەولێرە و دەڵێت: لەگەڵ دەستپێکردنی هەنگاوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و بڵاوکردنەوەی ڕێنماییە تەندروستییەکان هاوڵاتیان بەمەبەستی خۆپاراستن و دوورکەوتنەوە لە قەرەباڵخی سەردانیکردنی بازاڕیان کەمکردەوە. دەشڵێت: پاش ئەوەی چەند هاونیشتیمانییەک لە هەرێمی کوردستان تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون جموجوڵی بازاڕ وەکو جاران نەما. ئەوەشی گوت: خابوونەوەی جموجوڵی بازاڕ تا ئەو کاتە بەردەوام دەبێت کە مەترسی لەسەر ڤایرۆسەکە کەم ببێتەوە.

ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بڕیاری کەمکردنەوەی بارگرانی ئەو زیانەی داوە کە بەهۆی ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە کۆرۆنا بەر شوێنە بازرگانییەکان دەمەوێت. ئەوەش بە ڕاسپاردنی وەزیرە پەیوەندیدارەکان بە جێبەجێکردنی ڕێکاری یاسایی پێویست لە ڕێگەی چاوخشاندووە بە کرێ و باجی داهاتی ئەو شوێنانە و بە ئاراستەی کەمکردنەوەیان بە جۆرێک ڕەچاوەی زیانە داراییەکانیان بکرێت.

گەیلان ئومێد، دوکاندارێکی بازاڕی لەنگەی شاری هەولێرە، ئەو دەڵێت: پێش بڵابوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا جموجوڵی بازاڕ زۆر باشبووە، بەڵام لەو کاتەوە ڤایرۆسەکە ناوچەکەی گرتووەتە خەڵک زۆر کەم سەردانمان دەکەن. گەیلان دوکانی جلوبەرگی پیاوانی هەیە و دەشڵێت: ئێستا ئەگەر کەسێک زۆر پێویست نەبێت سەردانی بازاڕ و مۆڵ و شوێنە گشتییەکان ناکات، چونکە زۆرینەی ڕێنماییەکان تەندروستی جێبەجێ دەکەن و قەرەباڵخی دروست ناکەن. ئەوەشی گوت: ئەو دوکاندارانەی کرێ دەدەن، زیانی زۆر دەکەن، چونکە شتومەک و کاڵاکایان وەکو پێویست نافرۆشرێن و دەبێت سەری مانگیش کرێ بدەنە خاوەن دوکان.

لە ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتووە بۆ خۆپارستن لە کۆرۆنا دەبێت هاونیشتیمانیان لە شوێنە قەرەباڵخ و داخراوەکان دور بکەونەوە. ئاراس ئەسکەندەر، لە بازاڕی شێخەڵڵای لەسەر عەرەبانییەک(تووربە، تەماتە، بایجان، سلق، خەیار)ی داناوە. ئەو گوتی: لەگەڵ دەنگۆی بڵابوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا جموجوڵی بازاڕ خابووبەوە، جاران ئەم بازارە جمەی دەهات، بەڵام ئێستا وا نەماوە و ئەگەر خەڵکی زۆر پێویست نەبێت سەردانی بازاڕ ناکات.

جەرگ و فەلافل و فینگەرمان دەفرۆشت، بەڵام ئێستا دابەزیووە بۆ نیووە.

ئازاد نادر، لە شەقامی نیسکان دوکانێکی خواردنی خێرایی هەیە. ئەو باسلەوە دەکات بڵابوونەوەی کۆرۆنا تەواو کاری ئەوانی سست کردووە. دەڵێت: پێشتر ڕۆژانە نزیکە هەزار لافەی مریشک و جارانێنە لامان و دەرەوە نان دەخۆن. ئەوەشی گوت: ئەگەر کەسێک ناچار نەبێت ئەوا لەم دۆخەدا ئامادەنییە نانی دەرەوەی بخۆت، چونکە هاوڵاتیان.

محەمەد کەریم، پزیشکە لە نەخۆشخانەی منداڵانی فێرکاری هەڵەبجە و لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بەردەوام ڕێنمایی لەسەر ڤایرۆسی کۆرۆنا بڵاودەکاتەوە. ئەو دەڵێت: تاکە چارەسەر بۆ خۆپاراستن لە کۆرۆنا گرتنەبەری ڕێوشوێنی تووندترە، کۆرۆنا زۆر لەوە ترسناکترە کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتی و دەزگا میدیاییەکان باس دەکرێت.

دەشڵێت: پێویستە هەموو جۆرە قەرەباڵخییەک قەدەغە بکرێت و هاوڵاتیان لە بازاڕ و مۆڵەکان دور بکەنەوە. پێشی وایە ماڵەوە پاریزراوترین شوێنە لە کۆرۆنا. ناوبراو ئەوەشی گوت: بۆ خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا پێویستە هاتووچۆی نێوان شارەکان لایەنی کەم بۆ ماوەی 5مانگ نەمێنێنت.

ڤایرۆسەکە گەیشتۆتە 96 وڵات

ژمارەی تووشبووان بە کۆرۆنا لە جیهاندا 102 هەزار کەسی تێپەڕ کرد



حکوومەتی هەرێم ڕێوشوێنی پێویست و زیاتر بۆ سنووردارکردنی هاتوچۆ لە بنکە و بازگە و دەروازە سنوورییەکان دەگرێتەبەر

خەبات–عەلی بانیشاری

ڕێوشوێنەکانی خۆپاراستن و بلاتەبوونەوەی زیاتری ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەرتاسەری جیهان چڕتر کراونەتەوە. لە دواین هەوڵیشدا بۆ خۆپارێزی لە کۆرۆنا سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ وەزیری تەندروستی ئەمریکا و خاوەن کۆمپانیاکانی دەرمان کۆبوویەوە. ترامپ بە ڕۆژنامەنووسانی گوت: دەبێت سنوورەکان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دابخرێن. تەندروستی چینیش ڕایدەگەیەنێت ژمارەی تووشبووان بە کۆرۆنا ڕووی لە کەمی کردووە. هەرچی سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیشە حکوومەتی هەرێم لە کۆتایی هەفتەی ڕابردووە هەنگاوی نوێی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا گرتەبەر.

بەپێی ئامارە فەرمییەکانی وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تائێستا 8کەس لە پارێزگای سلێمانی تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و یەکێکیان کە مامۆستایەکی ئایینی بووە گیانیلەدەستداوە. لە پارێزگای هەولێریش یەک کەس تووشی ڤایرۆسەکە بووە کە ئافرەتێکی 33ساڵە. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی زیاتری ڤایرۆسەکە چوار شەمەی ڕابردوو ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆبوویەوە و چەند بڕیار و ڕێنماییەکی تەندروستی دەرکرد. لەوانەش: گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست و زیاتر بۆ سنووردارکردنی هاتوچۆ لە بنکە و بازگە و دەروازە سنوورییەکان، بێ ئەوەی کار لە جموجوڵی بازرگانی بکات. هەروەها ڕاگرتنی ڕێورەسمە ئاینییەکان لە (مزگەوت، کڵێسا، پەرستگاکان) بە وتاری ڕۆژی هەینیشەوە تا کاتێکی نادیار، داخستنی پێشانگاکانی ئۆتۆمبێل تا یەکی مانگی داهاتوو، قەدەغەی سەفەرکردن بۆ چەند وڵاتێک.

لە هەرچوارچێوەی هەڵمەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و ئامادەکارییەکان بۆ ئەو مەبەستە لە شاری هەولێر نەخۆشخانەیەک تایبەت کراوە بۆ هەر خاڵەتێکی تووشبوون بە کۆرۆنا. لە پارێزگای سلێمانیش نەخۆشخانەیەکی 30قەرەوێلەیی تایبەت بە کۆرۆنا لە تەواوبوونداید.

بەپێی ئامارە فەرمییەکانی وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تائێستا 8کەس لە پارێزگای سلێمانی تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و یەکێکیان کە مامۆستایەکی ئایینی بووە گیانیلەدەستداوە. لە پارێزگای هەولێریش یەک کەس تووشی ڤایرۆسەکە بووە کە ئافرەتێکی 33ساڵە. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی زیاتری ڤایرۆسەکە چوار شەمەی ڕابردوو ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆبوویەوە و چەند بڕیار و ڕێنماییەکی تەندروستی دەرکرد. لەوانەش: گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست و زیاتر بۆ سنووردارکردنی هاتوچۆ لە بنکە و بازگە و دەروازە سنوورییەکان، بێ ئەوەی کار لە جموجوڵی بازرگانی بکات. هەروەها ڕاگرتنی ڕێورەسمە ئاینییەکان لە (مزگەوت، کڵێسا، پەرستگاکان) بە وتاری ڕۆژی هەینیشەوە تا کاتێکی نادیار. د.هەرێم ستار، پزیشکی پسپۆڕی هەناوی دەڵێت: کاتی ئەوە هاتووە بترسین و چی دیکە کۆرۆنا تەنها لە چین و ئێران نییە، لەنێو ئێمەشدا هەیە. دەشڵێت: کۆرۆنا دوژمنی هەموانە وناوبراو خەخت لەسەر جێبەجێکردنی ڕێنماییە تەندروستییەکان دەکاتەوە و دەڵێت: کاتی ئەوە هاتووە ڕێنماییە تەندروستییەکان بێتە کردار. گوتیشی: ژمارەی تووشبووان بە کۆرۆنا لە کۆریای باشوور و ئیتالیا و ئێران و ئەڵمانیا زیادیکردووە، بۆیە دەبێت لە هەموو کات زیاتر پایەندی ڕێنماییەکان بین.

ئەوەشی گوت: ئەگەر کەمکردنەوەی قەرەباڵخی تەنها داخستنی مزگەوت و شوێنە ئایینییەکان بێت، ئەوا هیچ سوودێکی نییە، چونکە شوێنەکانی دیکە جمەیان دێت. حکوومەتی هەرێم بەمەبەستی خۆپارستن و ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا تائێستا چەند بڕیارێکی داوە. لەوانەش: ڕاگرتنی دەوامی لە ناوەندەکانی خوێندن، داخستنی دەروازە سنوورییەکان بەڕووی هاتووچۆی گەشتیاریدا، کەمکردنەوەی دەمی دام و دەزگاکانی حکوومەت، ڕاگرتنی ڕێورەسمە ئاینییەکان لە (مزگەوت، کڵێسا، پەرستگاکان) بە وتاری ڕۆژی هەینیشەوە تا کاتێکی نادیار، داخستنی پێشانگاکانی ئۆتۆمبێل تا یەکی مانگی داهاتوو، قەدەغەی سەفەرکردن بۆ چەند وڵاتێک.

لە هەرچوارچێوەی هەڵمەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا تەنها لە چین و ئێران نییە، لەنێو ئێمەشدا هەیە. دەشڵێت: کۆرۆنا دوژمنی هەموانە وناوبراو خەخت لەسەر جێبەجێکردنی ڕێنماییە تەندروستییەکان دەکاتەوە و دەڵێت: کاتی ئەوە هاتووە ڕێنماییە تەندروستییەکان بێتە کردار. گوتیشی: ژمارەی تووشبووان بە کۆرۆنا لە کۆریای باشوور و ئیتالیا و ئێران و ئەڵمانیا زیادیکردووە، بۆیە دەبێت لە هەموو کات زیاتر پایەندی ڕێنماییەکان بین.

ئەوەشی گوت: ئەگەر کەمکردنەوەی قەرەباڵخی تەنها داخستنی مزگەوت و شوێنە ئایینییەکان بێت، ئەوا هیچ سوودێکی نییە، چونکە شوێنەکانی دیکە جمەیان دێت. حکوومەتی هەرێم بەمەبەستی خۆپارستن و ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا تائێستا چەند بڕیارێکی داوە. لەوانەش: ڕاگرتنی دەوامی لە ناوەندەکانی خوێندن، داخستنی دەروازە سنوورییەکان بەڕووی هاتووچۆی گەشتیاریدا، کەمکردنەوەی دەمی دام و دەزگاکانی حکوومەت، ڕاگرتنی ڕێورەسمە ئاینییەکان لە (مزگەوت، کڵێسا، پەرستگاکان) بە وتاری ڕۆژی هەینیشەوە تا کاتێکی نادیار، داخستنی پێشانگاکانی ئۆتۆمبێل تا یەکی مانگی داهاتوو، قەدەغەی سەفەرکردن بۆ چەند وڵاتێک.

لە هەرچوارچێوەی هەڵمەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا تەنها لە چین و ئێران نییە، لەنێو ئێمەشدا هەیە. دەشڵێت: کۆرۆنا دوژمنی هەموانە وناوبراو خەخت لەسەر جێبەجێکردنی ڕێنماییە تەندروستییەکان دەکاتەوە و دەڵێت: کاتی ئەوە هاتووە ڕێنماییە تەندروستییەکان بێتە کردار. گوتیشی: ژمارەی تووشبووان بە کۆرۆنا لە کۆریای باشوور و ئیتالیا و ئێران و ئەڵمانیا زیادیکردووە، بۆیە دەبێت لە هەموو کات زیاتر پایەندی ڕێنماییەکان بین.


ئەوەشی گوت: ئەگەر کەمکردنەوەی قەرەباڵخی تەنها داخستنی مزگەوت و شوێنە ئایینییەکان بێت، ئەوا هیچ سوودێکی نییە، چونکە شوێنەکانی دیکە جمەیان دێت. حکوومەتی هەرێم بەمەبەستی خۆپارستن و ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا تائێستا چەند بڕیارێکی داوە. لەوانەش: ڕاگرتنی دەوامی لە ناوەندەکانی خوێندن، داخستنی دەروازە سنوورییەکان بەڕووی هاتووچۆی گەشتیاریدا، کەمکردنەوەی دەمی دام و دەزگاکانی حکوومەت، ڕاگرتنی ڕێورەسمە ئاینییەکان لە (مزگەوت، کڵێسا، پەرستگاکان) بە وتاری ڕۆژی هەینیشەوە تا کاتێکی نادیار، داخستنی پێشانگاکانی ئۆتۆمبێل تا یەکی مانگی داهاتوو، قەدەغەی سەفەرکردن بۆ چەند وڵاتێک.

لە هەرچوارچێوەی هەڵمەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا تەنها لە چین و ئێران نییە، لەنێو ئێمەشدا هەیە. دەشڵێت: کۆرۆنا دوژمنی هەموانە وناوبراو خەخت لەسەر جێبەجێکردنی ڕێنماییە تەندروستییەکان دەکاتەوە و دەڵێت: کاتی ئەوە هاتووە ڕێنماییە تەندروستییەکان بێتە کردار. گوتیشی: ژمارەی تووشبووان بە کۆرۆنا لە کۆریای باشوور و ئیتالیا و ئێران و ئەڵمانیا زیادیکردووە، بۆیە دەبێت لە هەموو کات زیاتر پایەندی ڕێنماییەکان بین.

ئەوەشی گوت: ئەگەر کەمکردنەوەی قەرەباڵخی تەنها داخستنی مزگەوت و شوێنە ئایینییەکان بێت، ئەوا هیچ سوودێکی نییە، چونکە شوێنەکانی دیکە جمەیان دێت. حکوومەتی هەرێم بەمەبەستی خۆپارستن و ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا تائێستا چەند بڕیارێکی داوە. لەوانەش: ڕاگرتنی دەوامی لە ناوەندەکانی خوێندن، داخستنی دەروازە سنوورییەکان بەڕووی هاتووچۆی گەشتیاریدا، کەمکردنەوەی دەمی دام و دەزگاکانی حکوومەت، ڕاگرتنی ڕێورەسمە ئاینییەکان لە (مزگەوت، کڵێسا، پەرستگاکان) بە وتاری ڕۆژی هەینیشەوە تا کاتێکی نادیار، داخستنی پێشانگاکانی ئۆتۆمبێل تا یەکی مانگی داهاتوو، قەدەغەی سەفەرکردن بۆ چەند وڵاتێک.

لە هەرچوارچێوەی هەڵمەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا تەنها لە چین و ئێران نییە، لەنێو ئێمەشدا هەیە. دەشڵێت: کۆرۆنا دوژمنی هەموانە وناوبراو خەخت لەسەر جێبەجێکردنی ڕێنماییە تەندروستییەکان دەکاتەوە و دەڵێت: کاتی ئەوە هاتووە ڕێنماییە تەندروستییەکان بێتە کردار. گوتیشی: ژمارەی تووشبووان بە کۆرۆنا لە کۆریای باشوور و ئیتالیا و ئێران و ئەڵمانیا زیادیکردووە، بۆیە دەبێت لە هەموو کات زیاتر پایەندی ڕێنماییەکان بین.

ئەوەشی گوت: ئەگەر کەمکردنەوەی قەرەباڵخی تەنها داخستنی مزگەوت و شوێنە ئایینییەکان بێت، ئەوا هیچ سوودێکی نییە، چونکە شوێنەکانی دیکە جمەیان دێت. حکوومەتی هەرێم بەمەبەستی خۆپارستن و ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا تائێستا چەند بڕیارێکی داوە. لەوانەش: ڕاگرتنی دەوامی لە ناوەندەکانی خوێندن، داخستنی دەروازە سنوورییەکان بەڕووی هاتووچۆی گەشتیاریدا، کەمکردنەوەی دەمی دام و دەزگاکانی حکوومەت، ڕاگرتنی ڕێورەسمە ئاینییەکان لە (مزگەوت، کڵێسا، پەرستگاکان) بە وتاری ڕۆژی هەینیشەوە تا کاتێکی نادیار، داخستنی پێشانگاکانی ئۆتۆمبێل تا یەکی مانگی داهاتوو، قەدەغەی سەفەرکردن بۆ چەند وڵاتێک.



تەندروستی عێراق ئاشکرایکرد تائێستا 39کەس لە عێراقدا تووشی کۆرۆنا بوون و سێ کەسیش مردوون کە دووانیان لە بەغدان و یەکێکیان لە کەربەلا. بەو پێیشە بێت ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسەکە زیادیکردووە. ڕۆژی چوار شەمە د.سەیف بەدر، وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی عێراق ڕایگەیاند تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە عێراق باری تەندروستیان جێگیرە شانەی قەیرانەکانی عێراق بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا ڕۆژی هەینی بڕیاریدا فەرمانبەران نیووە دەوام بکەن و هەموو جۆرە گردبوونەوەیەک قەدەغە بکرێت و پرۆسەی خوێندن تا 21ی ئەم مانگە ڕابگیرێت.

مالپەڕی worldometer ئەمریکی کە تایبەتە بە ئامار و زانیاریە جیهانییەکان دوێنێ شەمە ئاماری نوێی تووشبووانی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا بڵاوکردەوە. بەپێی دواین ئاماری مالپەڕەکە لە سەرتاسەری جیهاندا (102,242) کەس تووشی ڤایرۆسەکە بوون، لەو ژمارەیش (3,497) کەسیان گیانلەدەستداوە و (57,629) کەسیان چاکبوونەتەوە. ژمارەی تووشبووان بە کۆرۆنا لە جیهاندا سات بە سات گۆڕانکاری بەسەردا دێت و بەرز دەبێتەوە. ڕێکخراوی تەندورستی جیهانی بڵاوکردووتەوە لە 80% تووشبووان بە کۆرۆنا بەبێ وەرگرتنی هیچ چارەسەرێک چاک دەبنەوە.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵەکانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا زیاتر چڕکردووەتەوە. 5ی ئادار وەزیری تەندروستی ئەمریکا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند پزشکانی واشنتۆن لە ماوەیەکی دیاریکراودا توانیوویانە پەرە بە ڤاکسینێکی تایبەت بە کۆرۆنا بدەن. بەپێی ئامارە فەرمییەکان تائێستا لە ئەمریکا 335کەس تووشی کۆرۆنا بوون و 17کەسیش گیانیلەدەستداوە. ڕۆژی پێنج شەمە لە چوارچێوەی هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکا 8ملیار و 300ملیۆن دۆلاری تەرخانکرد.

بەپێی ئامار و زانیارییەکانی مالپەڕی worldometer ژمارەی تووشبووان بە کۆرۆنا لە وڵاتی چین کە پلەی یەکەمی گرتووە تا دوێنێ شەمە گەیشتووەتە 80,651کەس هەر لە چین 3070کەس بەهۆی ڤایرۆسەکەوە مردوون. هەفتەی ڕابردوو کۆمسیۆنی تەندروستی چین ڕایگەیاند ژمارە تووشبووان بە کۆرۆنا ڕووی لە کەمی کردووە بۆ 125 کەس لە ماوی شەو و ڕۆژێکدا. هەرچی سەبارەت بە کۆریای باشووریشە کە لە پلەی دووەمی تووشبووان بە کۆرۆنا دێت 6,767کەس هەڵگری ڤایرۆسەکەن، هەر بەپێی ئاماری مالپەڕی world-ometerلە کۆریا تەنها 44 کەس بەهۆی کۆرۆناوە مردوون. پاشان ئێران لە پلەی سێیەمدا دێت، بەشێوەیەک لەو وڵاتە 4,747تووشی ڤایرۆسەکە بوون و 124کەسیش مردوون. ئیتالیا لە پلەی چوارمدا دێت لە ژمارەی تووشبووان بە کۆرۆنا، لەو وڵاتە 4,636 کەس تووشی ڤایرۆسەکە بوون و 197کەسیش گیانلەدەستداوە.

ڕۆژی چوار شەمە حەسەن ڕۆحانی، سەرۆک کۆماری ئێران ڕایگەیاند: کۆرۆنا سەرجەم ناوچەکانی ئێرانی گرتووە و بوودتە مەترسییەکی گەورە. بۆ ڕۆژێ دواتر سەعید نەمەکی، وەزیری تەندروستی ئێران گوتی: کۆرۆنا مەترسیدارە و پێویستە ڕێوشوێنەکانی خۆپارێزی تووندتر بکەین. پێشتریش عەلی خامنەیی، ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی ئێران گوتبووی: بۆ ڕێگری لە زیاتر بڵاوبونەوەی کۆرۆنا دەبێت خەڵکی ئێران پایەندی ڕێنماییە تەندروستییەکان بن.

تا چەند دادپەروەری لە وەرگرتنی خوازیاراندا کراوە؟

ئەنجامەکانی وەرگرتنی ماستەرو دکتۆرا ڕاگەیەنرا، 4080 پێشکەشکار وەرگیراون



خەبات/ ڕێژنا عەلی

هەفتەی ڕابردوو ئەنجامی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی وەرگرتنی خوازیاران بۆ خوێندنی ماستەرو دکتۆرا ڕاگەیەنراو بەوتەی وەزارەتی خوێندنی بالآو توێژینەوەی زانستی 75%ی کورسییە تەرخانکراوەکان پڕکراونەتەوە و لە کۆی 4938پێشکەشکار 3685پێشکەشکار وەرگیراون ، هاوکات 204وەرگیراو کە بریتیین لە کەسوکاری سەربەرزی پلە یەکی شەهیدان و ئەنفالکراوان و 7وەرگیراوی نابینا بە ڕێژەی 100%وەرگیراون، وەزارەتی ناوبراو ڕایگەیاندووە کە ئەم ڕێژەیە یەکانگیرە لەگەڵ توانای مرۆیی و زانستی و مادی زانکۆکانی کوردستان و تەواوکەری پێداوستی بازاری کاری کوردستانە بە هەردو کەرتی گشتی و تایبەت، جگە لە وانە 395خوازیاریش لە خوێندنی دبلۆمی بالآی یەک ساڵەیی وەرگیراون کە کۆی گشتی وەرگیراوان لە خوێندنی دبلۆمی بالآی یەک ساڵەی ئەکادیمی و ماستەر و دکتۆرا لە سەرتاسەری زانکۆکانی کوردستان بۆ ساڵی-2019 2020دەبێتە 4080وەرگیراو، بریاریشە مانگی شەشی ئەمساڵ حوزەیرانی ٢٠٢٠خولێکی دیکەی خوێندنی دبلۆمی بالآ و ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆکانی کوردستان ڕابگەیەندرێت و پرۆسەی پێشکەشکردن دەست پێدەکات ئەو خوازیارانەی لە (تاقیکردنەوەی توانستی زانستی) دەرچون، بەڵام بە هۆی نەمانی کورسی خوێندن وەرنەگیراون، ئەوا لە خولی داهاتووی مانگی شەشی ئەمساڵ سەریشک دەکرێن بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی زانستی، یان بەو نمرەیەی کە لەخولی یەکەمدا بەدەستیان هێناوە بچنە پێشبرکێ لەسەر کورسییەکان، بە مەرجێک لە کاتی دوبارە ئەنجامدانەوەی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی نمرەی دوایین تاقیکردنەوەی بۆ هەژمار دەکرێت.لاپەڕەی پەروەردە ڕاپۆرتێکی لەمبارەیەوە ئامادەکرد.

تەرخانکردنی کورسییەکان

لەبارەی ئەوەی کە ئایا ئەم پرۆسەیە هەر لەسەرەتاوە تاچەند کورسییەکان دادپەروەرانە لە نێوان وەزارەتەکاندا تەرخانکرابوون؟ وشیار عەلی حوسێن وەک خوازیارێک کەلە تاقیکردنەوەکە دەرچووە لە وەرنەگیراوەکانە وتی : بەبێ لەبەرچاوگرتنی کەموکورتییەکان ، تەواوی کۆی خودی پرۆسەکە ، لە خۆیدا ، بە دەسکەوتێکی گەورە بۆ وەزارەتی خوێندنی بالآ هەژمار دەکرێت . ئەمەش ئەگەر سەیری بکەین هەم لایەنی مەعنوی ، هەمیش لە ڕووی دارایییەکەیەوە ، سەبارەت بە یەکەم لایەن ئەگەر شەن و کەوی ئەوە بکەین تا چەند دادپەروەریی لە نێوان وەزارەتەکان و کورسی بۆ تەرخانکراویان جێبەجێکرا ، ئەوا بە دڵنیاییەوە ؛ وەزارەتەکان بە گشتی و نەخاسمە پەروەردە کەمتر ، مەندە ؟وتی : بەڵێ لە کۆی ٩ کورسی دکتۆرا لە بەشی کۆمەڵناسی لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی ٨ کورسی بۆ خۆیان مسۆگەرکردووە. بە هەمان شێوە لە بەشی عەرەبی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەڵاحەددین دوای ئەوە بەشی ناوبراو ڕایگەیاند کە دوو کورسی دکتۆرا لە گشتی بۆ ئەدەبی عەرەبی تەرخانکراوە ، دوو بەرێز پاش پێشکەشکردنی مامەڵە و دەرچوون لە تاقیکردنەوەکان ، کەچی ڕۆژێک پێش ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان ، وەزارەت هەردووکیان ئاگادار دەکاتەوە کە هەڵە ڕوویداوە لە جۆری کورسیەکان ، ناوەکانیان لە لیستی ئەنجامەکانیش دەردەهێنن.

ئەمە دوو بەڵگەی کۆنکرێتین لە چەندان نموونەی دیکە کە گەواهی دەدەن سەرجەم زانکۆکان هێندەی لە خەمی ژمارەی بەشداربووانی سەر بە خۆیان بوون ، هێندە لە مشووری پرۆسەکە نەبوونە ئەگەرچی ژمارەیەکی کەمیش لە دەرەوەی خۆیان وەرگیرا بن. هەرچی پەیوەندی بە دارایی‌شەوە هەیە بێگومان دەرکەوت کە پەروەردە و وەزارەتەکانی دیکە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند و گرنگ بوون بۆ دابینکردنی خەرجی و داهاتی پرۆسەکە . کە ئومێد دەکەم تێڕوانینەکە وا نەبێت.

زۆری ژمارەی وەرگیراوان

دەربارەی ئەوەشی کە هەمووان باس لەوەدەکەن ئەم ژمارەیە زۆرە لە وەرگیراوان و پێیان وایە نەئەبوو بەلێشاو وەرگرتن هەبێت بەبەراورد بەسالآنی پێشوو ئەو خوازیارە وتی: نەخێر ، بە بەراورد بە سالآنی پێشوو دەبوایە دوو هێندە و زیاتریش بووایە ، چونکە سالانێکە دەرگای خوێندنی بالآ داخراوە ، ڕەنگە ئەمەش هۆکار بێت کە ژمارەکە بەشی ئەوە ناکات سەرلەبەری خوێندکاران وەربگیرێن . بۆیەکا ، بێ متمانەیی بەشێکیان لە ئاست پرۆسەکە ناچار بەوبیان دەکات ڕووبکەنە دەرەوەی هەرێم . بۆ زانیاریتان لە وڵاتان ، خوێندنی بالآ بە پێچەوانەی ئێرە کراوەیە و خەڵکی ئارەزوومەندانە بەبێ سانسۆر داواکاری پێشکەش دەکات و هیچ پێویستیەکی بە کە ئایا تاچەند پێتان وایە خوێندنی بالآ ئەوەندەی بۆ بەرزکردنەوەی ئیمتیازو ناوبانگە بۆ بەرزکردنەوەی زانست نییە؟ لەوبارەیەوە وشیار عەلی وتی : لە ڕاستیدا، ناکرێت نکۆڵی لەم گرفانەیەدا بکرێت، کە بەشێکی هێجگاری بۆ دەسکەوتە و کەمتری بۆ بوارە زانستیەکەیە. بەڵام ،بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە ، و خۆ قورتارکردن لەم ئیشکالیەتە، با پابەندبین بە ڕێسا چۆنیەتی لایەنی زانستیەکەش بکەین ، ئەوا پێتان دەڵێم : کەم تا زۆر ژمارەیەک لە مامۆستایانی پەروەردە هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و دکتۆران ، و سالانێکی زۆرە بۆ پێدانی نازناوی زانستی خوێندنی بالآ ڕەزامەندی نادەن و دەستی دەستی و ئەمڕۆ سبەیان پێدەکەن ، ئەمە لە کاتێکدا لە پەروەردە کادری لێوەشاوەو ئەهلی قەڵەمی تێدایە ، و هەم لە ئیمتیازەکە بێبەشین کە دەکاتە 15% نەوەیەکی باش ، ئیمەش بۆیە وەرنەگیاوین ، چونکە کێشە لە دابەش کردنی کورسیەکان هەیە..

نادادی لەڕیز بەندی و خاڵ بەندی

ئاسۆ فەرحان محەمەد، خوازیارێکی دەرنەچوو لەبارەی ئەوەی کە تاچەند پرۆسەکە لەسەر بنەمای زانستی و دوور لە دەستێوەردان بەڕێوەچوو ئەو خوازیارە وتی : سەرەتا سوپاس بۆ ئەو دەرفەتەی کە بە منتان بەخشی کە لە ڕێگەی ئێوەوە پەیامەکەم بگاتە دەستی وەزیر و ئەو کەسانەی کە ئەو دەرفەتەیان ڕەخساند بۆ خوازیارانی ماستەر و دکتۆراو دیبلۆم ، بەڕاستی نادادپەروەری زۆر بەڕوونی لە پرۆسەکە دیار بوو بەتایبەت لە سەح کردنی تێنوس و ڕیزبەندی خالبەندی ، وە زۆر یارمەتی ئەو خوێندکارانە دراوە کە لە سنوری خوێندنی بالآ دەوام دەکەن. من لە پارالێل بەشدار بووم ڕێژەی قوتابیانی پارالێل 10قوتابی بوو دوو قوتابی دەرچووبوون من سێ یەم قوتابی بووم کە دەرنەچووم نمرەکەم 14.25بوو پێویستم بە کەمتر لە نمرەیەکە بۆ دەرچوون کە سێ کورسی بەبەتاڵیش ماوە لەهەمان کات کە زۆر دڵنیابووم لە تاقیکردنەوەی توانست دەردەچم بەڕاستی گلەیی زۆرم لەسەر چۆنیەتی سەح کردنی تێنوسەکەم هەیە هیوادارم زانستیەکان کە ئەویش دەکرێت مەرج و شێوازی وەرگرتن گۆڕانکاریی بەسەردا بهێنرێت، بۆ نموونە دەکرێت چەندێتیی ئیمتیازات کەمبکرێتەوە بە ئەندازەی ئەوەی بوارە زانستیەکە فەرامۆش دەکرێت . خۆ ئەگەر باس و خواس لەسەر کێبڕکێی پێشکەشکاران ، یا ئینتیمای سیاسی ، و واسیتەکاری و تەزکیەی ئەم و ئەو نیە . تەنها شتێک سەنگی محەک بێت ، بەهرە و لێهاتوویی و نمرەی بڕوانامەکەیە کە لەبەرچاو دەگیرێت. دەربارەی ئەوەشی مافی من و هەموو ئەوخوێندکارانە بدەن ، چونکە زۆر ماندوو بووین پێوە.

چنار موحەمەد موعید و دەرچوویەکی وەرنەگیراو لەبارەی وەرگرتن و ئەنجامەکان بۆ خەبات وتی : هیچ داد پەروەرانە نەبوو کێشەکەش لە خودی زانکۆو بەشەکانە نەک وەزارەت، تەرخانکردنی کورسی لەلایەن بەش تەنها بۆ ئەو کەسانە بووە کە خۆیان دەیانوسیت وەبگیرێت، کورسییەکانیش داد پەروەرانە دابەش نەکرابوون ئەگەر بهاتبا لەهەر کۆلێژێک بە قەدەر ژمارەی موعیدەکانی کورسی تەرخان بکرایە ئەو کات موعیدەکان لەسەر کورسی گشتی و پارالێل تەقدیمیان نەدەکرد ئێمە دەرچووین و وەرنەگراوین بە دڵنیاییەوە واستەپێشتر دیار بوو کرابوو کە کورسییەکان بۆکام موعیدانە بێت.



بەکر کەریم حەسەن*

پەروەردە و پەرەپێدان لە کۆمەڵگە

فەیلەسوفی بەناوبانگی یۆنانی ئەرستۆ دەڵێ: (ڕەگەکانی پەروەردە تاڵن، بەڵام بەرهەمەکانی شیرینە).

بێگومان پرۆسەی پەروەردە پرۆسەیەکی گەورەیە و بەرپرسیاریەتی ئامادەکردنی نەوەیەکی نوێی و زیندووە بۆ کۆمەڵگە لە سەر کۆمەڵێ پێوەر و بنەمای پەروەردەیی نوێی و هاوچەرخ پاڵپشت بە بەرنامە و پرۆگرامێکی پێشکەوتوو، وە بەرپرسیاریەتی ئەو نەوانەش بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی نوێیە کە هەموو لایەک هاوکار دەبن بۆ بنیاتنانی نیشتمان لە سەر کۆمەڵێ چەمک و بنەمای زانستی و پەروەردەیی.

واتە پەروەردە و پەرەپێدان هەردووکیان لە سەر یەک تەوەر کاردەکەن کە مرۆڤە، بۆیە کە تەماشای پرۆسەی پەروەردە دەکەین، پرۆسەیەکی پەرەپێدانییە لە هەمان کاتیشدا پەرەپێدانیش پرۆسەیەکی پەروەردەییە ، واتە هەردووکیان پەروەردە و پەرەپێدان پرۆسەیەکی جمک و هاوتەریبن لە پێناو بنیاتنانی کۆمەڵگە بەگشتی بنیاتنانێکی زانستی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابوری، بۆیە هەردەم تەماشای پرۆسەی پەروەردە دەکەین کەوا پرۆسەیەکی پێویستی ژیانە بۆ پاریزگاری کردن لە مرۆڤ و بنیاتنانی لە هەموو ڕوویەکەوە، چونکە پەروەردە خۆی لە خۆیدا هاوکارە بۆ گۆڕانکاری و پێشخستن و سەرخستنی کۆمەڵێ داب و نەریت و ئاراستە و بنەماکانی میللەتان و کۆمەڵگەکان، کە هەردەم پەروەردە هۆکار و ئامرازی سەرەکی و یەکلاکەرەوەیە لە پەرەپێدانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری میللەتان.

بۆیە هەردەم ووڵاتانی پێشکەوتوو بەردەوام لە هەوڵی پێداچوونەوە و بەدواداچوونەوەی ڕیشەیی بەردەوامن بۆ پرۆگرامەکان و سیستەم و ڕێنماییەکانی پەروەردە و فێرکردن، تا بتوانن دڵنیایی تەواوی بدەن بۆ پەروەردەکردن و تێگەیاندن و پێگەیاندنی تاکەکان لە سەر بنەمای پەروەردەکردنێکی ڕاست و دروست و هەمە لایەنە، بۆیە هەردەم دەبینین ئەو ووڵاتانەی پێشکەوتوو و گەشەسەندوون لە هەموو بوارێکدا لەلایەن ئابوری و کۆمەڵایەتی و زانستی و ڕۆشنبیری ئەو ووڵاتانەن، کە هەموو هەوڵێکیان خستۆتە گەڕ و جەخت دەکەنەوە لە سەر بنیاتنانی مرۆڤ و وەبەرهێنان لە تاکی کۆمەڵگە لە ڕێگای گرنگیدان و بایەخدانیان بە پەروەردە و فێرکردن، کە هەردەم وەکو کێشە و پرسێکی گرنگ و پڕ بایەخ سەیر دەکرێ، لە هەمان کاتیشدا یەکێکە لە پێویستییە هەرە لە پێشینەکانی ووڵات و پێویستی سەرەکی و هۆکاری یەکلاکەرەوەیە لە سەرکەوتنی سەرجەم پرس و پرۆژەکانی پەرەپێدانی نیشتمانی وڵات.

واتە پەروەردە خاڵی دەستپێک و چەقی هەنگاونانی هەموو هەوڵێکە بەرەو هەر گەشەپێدان و پەرەپێدانێک کە پێشکەوتنی کۆمەڵگە و نیشتمانی لە سەر دەوستێت، بۆیە پەروەردە هەردەم ڕۆڵی پێشەنگ و یەکلاکەرەوەی هەیە لە پەرەپێدانی کۆمەڵگە بەرەو نوێی بوونەوە و پێشکەوتن، چونکە پەروەردە کلیلی هەموو پەرەپێدانێکە، چونکە لە پەروەردەوە دارشتنی مرۆڤ و پێک هێنان و بنیاتنان دەست پێ دەکات، واتە کۆمەڵگەی پاشە ڕۆژ لە ڕێگای پەروەردەوە دیاری دەکرێت، بۆیە گرنگە بە دیدو پەیامی نوێ و سەردەمیانە هەنگاو بنێین پاڵپشت بە نەخشەڕێگای دوورمەودا کە مەبەست و ئامانج پەرەپێدانی کۆمەڵگە بێت لە ڕێگای پەروەردە.

*** بەڕێوەبەری گشتی چالاکی وەرزش و هونەر ماستەر لە کارگێڕی پەروەردەیی**

چنار محەمەد: هیچ داد پەروەرانە نەبوو کێشەکەش لە خودی زانکۆ و بەشەکانە نەک، وەزارەت



لە 29 ساڵەی یادی ڕاپەڕینە مەزنەکەی کوردستاندا

ڕاپەڕین... هەڵمەتی پێشمەرگە و جەماوەربوو لەپێناو سەربەخۆیی



عومەر عوسمان مێرگەسۆری: بەرەی کوردستانی بە سەرۆکایەتی بەڕێز سەرۆک (مسعود بارزانی) بڕیاری ئەوەیاندا کە ئامادەکاری و پلانێکی ڕێک و پێک بۆ هەر شار و شارۆچکە و ئۆردۆگای و میحوەرێک بەرپرس و هەیئەی هاوبەشی بەرەی کوردستانی دابنێن

خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژاژۆکی

ڕاپەڕینی ساڵی 1991 وەچەرخانێکی مێژوویی بووە و وەلامدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی ئەو زوڵم و ستەمە بووە، لە ڕاپەڕینی ساڵی 1991 سەرجەم هێزەکانی کوردستانی بەشداریان کردووە و ڕۆڵی پێشمەرگە و جەماوەر ڕۆڵێکی یەکجار زۆر مەزن بووە بۆ ڕاپەڕین، دامەزراندنی بەرەی کوردستان واتە ئاشتی و یەک بوون لە نێوان هێزەکانی کوردستان فاکتەرێکی ئاشتبوونەوە بووە و یەک بوونیان و یەک ڕەنگ بوون بۆ ئەوەی خاکی کوردستان لەدوژمن پاک بکەنەوە و کوردستان بەماڵی خۆیان بزانن ئەمڕۆ یادی 28ساڵەی ڕاپەڕینی ساڵی 1991کە لە 1991-5-3دەستی پێکرد و لە ڕانیە تاکو گوند و شارو شارۆچکە و پارێزگایەکانی کوردستان ئازاد کران و ڕاپەڕین ئامانجی گەلی کوردستان بووە و توانیان بۆیەکجار لەو ڕاپەڕیندا نیشتمانەکەیان ڕزگار بکەن و سەرکەوتن و لە 28 ساڵیادی ڕاپەڕینی مەزنی کوردستان کە پێنگاوەکی تر بوو لە خەبات و مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان، لەم یادەدا بە پێویستمان زانی بۆ یادی ڕاپەڕین و چۆنیەتی دەستپێکردنی ڕاپەڕین لە یادەوەرییەکانی فەرماندەیەکی بەشدار بووی ڕاپەڕین ئەوەیش (عومەر عوسمان مێرگەسۆری) ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان کە ئەو سات وەک فەرماندەیەکی مەیدانی و بەرپرسی لقی 2ی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، بۆمان باسی ئەو یادە شکوداره بکات.

دەسکەوتێکی زۆر مەزن بوو - سەرەتایی ڕاپەڕین چۆن دەستتان پێ کرد؟ بەڕێز (عومەر عوسمان مێرگەسۆری) گوتی: لە ڕاستیدا سەرەتایی ڕاپەڕین لە شاخەکان دەستی پێکرد و بەدرێژایی مێژوو کەمونینە بوو، کەلە ئاکامدا ڕاپەڕینی ساڵی 1991 لێکەوتووە. ڕاپەڕین لە خۆیەوە نەبوو و بەرێکەوتنیش نەبوو، بەڵکو لە ئەنجامی خەباتێکی دەیان ساڵەی گەلەمان و لە ئەنجامی چەوسانەوەی گەلی کورد بوو کە لە لایەن داگیرکەران دەرحەقی کرا و مافی پێشێل دەکرا، بەڕاستی ڕاپەڕین توانی بە شکۆداریەوە دەنگی خۆی بە گەلانی جیهان بگەیەنێت، هەروەها توانی بەرهەمی خەباتی دەیان ساڵەی شۆڕشەکانی ئەیلوول و گوڵان بە ئەنجام بگەیەنێت و بووە مایەی ڕزگاربوونی بەشێکی زۆری کوردستانی باشوور. هەرلە ئەنجامی ڕاپەڕینیشدا بوو کە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی هاتە کایەوە و دەستکەوتێکی زۆر مەزن بەدەست هات، بەڵام ئەوەی شایانی باسە بگوترێت لەسەر ڕاپەڕین و هۆکارەکانی و خۆئامادەکردن و ئامادەکاری بۆ ڕاپەڕین ئەوە بوو: گەلی کورد هەمیشە دەچەوسایەوە بە تایبەتی کە سیاسەتی جینوساید کردن و نزیکەی 4هەزار گوندیان ڕاگوست و 182هەزار کوردی لێ ئەنفال کرا و هەڵەبجەیان کیمیاباران کرد و بادینان و شێخ وەسان و زۆر شوێنی دیکەشیان لە کوردستان کیمیاباران کرد. بۆیە ئەم وەزعە فاکتەرەک بوو بۆ زەمینە خۆشکردنی ڕاپەڕین و لە هەر کات و ساتێک دا ئامادەی تەقینەوە بوو، بە ڕێکەوت نەبوو وەک تەقینەوەی بورکانی بوو کە دوژمنی داگیرکەر هەراسان کرد، ئەم وەزعی وای کرد کە کورد بە گشتی چ لە ناو وڵات و چ لە دەرەوەی وڵات لە پێشمەرگەیاتییەوە تەنانەت پیاوی ڕژێمیش خوازیاری لە ناوچوونی ڕژێمەکە بن. ڕژێم زۆر لە خۆبایی و غرووز بوو، هەر لە دوای ڕاوەستانی شەڕی ئێران و عێراق هێرشیان کردە سەر کوێت و کوێتیان داگیر کرد هەر وەک چاوەڕان دەکرا لە ئەنجامی شەڕی عێراق و ئێران، ڕژێمی عێراق تووشی گیروگرفتێکی زۆر بووە لەوانە تووشی قەزرداری و هەندێک ئیلتیزامات بووە، کە نەیتوانی بە هیچ شێوەیەک خۆی ڕزگار بکاتەوە، هێزە سیاسیەکانی عێراق بەردەوام بەهێزتر بوون و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی یەکیان گرتەوە و، بەهەوڵ و تێکۆشانی ئەندازیاری تەبایی و بڕایەتی و(ئیدریس بارزانی) جوانەمەرگ، بەرەی کوردستان دروست بوو، ئەو بەرەیەی لە گۆڕەپانی خەباتدا بوو، پاش شەڕی (خواکورک)یش (پارتی دیموکراتی کوردستان) سەلماندی کە دەتوانێت لە هەموو بارودۆخەکە بەرگری بکات و توانی 50ڕۆژ بەتەنیا شەڕ لە گەڵ جاش و سوپای عێراقدا بکات، توانی زەبرەکی کوشندە لە جەستەی ڕژێم بدات، ئەو داستانە مەزنە دوا داستان بوو کە بە سەرۆکایەتی بەڕێز



عومەر عوسمان لەگەڵ پەیامنێری خەبات

جەنابی سەرۆک(مسعود بارزانی) تۆمار کرا، جەنابی سەرۆک بارازانی لە چەندین چاوپێکەوتن لەگەڵ پێشمەرگەکانی کوردستان کردی چەندین جار تەئکیدی کردەوە کە ئەو بارودۆخەی عێراق وا بەئاسانی دەرباز نابێت و قەرزەکەی زۆر کەوتە سەر کەوا بەئاسانی ناتوانێت بیداتەوە تووشی شکست بووە و هەڵەیەکی گەورەی کرد کە لە داهاتوو باجی ئەو هەڵەیەی داوە و بە پەستی و شکست کۆتایی پێهات و، بووە عیبرەت بۆ ڕژێمە داگیرکەرو ستەمکارەکان.

- هەر لە دەرێ قسەکانیدا بەڕێز(عومەر عوسمان مێرگەسۆری) دەربارەی ڕەوشی ئەوسای عێراق گوتی: چەندین بیروبۆچوون هەبوون، بەڵام بیروبۆچوونەکانی سەرکردایەتی کورد زۆر ڕاست دەرچوون کە بەڕێز جەنابی سەرۆک(مسعود بارزانی) لە شەڕی خواکورک پێشبینی دەکرد، بڕیە ئامادەکارییەکانی گۆنجاو کرا و، بیر لەوە کراوە کە عێراق خۆی تووشی گیروگرفتێکی زۆر هاتووە، کورد گوتەنی(بزن کە هەجەلی هات نانی شوان دەخوات) بڕیە دەبێ تەمبێ بکرێت و ڕژێم عێراق بگۆڕدرێت بۆ ڕژێمێکی دیموکراتخواز. بەڕاستی ئەمانە هۆکارێک بوون بۆ ئەوەی کە بەرەی کوردستانی بەسەرۆکایەتی جەنابی سەرۆک (مسعود بارزانی) کە ئەو کاتە سەرۆکی بەرە بوو بیر لە ڕاپەڕینێک بکاتەوە.

بۆ خۆئامادەکردنی ئەو کاتە ئێمە خۆمان ئامادە کردبوو، بۆ ئەو کاتەی من بەرپرسی لقی(2)ی پارتی دیموکراتی کوردستان بووم، مەفارزی زۆرمان نارەدە ناو شارەکان، پەیوەندییەکی زۆرمان بە جەماوەر و ڕێکخستنەکانی لقی(2) کرد. ئامادەکارییەکانی باشمان دەکرد و نەخشەو پلانی تازەمان بۆ داڕشت، مژدەمان بە گەلی کورد داو پەیوەندییەکی باشمان دروست کرد بۆ ئەوەی دەست بە شۆڕش و بزاڤێکی تری گەورە بکەین واتە ڕاپەڕینێک دروست بکەین.

- سەبارەت بە ڕۆڵی پێشمەرگە قارەمان لە ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی ئاداری 1991 بەڕێز (عومەر عوسمان مێرگەسۆری) گوتی: هەر وەکو پێشتر باسم کرد کۆمەڵێک مەفرەزەمان لە پێشمەرگە و کادیر نارەدە خوارەوە بۆ ئەوەی پەیوەندی بە جەماوەری کوردستانەوە بکەن و ئامادەسازی بۆ ڕاپەڕین بکرێت، دوای ئەوەی کە بەرەی کوردستانی بە سەرۆکایەتی بەڕێز سەرۆک (مسعود بارزانی) بڕیاری ئەوەیاندا کە ئامادەکاری و پلانێک ڕێک و پێک بوو و چەندین میحوەری لە خۆی گۆتبوو، بۆ هەر میحوەرێک بەرپرسیان دانا، ئینجا لەو میحوەرانەدا فەرماندە و پێشمەرگە بۆ دەستنیشان کرد، لە هەر شارۆچکە و شارێکی گەورە و ئوردوگا و میحوەری گەورەکان بە پێی پێویست بەرپرس و هەیئەی هاوبەشیان لە بەرەی کوردستانی دانا. بەتایبەتی هەر دوو حزبی سەرەکی سەرکردایەتی ڕاپەڕینیان کرد، ئێمە وەکو لقی 2ی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ مەڵبەندی 3ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێکەوە لەگەڵ حزبەکانی کوردستان تەنسیقمان کردووە، ئەو نەخشە و پلانانەی کە داڕێژرابوون و جێبەجێمان کرد. لە ڕۆژی 5-1919-3ڕاپەڕینێک دەستی پێکرد و ڕۆڵی پێشمەرگە بە ڕاستی ڕۆڵێکی سەرەکی بوو لە ڕاپەڕیندا. بێگومان (هەوێنی ڕاپەڕین پێشمەرگە بوو)، مەبەست ئەوە نییە کە ڕۆڵی خەڵک و جەماوەر، یان حزب یان بەرەی کوردستان کەم بکرێتەوە، بەڵام لە هیچ شوێنێکی کوردستان ڕاپەڕین نەکرا تاکو پێشمەرگە کەم یان زۆر نەگەیشتنە شوێنی ڕاپەڕینەکە، بەڵگەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەموو ئەو دەسکەوتانەی کە ئێستا هەیە بەرهەمی ڕاپەڕینە و هەموو ئەو دەسکەوتانە بە خوێنی شەهیدان بەدەست هاتووە، ئەگەر ڕاپەڕین نەبووایە ئەو دەسکەوتانە بەدەست نەدەهاتن و هەرگیز کورد خاوەنی ئەو دەسکەوتانە نەدەبوو.

- بەڕێز عومەر عوسمان مێرگەسۆری دەربارەی ڕاپەڕین و ڕزگارکردنی کەرکوک زیاتر دواو، گوتی: کە هەر(3) پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆک ڕزگار کرا ئینجا بیر لە ڕزگارکردنی کەرکووک کراوە، کەرکووک جیاوازی هەبوو لەگەڵ هەولێر و سلێمانی و دهۆک لەبەر ئەوەی پێشمەرگە قوەتێکی زیاتری بە دەست کەوتووە و ئیمکانیاتی زیاتر بوو، حکومەت بیری لە دفاع کردن کردەوەو بەرەیەکی گرنگ و پتەوی بۆ پاراستنی کەرکوک داناو لە بەرزاییەکان چەندین تیپ و لیوا و چەندین تانک و تۆپخانەی داناو زریپۆشی هێنا مەیدان، حکومەت چەند هەلیکۆپتەر و فڕۆکەی شەڕی ئامادەکرد و هێنایە ناو شەڕ و بەرگری زۆری کرد، بەڵام هێزی پێشمەرگە و جەماوەر توانی ئەو سەدەی بشکێنێت و کەرکووک ڕزگار کرا، پاش ڕزگار کردنی کەرکوک دیارە ڕژێم دەستی پتر باڵا بوو، ئەو هێزانەی کە لە بەسرا و ناسریەوە خواروو عێراق هەبوو ڕێگای کێشانەوەیان نەبوو، ڕێگەیان درا کە بکێشنەوە لە گەڵ ئەو هێزانەیەدا یەک بگرن کە لە بەغدا دەهاتن و هەلیکۆپتەر و فڕۆکەکانی هێنا کە بەرگری لە خۆ بکەن، ئەمە کارێکی هەڵە بوو کە لە لایەن هاوپەیمانان ڕێگەی پێدرا، بەڵام بە سودی گەلی کورد تەواو بوو. ئەوانیش دژە پەلامباری خۆیان دەست پێکرد و سەرکەوتن لە سلێمانی و هەولێر و دهۆک، لە ئەنجامدا کۆچڕەو دروست بوو، ئەو کۆچڕەوە بووە هێز و دیسان تۆڵەسەندنەوە بە کەس نەدراوە.

- بەڕێز عومەر عوسمان مێرگەسۆری دەربارەی ڕاپەڕین و ڕزگارکردنی کەرکوک زیاتر دواو، گوتی: کە هەر(3) پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆک ڕزگار کرا ئینجا بیر لە ڕزگارکردنی کەرکووک کراوە، کەرکووک جیاوازی هەبوو لەگەڵ هەولێر و سلێمانی و دهۆک لەبەر ئەوەی پێشمەرگە قوەتێکی زیاتری بە دەست کەوتووە و ئیمکانیاتی زیاتر بوو، حکومەت بیری لە دفاع کردن کردەوەو بەرەیەکی گرنگ و پتەوی بۆ پاراستنی کەرکوک داناو لە بەرزاییەکان چەندین تیپ و لیوا و چەندین تانک و تۆپخانەی داناو زریپۆشی هێنا مەیدان، حکومەت چەند هەلیکۆپتەر و فڕۆکەی شەڕی ئامادەکرد و هێنایە ناو شەڕ و بەرگری زۆری کرد، بەڵام هێزی پێشمەرگە و جەماوەر توانی ئەو سەدەی بشکێنێت و کەرکووک ڕزگار کرا، پاش ڕزگار کردنی کەرکوک دیارە ڕژێم دەستی پتر باڵا بوو، ئەو هێزانەی کە لە بەسرا و ناسریەوە خواروو عێراق هەبوو ڕێگای کێشانەوەیان نەبوو، ڕێگەیان درا کە بکێشنەوە لە گەڵ ئەو هێزانەیەدا یەک بگرن کە لە بەغدا دەهاتن و هەلیکۆپتەر و فڕۆکەکانی هێنا کە بەرگری لە خۆ بکەن، ئەمە کارێکی هەڵە بوو کە لە لایەن هاوپەیمانان ڕێگەی پێدرا، بەڵام بە سودی گەلی کورد تەواو بوو. ئەوانیش دژە پەلامباری خۆیان دەست پێکرد و سەرکەوتن لە سلێمانی و هەولێر و دهۆک، لە ئەنجامدا کۆچڕەو دروست بوو، ئەو کۆچڕەوە بووە هێز و دیسان گەڕایەوە بۆمان، لە بەر ئەوەی کۆچڕەوی ملیۆنی کورد بووە هۆی هەژاندنی ویژدانی مرۆڤایەتی وگەلانی ئاشتیخواز و گەلانی مرۆڤدۆست، ئەوە بوو کە بریار درا خەتی (36) دابنرێت تا ڕژێم نەتوانی چیتر هێرش بکاتە سەر گەلی کورد.

- سەرۆک (مسعود بارزانی) لە کۆبە پێشنیاری هەڵبژاردنی کرد، لەمبارەیەوەبەڕێز (عومەر عوسمان مێرگەسۆری) گوتی: ڕژێم کە دیتی ناتوانێت بە شێوەی جاران دەست بەسەر کوردستان دابگرێتەوە، سوپای جەماوەر ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو و باوەشی بۆ پێشمەرگە کردبووەوە، هاوکاری پێشمەرگەیان کرد و گوێڕایەڵی بوون

خۆی لە کوردستان کێشاوە و دواتر بەڕێز جەنابی سەرۆک (مسعود بارزانی) لە کۆبە پێشنیاری هەڵبژاردنی کرد، بۆ ئەوەی دەسەلاتی شەرعی لە کوردستان دروست بکات، تا لە جیاتی بەرەی کوردستانی ئیدارە بەڕێوە ببات، ئەو بیرەش بووە بەرنامەی کاری بەرەی کوردستانی، هەڵبژاردن کراو حکومەت و دام و دەزگا دامەزرێنران.

لەم چەند ساڵەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان خزمەتی یەکجار گەورە پێشکەش بە گەلی کوردستانی باشوور کردووە. لە یادی ڕاپەڕیندا ڕێز و نەوازش بۆ گشت شەهیدانی ڕاپەڕین و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی گەلەکەمان سەروەریان بارزانیی نەمر و کاک ئیدریسی هەمیشە زیندوو.

ئەرشیف: چاوپێکەتنم لەگەڵ بەڕێز عومەر عوسمان مێرگەسۆری ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی 2007.

سووڕە مەرکەبی



مانگی ئازار بۆ کورد هەم ئازارە و هەم ئازارشکێن

* 1ی ئازار بۆ کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان ڕۆژێکی پڕ ئازارە، چونکە لەو ڕۆژەدا ڕابەر و کاریزما و پێشڕەوێک کۆچی دوایی کرد کە ڕێڕەوی مێژووی بۆ گۆڕین، کە بارزانی نەمر بوو.

* 5ی ئازار ڕۆژێکی ئازارشکێنە، چونکە لەو ڕۆژەدا گەل خڕۆشا و شاخ و شار باوەشیان بەیەکدا کرد و دەرگا داخراوەکانی بە ڕووی کوردەدا کردنەوەی ئەو ئازادیەی ئەمڕۆی بۆ دەستەبەر کردین و خستوویەنە سەر ڕاستە ڕێی بەرەو سەربەخۆیی.

* 6ی ئازار بۆ کورد ڕۆژێکی بە ئازارە، لەو ڕۆژەشدا گەورەترین شۆڕشی کورد کەوتە ناو پیلانێکی هەمەلایەن و فرەجەمسەری هەرێمی و نێودەوڵەتی.

* 11ی ئازار ڕۆژێکی ئازارشکێنە، چونکە لەو ڕۆژەدا بە هێزی گەل و گیانبازی پێشمەرگە و بەرخودانی شۆڕشگێڕان، بۆ یەکەمجار لە مێژوودا دڕندەترین و لە خۆبایی ترین داگیرکار و کوردستان و دوژمنی کورد بە چۆکدا هێنرا و لە باشووری کوردستان ژەواری نکولی کردنی لە بوونی کورد بە گەروودا کرا.

* 14ی ئازار ڕۆژێکی ئازارشکێنە، چونکە لەو ڕۆژەدا بڕیاری کوردستان یان نەمان و گیانی بەرنگاری و خۆڕاگری و، هزر و بیری کوردبوون و کوردایەتی و لە دایک بوو.

* 16ی ئازاری بۆ کورد ڕۆژێکی بە ئازارە، چونکە لەو ڕۆژەشدا شارێک بە چەکی کیمیایی و قەدەغە کراوی نێودەوڵەتی خنکێنرا.

* 21ی ئازار بۆ کورد ڕۆژێکی ئازارشکێنە چونکە ئەو ڕۆژە هەم جەژنی نەتەوەییە و هەمیش بۆ یەکەمجار کەرکوکی دڵی کوردستان ئازاد کرا.

* 31ی ئازار بۆ کورد ڕۆژێکی بە ئازارە، لەو ڕۆژەشدا یەکەم سەرۆک کۆماری کورد لە سێدارە درا.

www.xebat.net
یەك شەممە 2020/3/8 ژمارە (5947)
خەبات

وون بوون
دەفتەر گەرانی ئۆتۆمبێل بەناوی بەختیار عبدالرحیم رضا جۆری ئۆتۆمبێل مرسیدس پاص ١٥ نەفەری ژمارەی ئۆتۆمبێل ١٠٠٢٥ هەولێر/ تایبەت ژمارەی لاشە/ WDZRE٤A٦٨ES٨٩٠٨٩٢ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

دەستەی پاراستن وچاککردنی ژینگە
فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان
هۆبەی کارگێڕی
ژمارە / ١٦٢
ریکەوت / ٢٦ / ٢ / ٢٠٢٠
بڵاوکردنەوەی ریکلام
فەرمانگە ژینگەی گەرمیان هەڵدەستێ بەفرۆشتنی کۆمەڵێ کەل و پەلی لەکارکەوتوو بەپێیباسای ژمارە (٣٢) ساڵی (١٩٨٦)ی یاسای فرۆشتنی ماڵ وممتەلەکاتی دەوڵەت بەشێوەی فرۆشتنی ئاشکرا لە بینای فە رما نگە کە ما ن.
د. درید سلیم مجید
ب .ف. ژینگەی گەرمیان
٢٦ / ٢ / ٢٠٢٠
خشتەی کەل و پەل جۆر و دانە
١- مێزی ئاسن/ ٣ ، ٢- مێزی دار / ٢ ، ٣- کورسی / ٦ ، ٤- دۆلاب ئاسن/ ٢، ٥- ئامێری ئیستنساخ گەورە/ ١، ٦- سبلت ٢ طن / ٣ ، ٧- سبلت ١ طن / ١ ، ٨- سبلن ٣ طن / ١ ، ٩- ئامێری ئاوساردکرەوە (بەراد) / ١ ، ١٠- پانکە ئەستونی (مروحة عمودیة)/ ٢ ، ١١- دۆلاب دار / ٢ ، ١٢ – تایبەی ئۆتۆمبیلی جۆری لاندگرۆز + پیکاب دەبل کابینە /٧ ، ١٣- تەلەفزیۆن / ١ ، ١٤ – ئامێری ساتلایت / ١ ، ١٥ – هەوا کێش (ساحبة هواء) / ٣ ، ١٦ – پاتری ئۆتۆمبیل / ٤ ، ١٧ – ڤۆڵتاچ جۆراوجۆر / ٢ ، ١٨ – موبەریدە + قاعیدەی ئاسن / ١ ، ١٩ – کورسی فەرمانبەر/ ١ ، ٢٠ – گیزەر جۆراوجۆر / ٢ ، ٢١- پانکەی سەقف / ٢ ، ٢٢- سنك ٢حەوز / ١ ، ٢٣ – کاوەنتەر مولحەق / ١ ، ٢٤ – کۆمپوتەر / ١ ، ٢٥ - کورسی ئیستعلامات ئاسن / ١٢ ، ٢٦ – یو بی ئیس ubs کۆمپیوتەر / ٣ ، ٢٧ – طابعەی کومبیوتەر / ٤ ، ٢٨ – دۆلاب ئاسن لەکارکەوتوو / ٤ ، ٢٩ - سنك + قاعیدە لەکارکەوتوو / ١ ، ٣٠ – کورسی لەکارکەوتوو / ٢ ، ٣١ – مێزی کۆمپیوتەر لەکارکەوتوو / ١ ، ٣٢ – قاعیدەی موبەریدەی ئاسن لەکارکەوتوو / ٣ ، ٣٣- کاریت / ١ ، ٣٤ – مێزدار لەکارکەوتوو/ ١ ، ٣٥ – ماتۆر سبلت لەکارکەوتوو / ١ ، ٣٦ – ئامێری ئۆتۆکلیف هۆڵاوی ٢٥ لیتر / ٢ ، ٣٧ – ئامێری دزبۆنسرشوشەی / ٢ ، ٣٨ – ئامێری ئۆتۆکلیف هەڵاوی دەستی ٥ لیتر – ١ ، ٣٩ – وامێری تقطیر – ٢ ، ٤٠- ئامێری پشکنینی ئایۆیات – ٢ ، ٤١ – ئامێری پشکنینی ئایۆدین – ١ ، ٤٢ – ئامێری پشکنینی ph - ٢ ، ٤٣ – ئامێری - CONITIVTY ١ ، ٤٤ – ئامیری ACmeter – ١ ، ٤٥ – ئامێری بردنی نمونە – ١ ، ٤٦ – قەپان بچوك – ١ ، ٤٧ – سەحاحە – ١.

***

ئاگاداری
وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێ دانی رووبەری (٢٥٠٠)م٢ لە زەوی ژمارە (١/١) ك (٤٢) کانی قرژالە لەرێگای (هەولێر- خەبات) لای دەستە راست، بەمەبەستی دروست کردنی (پێشانگا) بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو رێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەرێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (١٥) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.
د. کمال طیب قادر
بەرێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠٢٠/٣/٤
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (بهیە محمود ولی) لە بەرواری ٢٠٢٠/٣/٣ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بروانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووسی یەکەم / مریوان قرەنی ابراهیم
ئامێرەکان:
١- گاسووسەی برین و لحیم کردنی نایلۆن ژمارە/١٤٦٠ دروستکراوی خۆمالی مۆدێل ٢٠٠٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ١ امپێر.
٢- ثرامەی وردکردنی نایلۆن ژمارە/١٤٦٢ دروستکراوی خۆمالی مۆدێل ٢٠٠٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ١٥ امپێر.
٣- ئێکسترۆدەر توانەوەی نایلۆن ژمارە/١٤٦١ دروستکراوی خۆمالی مۆدێل ٢٠٠٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٣٠ امپێر.
٤- کەتەری برینی نایلۆن ژمارە/١٤٦٣ دروستکراوی خۆمالی مۆدێل ٢٠٠٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٥ امپێر.

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠٢٠/١/١٩
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (هاوار محمد احمد ٥٠٪ و شیرزاد زرار احمد ٥٠٪) لە بەرواری ٢٠٢٠/١/١٦ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بروانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی
ئامێرەکان:
١- چواردانە ئامێری لحیم ولدن ژمارە/ ١٨٥٧١ و ١٢٧٥ دوودانە بێ ژمارەن دروستکراوی دوو عیراقی دوو بلغاری مۆدێل ١٩٩٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A.M٤٠*٤.
٢- دوودانە کۆسەرەی صافکردن ژمارە/ ٧٢٩٠٥٨٦ و E٧٩٣٣٢ دروستکراوی یابانین مۆدێل ١٩٩٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A.M٢*٢.
٣- دوودانە درێلی کونکردنی دەستی ژمارە/ ٦٣١٥٢٦ و E٧٦٩١ دروستکراوی یابانین مۆدێل ١٩٩٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A.M١*٢.
٤- کەتەری برینی ئاسن ٧,٥ بێ ژمارە دروستکراوی خۆمالی مۆدێل ١٩٩٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥.

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٤
ژمارە:٦٣٨/ش٤/٢٠٢٠
رێکەوت:٢٠٢٠/٣/٣
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (سەرهەد حمد مولود)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (شادیە محمد احمد) داوای ژمارە (٦٣٨/ش٤/٢٠٢٠)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تفریق للهجر) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر - نێرگز) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لە رۆژی دادبینی ٢٠٢٠/٤/٨ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/ صباح حسن رشید

***

دادگای بەرایی عەنکاوە
ژمارە: ٤٦ / ب / ٢٠٢٠
رێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٢٧
جاردان
بۆ داوالێکراو/ فاخر مرعان محمد رشید
بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای رەنج
سەرەڕای کارەکەی شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.
داواکاران (١- مروە بلاسم محمد عثمان ٢- زید بلاسم محمد عثمان) داوای ژمارە ٤٦ / ب / ٢٠٢٠ لەسەرت تۆمارکردووە تێدا داوای (١٢٦٠٠$ غرامە تاخیریە) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گوندی ئینگلیزی بۆیە دادگا بریاریدا پێراگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەبوونت لەرۆژی دادبینی ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٤/٥ کاتژمێر ١١:٠٠ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقتان بەپاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ ظاهر محمد مصطفی

***

دادگای بەرایی عەنکاوە
ژمارە: ٤٧ / ب / ٢٠٢٠
رێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٢٧
جاردان
بۆ داوالێکراو/ بەرێوەبەری رێپێدراوی
کۆمپانیای رەنج سەرەڕای کارەکەی
شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.
داواکاران (بلاسم محمد عثمان) داوای ژمارە ٤٧ / ب / ٢٠٢٠ لەسەرت تۆمارکردووە تێدا داوای بڕی (١٢٦٠٠$ غرامە تاخیریە) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گوندی ئینگلیزی بۆیە دادگا بریاریدا پێراگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەبوونت لەرۆژی دادبینی ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٤/٥ کاتژمێر ١٠:٠٠ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقتان بەپاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ ظاهر محمد مصطفی

***

سەرۆکایەتی لیژنەی دووەمی زەوی
دەست بەسەراگرتن لە هەولێر
ژمارە: ٦٢
رێکەوت: ٢٠٢٠/٣/٧
ئاگاداری
سەرۆکایەتی لیژنەکەمان هەڵدەستێت بە پشکنین و لێکۆڵینەوە بەمەبەستی ڕاستکردنەوەی ناو:- لەسەر داوای میراتگرانی خاوەن مافی رەفتار (عزیز عمر حسن) کە لە داواکاریەکەی داهاتووە لەبەرواری (٢٠٢٠/٣/١) داوا دەکات ڕاستکردنەوەی ناوی بۆ بکرێت لە (عمر حسن حمد) بۆ (عمر حسن محمد) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەوی ژمارە (٤٠) کەرتی ١٢/گلیاوە, کە لەساڵانی تەسویە بەهەڵە تۆمارکراون, پێویستە لەسەر خاوەن داوا بەڵگەنامەی فەرمی و یاساییەکان لەگەڵ شاهیدەکان و موختاری گوندەکە ئامادە بکەن لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٣/١٩) کارەکەمان ئەنجام دەدەین بەمەبەستی ڕاستکردنەوەی ناو تایبەت بەم پارچە زەویانەی سەرەوە.
سەرۆکی لیژنە / کاوە جعفر محمود

***

دادگاها بەرایی/ زاخو
ژمارە /١٠٣/ب/٢٠٢٠
مێژوو/ ٢٠٢٠/٣/٤
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو (نجیب داود بطرس) جهێ ئاکنجیبینا بەرێ زاخو گەرەکا صلاح الدین /٢ , جهێ ئاکنجیبینا نوکە نە دیارە .
داواکار (نعمت محو درباس) داوا ژمارە (١٠٣/ب/٢٠٢٠) ل سەر تە تومار کریە وتێدا داخازا مولك کرنا ئاقارێ ژمارە (٥/١٥٠٨ کەرتێ ١٤ عباسیە) دکت و ژبەر کو جهێ ئاکنجیبینا تە نە دیارە لدیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسێن زاخو یا ژمارە (٥٦٤) ل ڕێکەفتی (٢٠٢٠/٢/١٩) وهەڤپێچ دگەل پەسەندا هەلبژارێ تاخێ صلاح الدین/٢ کۆ تێدا هاتیە دیارکرن ((ناڤێ وی دتومارا تاخێ مەدا هەیە و مالا خو ژ تاخێ مە بارکریە ونوکە ژی جهێ ئاکنجیبونا وی نە دیارە ومە چ پێزانین ل دور نینن)) , وژبەر نە دیار بینا جهێ ئاکنجیبینا وە دادگەهێ ل روژا (٢٠٢٠/٣/٤) بریاردا ب بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهدارییێ د دوو روژنامە یێن نافخوی وروژانە دا پالپشت ب مادێ ٢١ ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بو ئامادەبینا تە یان نوێنەرێ تە یێ یاسایی ل ڕۆژا دادبینیێ ڕێکەفتی ٢٠٢٠/٣/٢٦ ل دەمژمێر ٩:٠٠ ێ سپێدێ و بەروڤاژی دادبینی دێ ب شێوێ باشملە ئێتە ئەنجام دان ...
دادوەر / یوسف الیاس سدن

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٩٧/ش/ ٢٠٢٠
رێکەوتی / ٣/٣ / ٢٠٢٠
راگەهاندن
بو / داوالیکراو : کاڤین خان اودل پیرو
ڤێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (٩٧/ش/٢٠٢٠) ل روژا (٢٠٢٠/٢/١٦) پەسەندکرنا تەلاقا دەرەکی (تصدیق الطلاق الخارجی) دناڤبەرا تە وداواکار (نیوار ناصر جادر) ل ٢٠١٧/١١/١٧ و ژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجیبونا تە ول دیف دەقێ یاسایی کو پێتڤیە ئاگەهداریتە دەمێ دەرکەتنا بریاری ژێ ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامیێت روژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاساییدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت .
دادوەر / دارا طاهر توفیق

***

پارێزگای هەڵەبجە
کۆدی پرۆژە (Ta٢-٢٠٢٠)
ژمارە: ٢
بەروار: ٢٠٢٠/٣/٤
کەمکردنەوەی نهێنی/ بانگهێشتی
(کراوە) (دووەم جار)
بۆ پرۆژەی: (Lot١ – دابین کردنی کرێکار بۆ پاککردنەوەی نەخۆشخانەو مەڵبەند و دامەزراوە تەندروستیەکان سنوری پارێزگای هەڵەبجە).(Lot٢ – دابین کردنی مەواد و پێداویستی پاککردنەوە)
پارێزگای هەڵەبجە:- بانگهێشتنی کراوە بۆ سەرجەم کۆمپانیا و بەڵێندەران دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە. جا هەر بەڵێندەرێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لەم کەمکردنەوەیە با سەردانی بینایی پارێزگای هەڵەبجە (کاروباری هونەری/ ب. ئەندازە/ فرۆشتنی تەندەر) بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزار دیناری عیراقی کە ناگەڕێتەوە خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
زانیاری:
١- فرۆشتنی تەندەر لە رۆژی (٢٠٢٠/٣/٨) دەست پێدەکات رۆژانە لە کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ.
٢- رۆژانی وەرگرتنی تەندەر بەردەوام دەبێت تا (٢٠٢٠/٣/٢٦) کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ.
٣- ڕۆژانی گەڕاندنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت تا (٢٠٢٠/٣/٢٩) کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ.
٤- رۆژی کردنەوەی ئاشکراکردنی تەندەر لە ڕۆژی (٢٠٢٠/٣/٢٩) کاتژمێر (١١:٠٠)ی پێش نیوەڕۆ دەبێت.
٥- هەر ڕۆژێك لەو بەروارانەی لەسەرەوە دەست نیشان کراوە بوو بە پشووی ڕەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت ئەوا یەکەم رۆژی دەوام دوای پشووەکە دەبێت.
٦- ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە (٣٦٠) سێ سەدو شەست (رۆژی ڕۆژمێری).
٧- پارێزگای هەڵەبجە پابەند نییە بە کەمترین نرخ.
٨- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (٩٠) ڕۆژ لە دوای بەرواری داخستنی صندوقی تەندەر.
مەرجەکانی بەشداری کردن
١- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرە ناوخۆییانەی کەبەشداری کەمکردنەوەکە دەکەن تۆمارکرابن لەلایەن وەزارەتی پلاندانان، وە پێناسەی یەکێتی بەڵێندەرایەتی کوردستانی هەبێت کە بەرواری بەسەر نەچوویێت.
٢- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرە نیشتیمانیبیانەی کە لەدەرەوەی هەرێمن پێویستە تۆماربن و پشتگیری کردنەوەی لقیان هەبێت لەلایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم.
٣- ئەو کۆمپانیا بیانیانەی کە بەشداری کەمکردنەوەکە دەکەن پێویستە بروانامەی دامەزراندنی لقیان هەبێت لەلایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم.
٤- هیچ تەندەرێك لە دوای وادەی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت.
٥- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنرێت ٢٠٢٠.
٦- بارمتەی یاسایی بەشێوەی بەڵێننامەی نوسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر دەبێت.
٧- پێویستە بەڵێندەر یان نوێنەری متمانەپێکراو ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت بەپێچەوانەوە پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت.
٨- پێویستە بەڵێندەر لەکاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن اعتذار پێشکەش بکات وە تیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات.
٩- پێویستە بەڵێندەر لەکاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمەیل (email)ی تایبەت بەخۆی پێشکەش بکات.
١٠- پێویستە لەسەر بەڵێندەر پابەندی رێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٦) و مەرجە گشتیەکانی بەڵێندەرایەتی ئەندازەی عیراق بەشی (٢ ، ١) بێت.
١١- مەرج نییە هەردوو لۆتەکە (Lot٢ + Lot١) بۆ یەك کۆمپانیا دەربچێت.
کاوە علی کریم/ جێگری پارێزگار بۆ کاروباری هونەری

***

دادگەها کەتن دهوك
ژمارە:٢٩٩/ج٢/٢٠٢٠
رێکەفتی:٢٠٢٠/٣/٢
بۆ تۆمەتباری رەڤی (هندرین حمید امین)
ئاگەهدارکرن
توی بەر تاوانکری د کێشا ژمارە (٢٩٩/ج٢/٢٠٢٠) ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل رێڤەبەریا بەرهنگاربوونا توندوتیژی دژی ئافرەتا ل پارێزگەها دهوکێ/نڤیسینگەها دهوك) ل سەر ماددێ (٤٣٢) یاسا سزای ژبەر نەدیاربوونا جهێ ئاکنجیبونا تە بریار هاتە دان هن بهێینە ئاگەهدارکرن رێکا بەلاڤکرنێ دوو رۆژنامی ناڤخۆیی, دا بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدەیا روژا ٢٠٢٠/٤/١٦ بەروڤاژی دادگەریا تە پاشملە (غیابیا)دێ هێتە رێڤەبرن ل دویڤ یاسایێ.
دادوەر/ شکر سلطان عدو

***

دادگەها کەتن دهوك
ژمارە:٢٢٤/ج٢/٢٠٢٠
رێکەفتی:٢٠٢٠/٣/١
بۆ تۆمەتباری رەڤی (عثمان حسن احمد)
ئاگەهدارکرن
توی بەر تاوانکری د کێشا ژمارە (٢٢٤/ج٢/٢٠٢٠) ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل بنگەهێ پولیسێن نزارکێ) ژبەر نەدیاربوونا جهێ ئاکنجیبونا تە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن رێکا بەلاڤکرنێ دوو رۆژنامێ ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەر بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدەیا روژا ٢٠٢٠/٤/١٤ بەروڤاژی دادگەریا تە پاشملە (غیابیا)دێ هێتە رێڤەبرن ل دویڤ یاسایێ.
دادوەر/ شکر سلطان عدو

***

دادگەها کەتن دهوك
ژمارە:١٩٤/ج٢/٢٠٢٠
رێکەفتی:٢٠٢٠/١/٢٧
بۆ تۆمەتباری رەڤی (شمال اسماعیل جادر)
ئاگەهدارکرن
توی بەر تاوانکری د کێشا ژمارە (١٩٤/ج٢/٢٠٢٠) ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل بنگەهێ پولیسێن نزارکێ) ژبەر نەدیاربوونا جهێ ئاکنجیبونا تە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن رێکا بەلاڤکرنێ دوو رۆژنامێ ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەر بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدەیا روژا ٢٠٢٠/٤/١٢ بەروڤاژی دادگەریا تە پاشملە (غیابیا)دێ هێتە رێڤەبرن ل دویڤ یاسایێ.
دادوەر/ شکر سلطان عدو

***

دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢
ژمارە: ١٧٠/ج/٢٠٢٠
رێکەفتی: ٢٠٢٠/٢/٢٧
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێ رەڤی/ قاسم محمد قاسم حسن/ یێ ناڤێ دەیکا وی (غزالی عیسی) دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ١٧٠/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا سێمێل ب هژمار ٢٠١٣/١٥٣ ل سەر ماددێ ٣٩٦ ژ یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن برێکا بەلاڤکرنێ ب دوو رۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا روژا ٢٠٢٠/٥/٢٠ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشمللە ل دویف یاسایێ.
دادوەر/ حسین صالح ابراهیم
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/دوو

***

دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢
ژمارە: ١٧١/ج/٢٠٢٠
رێکەفتی: ٢٠٢٠/٢/٢٧
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێ رەڤی/ فرهاد حسین جانکیر/ یێ ناڤێ دەیکا وی (غربت عبدالکریم) دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ١٧١/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا خابور ب هژمار ٢٠١٩/٧٢ ل سەر ماددێ ٤٤٣ ژ یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن برێکا بەلاڤکرنێ ب دوو رۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا روژا ٢٠٢٠/٥/٢٠ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشمللە ل دویف یاسایێ.
دادوەر/ حسین صالح ابراهیم
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/دوو

***

ریڤەبەرییا گشتی یاباژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوك
سەروکاتییا باژێرڤانییا بەردەرەش/ مولکایەتی
ژمارە: ١٥٩/٣١٩
رێکەفت: ٢٠٢٠/٢/٢٦
ئاگەهداری
لدیف نڤیسارا رێڤەبەرییا گشتی یا باژێرڤانییێن پارێزگەها دهۆك یا ژمارە (١٣٥٥) ل ٢٠٢٠/٢/٢٤ و نڤیسارا رێڤەبەرییا نەخشەدانانا ئاڤەدانی ل پارێزگەها دهۆك یا ژمارە ٢٨٣ ل ٢٠٢٠/٢/١٢ سەرۆکاتییا باژێرڤانییا بەردەرەش نەخشێ رووهنکری بۆ پارچە ئەردێ هاتیە دەست نیشانکرن بۆ ئاڤاهیێ (نەخۆشخانا هەوار هاتنێ) و ئاڤاهیێ (دادنوسا بەردەرەش) و دکەڤیتە سەربەشك ژ نەخشێ پەسندکری یێ ژمارە (٣٠٣) رادگەهینین ڤێجا داخازێ ژ هاوولاتی و دەزگەهێن میری دکەین میری دکەین کو هەرتێبینی و پێشنیارەك هەبیت بلا پێشکەشی سەرۆکایەتییا باژێرڤانییامە بکەت ل ماوێ ٣٠ رۆژان د بلاڤکرنا ڤێ ئاگەهدارییێ ل رۆژناما فەرمیدا لدیف یاسایا کارگێری و شارەوانی یا ژمارە (٦) ل سالا ١٩٩٣.
ل. ئەندازیار/ عمر میکائیل سلیم
سەرۆکی باژێرڤانیا بەردەرەش

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٤
ژمارە:٥٣٤/ش٤/٢٠٢٠
رێکەوت:٢٠٢٠/٣/٤
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (علی اسماعیل خلیل)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (زینب یونس سلیمان) داوای ژمارە (٥٣٤/ش٤/٢٠٢٠)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تفریق) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر- بەختیاری) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لە رۆژی دادبینی ٢٠٢٠/٤/٥ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/ صباح حسن رشید

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٤
ژمارە:٥٣٣/ش٤/٢٠٢٠
رێکەوت:٢٠٢٠/٣/٤
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (علی اسماعیل خلیل)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (زینب یونس سلیمان) داوای ژمارە (٥٣٣/ش٤/٢٠٢٠)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (نفقة) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر- بەختیاری) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لە رۆژی دادبینی ٢٠٢٠/٤/٥ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/ صباح حسن رشید

***

ئاگەهداری
ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (AVOLA) بۆ (بەلێندەرایەتی بیناسازی / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا دەدمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان
پاکتاوکەر / باپیر محمد طاهر حسین
ناڤ ونیشان / دهوك - گری باصی
ژمارا موبایلێ / ٠٧٥١٤٢٤١٢٣٤

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ٤٣٦٢
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٣/٣
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (OPEN NET) بۆ گەیاندن/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیا (OPEN NET بۆ گەیاندن/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٣/١) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (گۆڤند عبداللە عثمان) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٣/٣
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیا (OPEN NET) بۆ گەیاندن/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگاری هەولێر)
پاکتاوکار/ گۆڤند عبداللە عثمان
ناونیشان/ هەولێر – ژووری پارێزەران
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٥١٤١٥٥

شەن و کەوێک سەبارەت بە نامەیەک لە کەسایەتییەکی خوانەسەوە بۆ شێخ مەحمود



کەمال نوری مەعروف

یەکێک لەونامانەی کە بۆ سەرو بەندی ئاوارەیی شێخ مەحمود دەگەڕێتەوە، نامەیەکە، لەکەسێکی خوانەسەوە، هەروەکو ئاماژەی پێدراوە، بۆ حەفید زادە نێردراوە. پێدەچێت نامەکە لەبەر ئەوەی ڕۆژی ناردنەکەی دیاری نەکراوە، بۆ دوا ڕۆژەکانی ئاوارەیی شێخ مەحمود لەپیران بگەڕێتەوە، بەمانا بۆ نێوان ساڵەکانی 1930-1931. نێوەو نامەکە بەزمانی فارسی، کە وەرگێڕاوە بۆ کوردی و لێکۆڵینەوەی لەسەرکراوە.

-دەقی نامەکە-

نهێنییە

داوای وەڵامی خێرا دەکەم حوزووری حەزرەتی گیانم بەقوربانی بێ

عەرزت دەکەم، بەقوربانت بم.

لەڕۆژی تەشریف فەرموونتانەوە بۆ بەغدا تا سەعاتی هاتنە کفری، دواین خاڵی گفتوگۆ لەوتوێژی پەنهانو ئاشکرای نێواندا، لەوبارەیەوە بوو کە ژپشت ئەستور بەلوتفی حکوومەتی مەزنی بەریتانیا ژ سەبارەت بەحەزرەتی پایەبڵندتان شتێکی گونجاویان فەرموو، سەرەڕای ئەوە، ئاوڕ لێدانەوەو خۆشەویستیی شاهانەی مەلیکی عێراقیش بەردەوام بوون.

بەرامبەر بەم دوو نیعمەتە شایانی ڕێزلێنانو دەستخۆشی لێکردنەی ئەوان، پەیمانو بەڵێنی بەهێزتان دا کە هەنگاوی سەرکەوتوانەو خزمەتی چاکو ملکەچیی گونجاو نیشان بدەن، بەو هۆیەیشەوە لەپێناوی پێشکەوتنو بەرزبوونەوەی نیشتمانی ئازیزی خۆدا تێبکۆشنو مافی ڕۆڵەکانی نیشتمان بپارێزنو هەرکەسێک بەڕادەی خۆی چاودێری بکەنو حورمەت بگرنو نەختینەی توانایی بۆ دڵنیاییو ئاسایشی ئێمەو ڕێبوارانی دەرەوەو ناوەوە بەخەرج بدەن. بەندەیش بەپێی هەمان گفتی بەهێز لەکفری گەڕامەوەو بە حوزووری حەزرەتی مەلیکی عێراق شەرەفمەند بووم.

لەکاتی زیارەتدا بەشانازییەوە.. بەعەرزی حوزووری پیرۆزیم گەیاند، ئەو زاتە پایە بڵندە زۆر منەتباریی بەرامبەر بەو پەیمانو چاکەیەی حەزرەتی شێخ فەرمو. بەڵام بەداخەوە ئەو هیوا خێرخوازیانەو بەڵێنە بەهێزانە لەماوەیەکی کورتدا بەهۆی فریوخواردنو تەگبیری خراپی ئەو زاتانەوە لەبارتان برد، وا دیارە نێردری نامە شۆڕشگێڕێتیو تۆڵەسەندنەوە لەوانەی نیشتمانیان داگیرکردووین، بەڵایەوە فریوخواردنە.

من لەوە تێناگەم مرۆڤ ئەگەر دوای مافی خۆی بکەوێت، تاوەکو بەدەستیبهێنێتەوە، ئەمە چۆن لەفەرهەنگی نێردری نامەدا کراوەتە فریوخواردن، کە ئاینە ئاسمانییەکانیش پشتگیری لەهەڵوێستی وا دەکەن، نەک بەرامبەر زۆردار ملکەچی بنوێنێت، چونکە زیاتر مافت دەخواتو وەرناگیرێتەوە. لەبڕگەیەکی تری نامەکەدا لەسەری دەڕواتو دەڵێت:- (بەپێچەوانەوە ئاکامێکی ژەهراویی بەخشی) دیارە لای خاوەن نامەکە، لەبەرئەوەی شێخ مەحمود بەپاڵپشتی هێزی لەشکری گەلەکەی، هەوڵی داوە بەئامانجەکانی نەتەوەکەی بگات، لای ئەو، ئەو هەوڵە ئەنجامێکی ژەهراویی لێکەوتووەتەوە، چونکە شێخ مەحمودی ملەک دەسەڵاتدارانی بەریتانیای داوەتە دووواوەو ڕای لەسەرخۆ بەدەستەوەدان نەبووە، لای ئەو ژیانی ملکەچی چەشنی نۆشکردنی ژەهر وا بووە.

لەلایەکی تری نامەکەدا، پەنا بەخوا دەبەم لەو ڕۆژانەی کە ئەو بەڕێزانە لەگەڵ ئەو دانیشتووین، ئەو بەڕێزانە بەهۆی ئەو ئاگاداریانەی کە لەڕێگای ئاژانسەکانەوە بەردەوام بەدەستیان دەگەیشت، بەتەواوی ئاگادار بوون، کە لەناویاندا خێزانی مەلیکو گەورەکانی تری ناو شۆڕش و تەنانەت هەژارو لێقەوماوی ناوچەکەشی گرتبووەوەو لەناو ئەشکەوتو شاخەکاندا، لەترسی بۆردوومانی فڕۆکەکانی بەریتانیا لەژیانێکی سەختدا بوون. نامەکە بەشێوازێکی شارەزاو سیاسییانە لەو ڕۆژگارەو شەڕی نێوان لەشکری کوردستانو دەسەڵاتدارانی عێراقیو بەریتانیا نووسراوە، بەڕوونی زاڵبوونی سروشتی ئایینی بەنامەکەوە دەبینرێت، هەرچەندە بەشێوەیەکی ناواقیعییانە داوا لەشێخ مەحمود دەکات، کە داوای لێبوردن لەدەسەڵاتی عێراقیو بەریتانیا بکات. لێرەدا بەپێویستی دەزانین خوێندنەوەیەک بۆ نامەکە بکەینو باری سەرنجمان لەسەر بڕگەکانی دەربڕین.

سەرەتا بەقسەکانیدا دیارە، کە مەلیک فەیسەڵی دیوەو باسی شێخ مەحمود لەدانیشتنەکەیاندا کراوە. هەرچەندە ناوی نەهاتووە، بەڵام دیارە کەسێکی ناسراوی ڕۆژگاری خۆی بووە، گەرچی بەڵگەش بەدەستەوە نییە، تاوەکو بناسرێتەوە.

بەپێی نووسراوێکی ڕۆژی 1925/8/30 ئەفسەری تایبەت بەکاروباری سلێمانی. ئەو ڕۆژگارەی، کە شێخ مەحمود لەدەرەوەی سلێمانی بووە، رایسپاردووە شێخ عەلادینی شێخ عومەری بیارە بچێتە بەغداد بۆ قسەکردن لەگەڵ کاربەدەستان. بۆیە لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین ناوبراو بەخاوەنی نامەکە دابنێین، چونکە ناوو مۆری ئەوی بەسەرەوە نییە. بەڵام دیارە، کە نووسینەکە، هی کەسێکی خوێندەواری بەرزە، نێردر پێدەچێت نووسەری خۆی هەبووبێت.

نێردر لەسەرەتای نامەکەیدا، دەڵێت: گفتوگۆ لەوتوێژی پەنهانو ئاشکرای نێواندا. بەم قسانەدا دەردەکەوێت کەوتوێژی نێوانیان نهێنی بەبێ گەڕانەوە بۆ شێخ مەحموودو وەرگرتنی ڕای ئەنجامدراوە.

بەپێی ئەو بڕگانەی لەنامەکەدا هاتوون، دەبێت ئەو ڕاسپاردەیە، کە لەلایەن مەلیکەوە بەنامە نووسەکە درابێت، تاوەکو شێخ مەحموود بەفەرمانی لێبوردنی مەلیکی خۆی بەدەستەوە بدات.

لەبڕگەیەکی تردا خاوەنی نامەکە بەشێخ مەحموود دەڵێت: پشت ئەستوور بەلوتفی حکوومەتی مەزنی بەریتانیا، سەبارەت بەحەزرەتی پایەبڵندتان، شتێکی گونجاویان فەرموو. وا دیارە بۆ ئەوکاتە بگەڕێتەوە، کە شێخ مەحموود چاوی بەمەندووبی سامیی بەریتانیاو مەلیک فەیسەڵ کەوتووەو لەو وتوێژەدا پەیمانی ئاشتییو بەجێهێنانی داخوازییەکانی کوردیان پێداوە، بەڵام ڕاستییەکەی خۆراگریت لەگەڵ حکومەتێکی مەزنی بەریتانیادا نییە، بۆچی دەبێ کار بگەێنیتە ئەم ڕادەیە. ئەم ئاوارەییو ئەم هەر ڕۆژە کەوتنە خانوویەک، ئەم منداڵ لەکۆشکی بەرزەوە خستنە ناو گەردابی کلۆڵیو بەڵایە، بێگومان ئەمە زەبرە لەشەرەفی خۆ بنەماڵەی کاک ئەحمەد دراوەو کۆتایی ئەو هیوایانەیە کە حەزرەتی پایە بڵند بەدەستی خۆی نەخشەی کێشاون.

راست بزانە ئێستا دیسان یارمەتیی ئەم وجوودە ڕێزدارەیان فەرموو، دەنا هێزی عەسکەریان چیای سەرکەشی لەگەڵ خاکدا یەکسان دەکا. ئەی سەروەرو تاجی سەر، مەبەست لەپێشکەشکردنی ئەم پەچکە کاغەزە ئاماژە بۆکراوەی گیان کردنە قوربانی، پەنا بەخودا، لەڕووی تانەو سەرزەنشتەوە نییە، بەڵکوو لەدڵسۆزیو ئێشو ئازار چێشتنو پێوەندیی نزیکایەتییەوەیە. هیوام بەیارمەتیی پەروەردگارە کەدووبارە چرای هیوامان بڵێسەدار بکاتەوەو سەرلەنوێ دیمەنی لێبوردنو سۆزت بەنسیب بێتەوە، چونکە ئەمڕۆ شەرەفمەند بووم بەحوزووری حەزرەتی مەلیکی عێراق هەمان خۆشەویستیو هەمان سۆزی هاودڵیی جارانم سەبارەت بەو وجوودە ڕێزدارەی حەزرەتی پایە بڵند.. بەجێگیری دی، ئەوانم بەرامبەر بەحاڵو باری ئێستای حەزرەتی شێخ زۆر بەدڵگرانو داخدار هاتە بەرچاو. بەوشێوەیە پێمواببو ئێستا تکاکردن بۆ ئەو بنەچە بەرزە بەبەرەوە ماوە، بەوپێیە بەئەرکی سەرشانی خۆم زانی ڕووقایم بمونەو نامەیە پێشکەش بکەم.

قوربان ئەگەر دەفەرموی ئارەزووتە بۆ تەگبیری خراپیی ئەو زاتانەوە- بەپێچەوانەوە- ئاکامێکی ژەهراویی بەخشی. »چون برد کشتی ان جا کە خواهد خدا××× اگر جامە برتن درد ناخدا) «ئەگەر کەشتیوان بەرگی بەری خۆیشی دادڕێ، خودا کوێی بوێ کەشتی دەباتە ئەوێ).

قوربان بەڕاستی بزانە ئەمجۆرە.. بۆ قازانجی خۆیان هەزاران کەسی ڕێزدار بێ خانەو لانە دەکەن. لەبەرئەوە ئەرکو بگرە فەرزێکی بەرچاوی سەر هەر کەسێکە هەمیشە سەرنجی سەرەنجامی کاروبار بداو.. ئاگاداربێتو بزانێتو هاوڕازان چیبیان لەبارداید. دیسان مەگەر بەهۆی بیرو تەگبیری خراپی ئەوانەوە نەبوو کە ئێستا تەشریفت نەبردووەتە ناوەندی سلێمانی، ئەم زاتە پیرۆزەیان بەلاف لێدانی دیاریکردنی سنووری ڕاپەڕاندووەو.. بە خەیاڵو ختووڕەی پووچەڵ تاوانی خراپتێگەیشتنیان داوەتە پاڵ. ئەوەی لەو بڕگەیەدا هاتووە، مەبەستی لەدیاریکردنی سنووری ویلایەتی مووسڵە، کە لەنێوان تورکیای کەمالیو دەسەڵاتدارانی بەریتانیا، بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوەو بەریتانیا بۆ بەرژەوەندیی خۆی، لەوێوە سنووری باکووری بۆ ئیراقی عەرەبی دروستکرد. ئەم هەنگاونانە لای بەریتانییەکان کە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان نایانو بۆ دەستبەسەرداگرتنی نەوتی ناوچەکە بوو، تا بەهێزەوە ئامێزی جەنگییان بەردەوامیی هەبێت، لەپێناو داگیرکردنی ئەو شوێنانەی تریش، کە هێشتا پێینەگەیشتبوون. تورکیاش هەر بەخەیاڵی ویلایەتی مووسڵەوە ژیاوە، کە بیخەنە سەر کۆمارە نوێکەیانو کوردی باشووری کوردستانیش بەدەردی باکوور ببەن، ناوی تورکی شاخاوی لێبنێن. ئەم هەوڵانە لەڕۆژگارێکی نێودەوڵەتی ڕووياناداوە، هەربۆیە کورد لەباکوور بووبێت، یان لەباشوور، ئەوا دژ بەداگیرکەری هەردووڵا جەنگاوە. ئیتر جەنابی خاوەن نامە، بۆ دەبێت بەو بیرە پووچەڵو تێنەگەیشتنەوەو بەو شێوە چەواشەکارییە بۆ خزمەتی بێگانە، هەوڵی بۆ بخەیتەگەڕ.

لەلایەکی تری نامەکەدا، شێخ مەحمود بەوە دەترسێنێت، پێیدەڵێت: (تۆ تواناو ڕووبەڕووبوونەوەو خۆڕاگریت لەگەڵ حکوومەتێکی مەزنی دەوڵەتی بەهێزی بەریتانیادا نییە...)، وا دیارە گەلانی دنیا، لای ئەو هەر لەسەرچاوەی هێزو دەسەڵاتیانەوە پەلاماری ستەمکارە زلهێزەکانیان داوە، ئەوسا توانیویانە خۆیان لەکۆتو پێوەندییان ڕزگار بکەن. ئەوەی کورد کردوویەتی، شەڕی بڕواو باوەڕ بەخۆبوونە، مرۆڤ هەتاکو ناخۆشی نەبینێت، چۆن دەتوانێت چێژ لەخۆشی ژیان ببینێت. گەلان لەدنیاشدا زۆرن، کە بەنەفەس دژێژییانو تواناو بازووی خۆیان، گەیشتونەتە ئەوەی، کە چۆک بەزلهێزو ستەمکارانداببەن. نموونە زۆرن، بەڵام لێردا جێگایان نابێتەوە باسیان بکەین. ئایا ستەمکار ئەگەر بەهێزەوە پەلاماری داین، ڕەوایە، لەئاستیدا بڵێین: مەمانکوژە نۆکەرایەتیت دەکەین؟. ئەگەرچی لەئایینی پیرۆزی ئیسلامیشدا قبوڵی زۆرداری ناکرێت، کە لەئاستیدا بچەمیتەوە، بەڵام پێم سەیرە لەگەڵ هەموو ئەو پایەو پێگە زانستییە ئایینییەدا، داوا لەشێخ مەحموود دەکات، ڕێگای دەستماچکردن بگرێتەبەرو لەشەڕ دووربکەوێتەوە، دیارە هەرچەندە باشدەزانێت کە شەڕەنگێزی هەر لای بەریتانیاوە سەربهەڵداوەو تەڕو وشکی بەیەکەوە سووتاندووە. ئەو منداڵانەی لەو ڕۆژگارەدا لەناخۆشیدا ژیاون، با لەگەورەبوونیاندا ئەوە بزانن، کە ئەم خاکە بۆ یەکەمجار بەبۆردوومانی فڕۆکەکانی ئەوان سووتانو باوکو دایکیان کەوتوونەتە ژێر دارو پەردووی خانووەو ڕووخاوەکانیانەوە.

ئەوەی شێخ مەحمود کردووە، لەبەگژداچوونەوەی زۆرداران، بەلای کوردو ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە گەورەییە بۆ بنەماڵەی کاک ئەحمەدی شێخ، کە خاوەنی نامەکە بۆ خزمەتی خۆبو ئاغاکانی بەزەبری داناوە.


جارێکیتر بەشێخ مەحموود، دەڵێت: (... ڕاست بزانە ئێستا دیسان یارمەتیی ئەم وجوودە ڕێزدارەیان فەرموو، دەنا هێزی عەسکەریان چیای سەرکەش لەگەڵ خاکدا یەکسان دەکات).

لەم بڕگەیەدا، هەڕەشەیەکی قورس لەشێخ مەحموود دەکاتو دەڵێت: ئەو ڕێزدارانە پەیمانی یارمەتییان بەتۆ داوەو تۆش دەتوانیت بەدەنگییانەوە بڕۆی، ئەگەرنا هێزی عەسکەریان وڵاتەکەتان بەشاخەکانیشەوە لەگەڵ زەویدا تەخت دەکات. بەڵای منەوە، ئەم قسانە لەپیاوی ئایینیو دنیادیدەو خاوەن ئەزموون ناوەشێتەوە، بەڵکو ئەمە قسەی یەکێکە کە بۆ سوودو دەسکەوتی تایبەتی خۆی هەوڵبدات، چونکە گەورەیی و بەرزەوەندی خۆی لەمەجلیسی ئەواندا دەبینێت.


ئەوەی نێردری نامەکە، دەیڵێت، گوایە ئەو ڕێزدارانە یارمەتییان بەشێخ مەحموود داوە، بەڵای منەوە یارمەتییەکەیان هەر ئەوەندە بووە ناوچەکە ئاڵۆز مەکەو لەماڵی خۆتدا دابنیشەو حکوومەتیش با کاروباری لەناوچەکەدا بەڕێوەبەرێتو ترسێک بۆ دەسەڵات دروست مەکەرەوە. ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە، ئەم قسانەی لەکاتێکدا کردوون کە: دوای هاتنەوەیەتی لای مەلیک فەیسەڵی یەکەم، وا دیارە هەر لەوێش نەخشەو پیلانی نوێیان داناوە، کە لەنامەکەدا چی بۆ بنووسیت، بەدووریشی نازانم، کە هەر ئەوان بەوشێوەیەی خۆیان ویستوویانە، بەناوی ئەوو بەرەزامەندیی نێردری نامەکە، نووسیبێتیانو بەناوی خۆیەوە ناردبێتی.

لەبەشی کۆتایی نامەکەیدا، داوا لەشێخ مەحموود دەکات وەڵامی نامەکەی بداتەوەو ئامادەیی نیشانبدات، نامەیەک بۆ حزووری مەلیک بنووسێت، تێیدا بڵێت: ئێوەی بنەماڵەی هاشمی لێم ببوورن.

پاشان لەدووا بڕگەی نامەکەیدا، دەڵێت: وەڵامەکەت بەنهێنی بنووسەو بینێرە، بەوجۆرە بێت یەکێک تێنەگات. گەورەیی شێخ مەحموودیش لەوەدا بووە کاری نهێنیی لەپشتی کوردەوە نەکردووە، بەڵکو ڕاو تەگبیری بەچواردەورەکەی کردووە، ئەوسا بڕیاری گونجاوی داوە.



ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1930:
بە مەبەستی ناچارکردنی شانشینی یەکگرتوو لەسەر بەخشینی سەربەخۆیی بە هیند، مەهاتما غاندی یاخیبوونی مەدەنی راگەیاند.



سالی 1957:
دوای تەواوبوونی پرۆژەی کشانەوەی هێزەکانی ئیسرائیل لە سینا و کەرتی غەزە، میسر جارێکی دیکە کەنالی سوێسی کردەوە.



سالی 1963:
حزبی بەعس کودەتای لە دژی حکوومەتی ئەوکاتەی سووریا ئەنجام دا و دەسەلاتی گرتە دەست.



سالی 1977:
ئەنجوومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان رۆژی 8ی مارسی وەک رۆژی جیهانیی ئافرەتان دەستنیشان کرد.



سالی 2004:
دەستوورێکی نوێ بۆ عێراق دانرا و ئەنجوومەنی حوکم ڕەزامەندی لەبارەوە نیشان دا.



سالی 2010:
بومەلەرزەیەک بە گورڕی 6.2پلە لە تورکیا ڕووبدا و بووە هۆی کوژرانی 51کەس و برینداربوونی 34کەسی دیکە.

بەرەبابەکانی دەسەڵات لە سریلانکادا

ڕەمزی میرەکانی

گۆتابایا راجاباکسا، سەرکردەی سەربازیی پێشووتر و وەزیری بەرگری پێشوو، توانی لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە سریلانکا براوە بێت و بە جیاوازی زیاتر لە 10%ی دەنگەکان، بەسەر رکابەرەکەی، ساجیس بریمداسا، پاڵێوراوی پارتی نیشتمانی یەکگرتووی پاریزگاردا سەرکەوێت. گۆتابایا، کە برا بچووکی سەرۆکی پێشووتر، ماهیندا راجاباکسایە، پاڵێوراوی پارتی (بەرەی گەلی سریلانکی) بوو و توانی زۆرینەی دەنگەکانی پەیڕەوکارانی (سەنهالی) بەدەست بێنێت، کە ئیتنێکی ئایینیە، لەتەک پشتیوانی پیاوە بەهێزەکانی ئایینی بوزا. ئەمەو سەنهالییەکان نزیکەی 75%لە کۆی دانیشتووانی سریلانکا پێک دەهێنن، لەوکاتەی تامیلەکان، کە هندۆسین، ڕێژەی 11%دانیشتووان پێک دەهێنن، زێدەباری نزیکەی دوو ملیۆن موسڵمان.

ئەوەش یەکەم جارە لە سریلانکا، دوو برا، دەسەڵاتەکەی بەڕێوە ببەن، دوای ئەوەی سەرۆک گۆتابایا راجاباکسا، برا گەورەکەی خۆی، ماهیندای بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران ڕاسپارد، کە پێشتر ئەویش سەرۆکی ئەو وڵاتە بووە. ئەو دوو برایە سەر بە بەرەبابی سینانایاکەن، کە میژوویەکی درێژیان لەو وڵاتەی باشووری ئاسیادا هەیە. لە بەناوبانگترین بەرەبابەکانی دەسەڵاتیش لە سریلانکا، ئەمەی لای خوارەوەن.

سیناناياکە

میژووی هەڵکشانی ئەو بەرەبابە بۆ دەسەڵات، بۆ ساڵی 1951دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی دادلی سیناناياکە، لە شۆینی باوکی ستیڤن سیناناياکە، پۆستی سەرۆک وەزیرانی سریلانکای وەرگرت. بەم دوایییەش مالباتی ڕاجاباکسا، لە ڕێگەی برایان، گۆتابایا و ماهیندا، پۆستی سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیرانی سریلانکایان وەرگرت، کە پێشتریش چەند پۆستێکیان لە نێوان خۆیاندا بەش کردبوو.

باندارانایاکە-کۆماراتونگا

لە ساڵی 1954دا،نۆرەی بەرەبابی باندارانیکە، لەگەڵ سۆلۆمۆن باندارانایکە دێت، کە سەرکردەیەکی رادیکالی چوست و چالاک بوو، کە لە دوای دووەم جەنگی جیهاندا، نەتەوەی سەنهالی لەگەڵ قوتابخانەی سوشیالیستی تێکەڵاو کردبوو. دوای تیۆرکردنیشی، بیۆوژنەکەی، سیریمافۆ باندارانایکە، لە مانگی تەموزی 1960دا، پۆستی سەرۆک وەزیرانی سریلانکای وەرگرت، کە ئەوەدەم یەکەم خانمە سەرۆک وەزیران بوو لە جیهاندا. دوای ئەوەی ئەو بەرەبابە بۆ چەندین دەیەی لە دوای یەک، دەسەڵاتی ئەو وڵاتەیان بەدەستەوە گرت، لە ماوەی نێوان 1994و 2005دا، چاندریکا کۆماراتونگا، کچی سۆلۆمۆن و سیریمافۆ، لە ڕێگەی پارتی سریلانکای ئازادی چەپڕۆی سەنهالی، دەسەڵاتی گرتەوە دەست و لەگەڵ دایکی، پۆستی سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیرانیان ئالوگۆڕ کرد. لە ساڵی 2008 یشدا، ئەنوارا باندارانایکە، کە پێشتر وەزیری دەرەوە، سەرۆک ئەنجوومەنی نوێنەران و سەرکردەیەکی ئۆپۆزسیۆن بوو، لە هەڵبژاردنەکاندا بەرامبەر ماهیندا راجاباکسا دۆڕا.

بریماداسا

ئەوکاتەی سیاسەتمەداری بە ئەزموون، راناسینگی بریماداسا، لە ساڵی 1989دا، توانی ببێتە سەرۆکی پارتی نیشتمانی یەکگرتووی پاریزگار، کە لەلایەن چینی دەست ڕۆیشتووی سەریلانکا پشتیوانی لێ دەکرێت، کەم کەس پێیان وابوو، بتوانێت مالباتەکەی بباتە ڕیزی بەرەبابە گەورەکانی سیاسەتەوە. چەند ساڵێک پێش ئێستا، ساجیس بریماداسا، کچی راناسینگی، پۆستی سەرۆک وەزیرانی سریلانکای وەرگرت، لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی سەرۆکایەتیشدا، رکابەری سەرۆکی هەڵبژێردراو گۆتابایا راجاباکسا بوو.

ئەوانی دیکە

لەلایەکی دیکەوە، بەرەبابەکانی سیاسەت، لە ڕێگەی ژنخوازییەوە تێکەڵاوی یەکتری بووینە، بۆیە زۆربەی پۆستەکانی کەرتی تایبەت و میریشیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کردووە. لە دیارترین ئەو بەرەبابانەش ئەمانە: گوبالاوا و جایواردینە، کە لەسەردەمی داگیرکاریی بەریتانیادا، لە خزمەتی ئەو وڵاتەدا بوون. یەکەم کەسیش کە لەنێو ئەو بەرەبابە چووە نێو دونیای سیاسەتەوە، هیکتۆر ئەلفرێد جایواردینە بوو، کە ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی کۆلۆمبۆی پایتەخت بوو، هەروەها جۆنێوس جایواردینەش، یەکێ لە سیاسەتمەدارەکانی ئەو بەرەبابەیە، کە بۆ ماوەی 11 ساڵ، سەرۆک کۆماری سریلانکا بوو. هەروەها جایواردینە، پەیوەندی ژنخوازییان لەگەڵ بەرەبابی ویکرێماسینگەش هەیە، کە سەرۆک وەزیرانی پێشووتری سریلانکا، رانیل ویکرێماسینگە، یەکێ لە ئەندامانی ئەو بەرە بابەیە و چەندین ساڵیش لە پۆستەکەیدا مایەوە.

میژووی سریلانکا

سریلانکا، یان سری لانکا، لە ماوەی نێوان ساڵی 1948و 1972دا، بە ناوی سیلان ناسراو بوو، ناوە فەرمییەکەشی، کۆماری سریلانکای دیموکراتی سۆشیالیستییە. وڵاتێکی دوورگەیی و دەکەوێتە باکووری زەریای هیندی لە باشووری نیمچە کیشوەری هند لە باشووری ئاسیادا. میژووی سریلانکا بۆ سێ هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە. جاران بنکەی سەرەکیی ڕێگا سەرەکییەکانی دەریاوانی بوو، کە ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، لەبەر ئەو پێگە ستراتیژییەشی، لە ماوەی نێوان ڕێگەی ئاوریشم و دووەم جەنگی جیهاندا، ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو. لە ساڵی 1948دا، سەربەخۆیی خۆی وەرگرت، دوای دانووستانی ئاشتیانە لەگەڵ بەریتانیا. سریلانکا بە جەنگێکی ئەهلیی توند ناسراوە، کە نزیکەی یەک چارەکە سەدە بەردەوام بوو، لەساڵی 1983وە بۆ ساڵی 2009ئەویش لە نێوان یاخیبووانی پڵینگەکانی تامیل و سوپای سریلانکا بوو.

باری کۆمەڵایەتی

سریلانکا بە مەکۆیە سەرەتاییەکانی بوزا دادەنرێت و لەوێ یەکەم دەقە ناسراوەکانی ئەو ئایینە نووسراوەتەوە، وڵاتێکی فەرە ئایین، ئیتن و زمانە و ڕێژەی 70%دانیشتووانی لە سەر ئایینی بوزان، ئەوانی دیکەش هیندۆسەکان 12% موسڵمانان 10% کاسۆلیکی 6%و پرۆتستانتیش 1.%لەسەر ئاستی ئیتنیشدا، سەنهالییەکان زۆرینەن و ڕێژەی 75%دانیشتووان پێکدەهێنن، زێدەباری تامیلەکان 11%باقیەکەش دیکەش تامیلی عەرەب، هندی، مالیزیی و بورگەرن. بە ناوبانگترین وەرزش لە سریلانکا، یاری کریکتە و لە ساڵی 1996دا، نازناوی جامی جیهانی لەو یارییەدا بەدەستهێناوە، لە ساڵانی 2011و 2017یش، پلەی دووەمی بەدەستهێناوە، هەروەها لە میژووی بەشداریکردنەکانیدا، تەنیا خاوەنی دوو میدالیای زیوی ئۆلمپییە.لە سریلانکادا دوو زمانی سەرەکیی هەیە، سەنهالی، کە نزیکەی سێ بەشی ئەو وڵاتە قسەی پێ دەکەن، لەگەڵ تامیلی، کە ڕێژەی 26%دانیشتووان قسەی پێ دەکەن. سریلانکا بە هەناردەکردنی چا، قاوە، لاستیک و گوێزی هندی بەناوبانگە. ژمارەی دانیشتووانی سریلانکا، 21444000ملیۆنە کەسە، ڕووبەرەکەشی 65610 هەزار کیلۆمەتری دووجایە و پایتەختەکەشی، کۆلۆمبۆیە. سریلانکا لە ڕووی کارگێڕییەوە بەسەر 9هەرێم دابەش بووە، ئەوانیش بەسەر 25پارێزگا دابەش بووینە، هەرێمەکان خاوەن دەسەڵاتی جێبەجێکارن و دەسەڵاتداری خۆیان هەیە. هەرێمەکانیش ئەمانە: کاندی، ترینکۆمالی، ئەنواردابورا، جفنا، کۆرۆنیگالا، ڕاتنابوار، گالی، بادۆلا و کۆلۆمبۆ.

سیستمی سیاسیی

سیستمی سیاسیی لە سریلانکا، کۆماری سەرۆکایەتی فرە حزبییە. سەرۆکی وڵات، سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکارە، دەسەڵاتی یاسادانان لە نێوان حکومەت و پەرلەمان دایە، دەسەڵاتی دادگاییش، لە هەردوو دەسەڵاتەکەی دیکە جیایە و سەربەخۆیە. لەوەتەی ئەو وڵاتە سەربەخۆ بووە، تەنیا دوو پارت هەژموونیان بەسەر حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکاندا سەپاندووە، پارتی ئازادی سریلانکا، کە ئاراستەیەکی سۆشیالیستی هەیە، لەگەڵ پارتی نیشتمانی یەکگرتووی پاریزگار. سەرۆک کۆمار بۆ ماوەی 6ساڵ، بە دەنگدانی گشتی ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێت و لەبەردەم پەرلەمان بەرپرسیارە، کە دەتوانێت بە کۆی دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی لە پۆستەکەی دووری بخاتەوە، ئەویش بە ڕەزامەندی دادگای باڵا، سەرۆک کۆمار، سەرکردەی باڵای هێزە چەکدارەکانە. پەرلەمانی سریلانکا، لە 225ئەندام پێکدێت و هەر 6ساڵ جارێک هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت، لەوانە 196ئەندام، لەو بازنە هەڵبژاردنانە دەنگیان پێ دەدرێت، کە خاوەنی یەک کورسین، 29 ئەندامەکەی دیکەش، بە سیستمی لیستی ڕێژەیی هەڵدەبژێردرێن. سەرۆک کۆمار مافی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی هەیە، ئەویش دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەرتەمەنیدا.

سەرچاوە:
www.aawsat.com



چەند بەرپرسێکی باڵای تورکیا ڕایاگەیاند بەو پێیەی وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا بە ڕێککەوتنی تایبەت بە پەنابەران پابەند نەبوون ، بۆیە ئەوان چیتر ئامادە نین ڕێگە لە چوونی پەنابەران بگرن بۆ وڵاتانی ئەورووپا ، لەو بارەوە هەموو دەرگا وشکانی و دەریاییەکان لەبەردەمی ئەوان والاکران و تەنانەت بە پاسی تایبەتیش تا نزیکەی سنوورەکان دەبرێن . لە بەرامبەریشدا یۆنان هەموو سنوورەکانی خۆی لەگەڵ تورکیا داخست و یەکێتی ئەوروپاش جگە لەوەی داوای لە تورکیا کرد پابەند بێ بە ڕێککەوتنی نێوان هەردوولا ، هێزی دەریاییشی خستە ئامادەباشی.

www.xebat.net
یەک شەممە 2020/3/8 ژمارە (5947)
خەبات



ئایا باکووری سووریا
مۆسکۆ و ئەنقەرە
بە کوێ دەگەیەنێ؟



ئا: هەندرێن شێرزاد

ئەو شەڕ و ئاڵۆزیەی ئێستای باکووری سووریا جگە لەوەی جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، هاوکات خەریکە ئاراستەی پەیوەندیەکانی نێوان رووسیا و تورکیاش دەگەیەنن ئاستێکی مەترسیدار. رۆژانە پێشهاتی خێرا لەو ناوچەیە بەدی دەکرێن ، ئەمە وا دەکات شارەزا و شرۆڤەکارانیش لێکدانەوەی جیاجیا بۆ ئایندەی پەیوەندەکانی نێوان هەردووک وڵات بکەن ، تەنانەت هەندێکیان بە دوور نازانن کە سوپای هەردوو وڵات ڕاستەوخۆ بەریەک بکەون.

بۆردومانکردنی بارەگای سەرکردایەتی رووسیا

رۆژی یەکشەممەی ڕابردوو ، هێزەکانی تورکیا بارەگای سەرکردایەتی رووسیایان لە گوندەواری منبج لە باکووری سوریا کردە ئامانج ، هاوکات ناوچەکانی عەرێە و خالیدیە و کاوکلی یالنی و جەب حەمرای ژێر کۆنترۆڵی ئەنجوومەنی سەربازیی منبجیش بۆردومان کران و لە بەرامبەردا دەیان خێزان ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ هێشت.

دەستگیرکردنی سەرنووسەری سپۆتنیک

لەو نێوەندەدا، دەسەڵاتدارە ئەمنیەکانی تورکیا ماهر بوزتیبی سەرنووسەری ئاژانسی سپۆتنیکی ڕووسیان لە تورکیا دەستگیر کرد و لەو بارەوە ئاژانسی ناوبراو لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند پۆلیس بۆزتیبی ڕەوانەی بەشی سەرەکی ئاسایش کردووە لە ئەستەنبوڵ. پێشتریش وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا ڕایگەیاندبوو کە کارمەندانی ئاژانسی سپۆتنیک لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی تورکیاوە دەستبەسەر کراون.

> **دەستگیرکردنی سەرنووسەری سپۆتنیک**
>
> لەو نێوەندەدا، دەسەڵاتدارە ئەمنیەکانی تورکیا ماهر بوزتیبی سەرنووسەری ئاژانسی سپۆتنیکی ڕووسیان لە تورکیا دەستگیر کرد و لەو بارەوە ئاژانسی ناوبراو لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند پۆلیس بۆزتیبی ڕەوانەی بەشی سەرەکی ئاسایش کردووە لە ئەستەنبوڵ. پێشتریش وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا ڕایگەیاندبوو کە کارمەندانی ئاژانسی سپۆتنیک لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی تورکیاوە دەستبەسەر کراون.

وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا هاتە دەنگ

وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا لە بەیاننامەیەکی بە پەلەدا داوای لە دەسەڵاتدارانی تورکیا کرد چارەی ئەم بارودۆخە بکەن و کار بکەن بۆ پاراستنی سەلامەتیی کارمەندانی دەزگا میدیاییەکانی ڕووسیا. لە لایەکی دیکەوە ، ئاژانسی سپۆتنیکیش ڕایگەیاند چەند کەسێک لە ئەنقەرە هێرشیان کردۆتە سەر ماڵی کارمەندانی ئاژانسەکە و هەڕەشەشیان لێ کردوون و هەوڵیان داوە بە زەبری هێز خۆیان بکەن بە ماڵەکاندا.

ئەگەرەکانی پێکدادان

وەک دیارە، چەند جارێک ئیدارەی ئەمەریکا پشتگیری خۆی بۆ تورکیا دووپات کردۆتەوە، ئەمەش وا دەکات لە بڕیارەکانی تورکیا دەگڕێتەوە.


یاریکردن لە کەنارێ هەڵدێر

کەم نین ئەو شارەزا و پسپۆڕانەی پێیان وایە بارودۆخی ئێستای نێوان ئەنقەرە و مۆسکۆ بریتیە لە هەوڵێک بۆ یاریکردن لە کەناری هەڵدێرێکی سەخت ، بەو پێیەی هەریەکەیان ناخوازن ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە و هەموو ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتنەکان دەبارەی سووریا ژێرخۆڵ بکەن ، لە هەمان کاتدا هەر لایەن هەوڵی وەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر دەدات.

شارەزایان پێیان وایە ئەوەی لە ئیدلب ڕوودەدات دەبێتە مایەی دیارکردنی زۆر لەو هاوپەیمانیە هەرێمی و نێودەوڵەتیانەی لە ناوچەکە سەر هەڵدەدەن ، هاوکات ئەمە سنووری پەیوەندیەکانی نێوان ڕووسیا و تورکیاش دیار دەکات لە ناوچەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی سووریا ، بەو پێیەش کە هێزەکانی ڕووسیا لە قامیشلی و منبج و کۆبانێ و ڕەقەدا بڵاو بوونەتەوە ، بۆیە هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەک لە نێوان هەردوولا ڕوو بدات ، بێگومان بە دڕێژایی سنوورەکانی نێوان سووریا و تورکیا دەگڕێتەوە.

هەکرێ بڵێین ڕووسیا و تورکیا کار بۆ ئاڵۆزترکردنی بارودۆخەکان دەکەن، بەڵام لە توانایشیان هەیە کۆنترۆڵی خۆیان بکەن. لە لایەک ڕووسیا پاڵی بە سوپای سووریا نا کە چەند ناوچەیەکی ستراتیژیی لە گوندەواری حەلەب و ئیدلب کۆنترۆڵ بکاتەوە و بەمەش ئەو خاڵانە ئابڵۆقە دران کە لەلایەن تورکیاوە بۆ چاودێریکردن دانرابوون.کەواتە وێڕای ئەو ئاڵۆزیە، بەڵام هێشتا هەردوولا بۆشاییەکیان هێشتۆتەوە بۆ ئەوەی تیایدا بە لێکتێگەیشتنێک بگەن .

کاریکاتێر



مانشێت



سکای نیوز:
سەرۆکی ئەمەریکا بە دووری نەزانی دوای کشانەوەی هێزەکانی لە ئەفغانستان، جارێکی دیکە بزووتنەوەی تاڵیبان لەو وڵاتە دەسەڵات کۆنترۆڵ بکاتەوە.



ئەی ئێف پی:
سەرۆکوەزیرانی یۆنان ڕێککەوتنەکەی ساڵی 2016ی نێوان تورکیا و یۆنانی تایبەت بە پەنابەرانی بە مردوو وەسف کرد.



ئیلاف:
بە هۆی ترسی ڤایرۆسی کورۆنا ، ڕووسیا سنوورەکانی هاتوچۆی لەگەڵ ئێران داخست.



رۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا داوای هێورکردنەوەی بارودۆخی ئیدلبی کرد.



فرانس 24:
بەهۆی ڤایرۆسی کورۆناوە ئاستی هەناردەکردنی کەلوپەلی چینی تەنیا لە دوو مانگی کانونی یەکەم و شوبات بە ڕێژەی 17.2%دابەزیوە.



بی بی سی:
خافییر پیرێز دی کویلاری سەرۆکوەزیرانی پێشووتری پیرۆ و ئەمیندارای پێشووتری نەتەوە یەکگرتووەکان لە تەمەنی 100ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

خەلیل یابە: دەبوو حکوومەتی هەرێم پشتگیری زیاتری هونەرمەندان بکات بۆئەوەی نەگات بەو ئاستەی ئێستا هەیە



دیانە-پەریها عومەر

هونەرمەندی شاری هەولێر ، خەلیل یابە کەریم لە سالّی (1938)لە شارۆچکەی گوێر لەدایکبووە، قوتابخانەی سەرەتایی هەر لە گوێر تەواو کردووە و ناوەندیشی لە هەولێر و خانەی مامۆستایان لە موسڵ تەواو کردووە.سەرەتای دەست پێکردنی کاری هونەری دەگەڕێتەوە بۆ نمایشی سالّانەی قوتابخانەکان کەبەشداریکردووە، بەشداری لە چیرۆکێکی تەمسیلی بەناوی(خۆشی جوتیار) کردووە. ئەوە دەبێتە بەردی بناغەی حەزی بۆ هونەر بەڵام بۆی نەڕەخساوە لە هەموو چالاکییەکان بەشداری بکات.

*** چ خوێندنەوەیەکتان بۆ ئێستای هونەری کوردی؟**

-پاش هاتنی داعش شەری تیرۆر حکومەتی هەرێم دووجاری قەیرانێکی دارایی قوڵبووە ئەوەش کاریگەری هەبوو لە سەر هەموو سێکتەرەکانی ژیان بەتایبەتی بواری هونەری بەگشتی، بواری هونەری شانۆ و شانۆگەری و فیلم سازی دراما بەبێ پشگیری دارایی ئەنجام دانی ئەستەمە.ئەگەر سەرنجێک بدەینە هونەری کوردی دەبینین چەندین شانۆ درامای کوردی لەکار کەوتوون چونکە هیچ پاڵپشتیەکی داریی نەکراون.

*** سەبارەت بەو دراما دۆبلاژکراوانە چیت هەیە وەک هونەرمەندێک؟**

بەداخەوە بۆ کەناڵەکانی ئێمە ئەو دراما بیانیانە پەخش دەکەن، بەتایبەتی دراما تورکییەکان کە لەگەڵ داب و نەریتی ئێمە نا گونجێت و بۆتە هۆی لێکترازاندنی خێزانەکان و لە ناوبردنی درامای کوردی. زۆرجار پێشنیاری ئەوەمان کردووە کە تەنیا پارەی دۆبلاژکردنی ئەو فیلم مانەمان بۆ سەرف بکەن ئێمە دەتوانین درامای کوردی ئەنجام بدەین بەڵام بەداخەوە کەس گوێی پێ نەداین.

*** جگە لە بواری هونەری بە چ پیشەیەکی ترەوە سەرقاڵی؟**

هیچ پیشەیەکی ترم نیە. بەداخەوە دەبوایە هونەرەکەمان پیشەبوایە لە پاش ئازادکردنی عێراقەوە پێک هێنانی حکوومەتی کوردستان هیوامان وابوو ڕۆژ بەڕۆژ هونەر بەرە و پێشەوا بچێت نەک بگاتە ئەو ئاستەی ئێستا.

*** چ کار و پرۆژەیەکی هونەری تازەت لەبەر دەستە ؟**

بریارە لە زنجیرە درامای گورگەکان بە شداری بکەم دەگاتە زیاتر لە هەشتا ئەڵقە بۆ کورد ماکس تیڤی لە نوسین و دەرهێنانی هونەرمەندی بەتوانا میران شیری.

لەتیفە تونسی تووشی کۆرۆنا بوو



گۆرانی بێژو پێشکەشکاری شۆخ لەتیفە تونسی، بۆمیدیاکانی ڕاگەیاند کەوا لەسەر داخوازی خۆی بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی پەتای کۆرۆنا لەناو مالەکەی خۆی خراوەتە ژێرچاودێریەوە. لەتیفە تونسی، جەختی کردەوە کە ترسی ئەوەی هەیە خۆی تووشی کۆرۆنا بێت و دایکیشی بەهۆی ئەوەوە بیگرێتەوە. بەم جۆرەش لەناو مالەکەی خۆیدا هەموو ئامادە باشییەکی بۆ وەرگیراوە. لەتیفە چەندین وێنەی خۆی بە ماسک بلاوکردۆتەوەو لە زۆربەی تۆزە کۆمەلایەتیەکانیش بلاوکراوەتەوە. لەتیفە داوای کرد کە پێویستە لەم ماوەیە تێکەلبوونەکان کەمبێتەوەو چالاکییە هونەریەکان کۆنترۆڵ بکرێ.

خۆتان لە خواردنەوەی ئاو بێ بەش مەکەن

خواردنەوەی ئاو بە ڕێژەی پێویست کۆمەڵێک سوودی زۆری هەیە کە گرنگە هەموومان بیزانین تا بەردەوام ڕێژەی ئاوی پێویست بخۆینەوە: خواردنەوەی ئاو دەبێتە هۆی دابەزاندنی کێش، چونکە یارمەتی شۆردنەوەی لەش دەدات لە پاشماوەی هەرسکردنی چەوری، ئاو هیچ وزەیەکی تێدا نییە کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەکارهێنانی چەوری لەش، خواردنەوەی ئاو برسێتی کەم دەکاتەوە و دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئارەزووی خواردن. زۆربەی کات ژانەسەر بەهۆی کەمیی ڕێژەی ئاوەوەیە لە لەشدا، بۆیە خواردنەوەی ئاو هۆیەکە بۆ چارەسەری ژانەسەر بە شێوەیەکی سروشتی، گرنگە پێش ئەوەی بیر لە بەکارهێنانی دەرمانی ئازارشکێن بکەینەوە، ئاو بخۆینەوە. ئاو دەبێتە هۆی شێداری پێست بەم هۆیەش پێکهاتە لاستیکیەکەی پێست دەپارێزێت و ڕێگری دەکات لە چرچبوون و وشکبوونەوە. چالاکی دەبەخشێتە لەش بەوێ چالاکردنی میشک و یارمەتیدانی ماسوولکەکان. ئەو کەسانەی کە وەرزش دەکەن پێویستە ڕێژەی پێویست ئاو بخۆنەوە بە شێوەیەکی هێمنانە تا یارمەتیی ماسوولکەکان بدات و گرژبوون و ڕەقبوونی ماسوولکە کەمبکاتەوە بەهۆی گواستنەوەی خۆراک و ئۆکسجین بۆ ماسوولکەکان و ڕزگارکردنی ماسوولکەکان لە پاشەڕۆ خۆراکییەکان. خواردنەوەی ئاو جگە لەکاتی خواردن، یارمەتیدەرە لە کرداری هەرس و دورکەوتنەوە لە قەبزی و زیادکردنی جوڵەی ڕیخۆڵەکان، بە پێچەوانەوە زۆر ئاو خواردنەوە لەکاتی نان خواردندا دەبێتە هۆی ڕێگری لە کرداری هەرس بەوێ دابەزاندنی ترشێتی گەدە و هەڵاوسانی.



هەوێردە.. بەپێچەوانەی گۆشتی ئاژەڵ و پەلەوەرکانی دیکە، سوودێکی زۆری بۆ نەخۆشی دڵ و گورچیلە و بەرزی پەستانی خوێن هەیە

ئا:هێمن ئاری

هەوێردە، ناوی باڵندەیەکە لەزۆربەی وڵاتان بوونی هەیە، ئەم پەلەوەرە لەوەرزی دووروێنەی جۆدا و لەکۆتا وەرزی بەهاردا هێلکە دەکات و بێچوو هەڵدێنێت. ئەم باڵندەیە قەبارەکەی هاوشێوەی کۆتر و قەتێ و سوێسکەیە ،بەڵام نەخشێکی جوان و سەرەنج ڕاکێشی هەیە.

هەوێردە، شێوازی نەخش و نیگارەکانی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە گۆڕانکاری بەسەردادێت و نەخشیبان جیاوازە.

ئەگەر سەیر بکەین لەئێستادا بەهۆی پێشکەوتنەکانی ژیان لەگشت بوارەکاندا بایەخدان بە پەلەوەر و باڵندەکان لەجیهاندا هاوشێوەی بوارەکانی دیکەی ژیان بایەخی پێدراوە و سوودییان لێوەرگیراوە بۆ بردوان بە لایەنی بازرگانی.

یەکێک لەو پەلەوەر یان باڵندانەی لەئێستادا بایەخی پێدەدرێت ، بەتایبەتیش وڵاتی یابان هەوێردەیە. وەک لەڕووی زانستیشەوە سەلمێنراوە گۆشت و هێلکەی هەوێردە بەبەراورد لەگەڵ گۆشتی تر سوودێکی باشی بۆ جەستەی مرۆڤ هەیە.تەنانەت لە قورئانیش خودا ئاماژەی بە بایەخ و گرنگی ئەم پەلەوەرە کردووە.

گۆشتی ئەم باڵندەیە پڕ لەپڕۆتینە، بەتایبەت بۆ ئەوانەی دەچنە تەمەنەوە خواردنی سوودێکی زۆری هەیە ،بەپێچەوانەی گۆشتی ئاژەڵ و مریشک و باڵندەکانی دیکە کە زەرەرییان بۆ پالّەپەستۆی خۆێن و نەخۆشییەکانی دڵ و گورچیلە و ... هتد هەیە.

لێرەدا باس لەبایەخ و گرنگی خواردنی هێلکەی هەوێردە دەکەین کە چەند سوودێکی گرنگی بۆ تەندروستی مرۆڤ هەیە وەک: پاراستنی هاوسەنگی و پەستانی خۆێن، پاککردنەوەی جەستە لە ژەهر و تیشکە ژیان بەخشەکان ، چالاککردنی کۆئەندامی هەرس ، بەهێز کردنی کۆئەندامی زاوزێ و زوو ئاو هاتنەوە لەپیاواندا، هەروەها سوودی هەیە بۆ بەهێز کردنی میشک و ڕێگری کردن لە ژەهراوی بوون لەکاتی دوو گیانبووندا ، هەروەها یارمەتی هاوسەنگی دڵ و لوولەکانی خوێن دەدات، بۆ بەهێز کردنی دەمارەکانیش باشە ، بۆ بەهێز کردنی شانەکانی ئێسک سوود بەخشە ، بۆ بەهێز کردنی کۆئەندامی بەرگری باشە. هەروەها کارەکات لەدژی شێرپەنجە و نەخۆشییەکانی جگەر و دژی نەخۆشی شەکرەیە ، بریتی گەددە زوو چاک دەکات و بۆ ئازاری جیوب و دڵەڕاوکێ بەسوودە

هەوێردە هەم گۆشت هەم هێلکەکەی سوودێکی سەرسوڕهێنەر بەجەستەی مرۆڤ دەبەخشێت





، بەردی گورچیلە نا هێلکێت و بۆ کێشەی کەم خوێنی و دڵ و بەرزی پەستانی خوێن باشە ، هەروەها بۆ تەندروستی پێست و بەهێز کردنی قژ سوودی هەیە ، بۆ دووبارە نوێکردنەوەی خانەکانی لەش سوودی هەیە و ئاستی زیرەکی مندانڵ بەرز دەکاتەوە. جگە لەمانەش سوودی بۆ بەهێزکردنی توانای سێکسی بۆ پیاو هەیە..جگە لەوەش هێلکەی هەوێردە وەکو چارەسەر بەکار دێت بۆ نەخۆشی تالاسیما و کەم خوێنی و چالاککردنی کرداری هەرس .

ئەمشەو ئۆڵتدرافۆرد
دێربی مانچستەر
لە خۆدەگرێت



ئەمشەو یاریگای ئۆڵتدرافۆرد، لووتکەی گەڕی 29ی خولی ئینگلیزی لە ئامێز دەگرێت، کاتێک لە یاری دێربی یانەی مانچستەر یونایتد میواندارى رکابەرەکەی مانچستەر سیتی دەکات.

ئەم دوو یانەیە لە سەردەمی پریمێرلیگدا 45 جار بەیەک گەیشتوون، مان یونایتد توانیویەتی 22یاریی بباتەوە بەرامبەر 15بردنەوە بۆ مان سیتی لەگەڵ 8یاریی بەرامبەر بوونە.

سەبارەت بەم یارییەش سۆلسکایەری راهێنەری مان یونایتد بڕوابوونی خۆی بە توانای یاریزانەکانی دەربڕی کە لە یاری دێربیدا داستانێک تۆمار دەکەن، لەملاشەوە گواردیۆلای راهێنەری مان سیتی ئەوەی ڕەتکردەوە کە یانەی بەرامبەر تیپێکی بەرگری بێت و پێی وایە ڕووبەڕووی رکابەرێکی هێرشبردن دەبێتەوە.

زێدان دەبێتە راهێنەری یۆڤینتۆس



ئەنجامە خراپەکانی ئەمدواییە وای لە یانەی یۆڤینتۆس کرد کە ببر لە هینانی راهێنەرێک بکاتەوە و ساری لە ئەرکەکەی دوور بخاتەوە.

ڕاپۆرتە هەواڵەکان لە ئیتاڵیا بڵاویانکردەوە کە یانەی یۆڤینتۆسی ئیتاڵی لەهەوڵی ئەوەدایە لەگەڵ زێنەدین زێدان ڕێکبکەوێت، بۆ ئەوەی لە هاوینی داهاتوو ئەرکی راهێنانی یۆڤی لە ئامێزبگرێت.

ڕاپۆرتەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە یانەی یۆڤی بڕی 7ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی تەرخانکردووە بۆ ئەوەی زێدان لە سانتیاگۆ دوور بکەوێتەوە.

سیتین: یاریزانەکانمان زۆر پشت بە مێسی دەبەستن



کیکی سیتینی راهێنەری یانەی بەرشلۆنە رایگەیاند کە یاریزانانی کەتالۆنیا لەناو یاریگادا زۆر پشت بە لیۆ میسی دەبەستن.

سیتین لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی بریویدکۆی ئیسپانی لەبارەی پەیوەندی مێسی بە یاریزانانی یانەکەی گوتی: لە راستیدا یاریزانان زۆر بیر لەوە دەکەنەوە چۆن تۆپ بگەینە مێسی، ئەگەر منیش بم وادەکەم، هەموو جار ئەمە بەیاریزانان دەڵێم کاتێک تۆپ لە ژێر قاچی بەتواناکاندا بێ ئەوا بەشێوەیەکی سەرکەوتوو تۆپەکە دەگەیەنە شوینی مەبەست، هەر بۆیە یاریزانەکان هەمیشە بەدوای مێسیدا دەگەڕێن، پشت بەستن بە مێسی کاریکی دروست و سروشتییە و کاتێک تۆپ لای مێسییە هەست بە ئارامییەکی تەواو دەکەم.

ئەگەری زۆر هەیە یاریییەکەی سان جێرمان و دۆرتمۆند بەبێ جەماوەر بەڕێوەبچێت



ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکانی فەرەنسا ئاشکرایان کرد کە ئەگەرێکی زۆر هەیە یاریی گەڕانەوەی نێوان پاریس سان جێرمانی فەرەنسی و بروسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی کە لە میانی یاریییەکانی خولی 16ی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بەیەک دەگەن، بەبێ ئامادەبوونی جەماوەر بەڕێوەبچێت.

ڕۆژنامەی لێپاریزیانی فەرەنسی بڵاویکردۆتەوە کە دوای ئەوەی حکومەتی فەرەنسا هەموو گردبوونەوەیەکی هەڵدەوەشێنیتەوە ئەگەر ژمارەی ئامادەبووان لە 5هەزار تێبپەڕێنێت، ئەویش بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، تا ئێستاش ئەو بڕیارە کاری پێکراوە و زۆر بۆنە هەڵوەشێنراونەتەوە.

لەبەرامبەر ئەم بڕیارەش، مارکینێزی یاریزانی یانەی پاریس سان جێرمان ئەم بڕیارە ڕەتدەکاتەوە دەڵێت: بەبێ جەماوەر ڕووبەڕووی دۆرتمۆند نابینەوە، دەمانەوێ جەماوەر پاڵپشتمان بێت، ئەگەر زۆرمان لێ بکەن یاریییەکە بەبێ جەماور بەڕێوەبچێت، ئەوا داوادەکەین یاریییەکە دوابخرێت.



یاریزانیکی فوتساڵی هەڵەبجە لە دیمانەیەکی خەباتدا
نیان وەلی: ڤایرۆسی کۆرۆنا تیپەکەمانی لەمەشق وڕاهێنان نەوەستاندووە



دیمانە:سەرهەنگ نەجمەدین

ماوەی چەند ساڵێکە یانە وەرزشییەکانی کوردستان خاوەنی چەندین تیپی بەهێزی کچانن لەیاریی جۆراوجۆرەکان، یاری فوتسالیش یەکێکە لەو یاریانەی کەهەمیشە ئافرەتان حەز بەو یارییە دەکەن ، خاتوو نیان وەلی ڕەسول یەکێکە لەو یاریزانانەی کە هەمیشە هەموو کات ڕاهێنەر لەکاتی یاریییەکاندا پشتی پێ دەبەستێت و جێی متمانەیە، بۆتیشک خستە سەر ئەم یاریزانە ئاست بەرزەی یانەی هەڵەبجەی شەهید لەیاری فوتسالدا لەنزیکەوە بەباشمانزانی ئەم کچە وەرزشوانە بەچەند پرسیارێک بەسەر بکەینەوە و سەرەتا سەبارەت بەچۆنیەتی هاتنی بۆ نێو دونیای وەرزش خاتوو نیان بۆ خەبات ڕایگەیاند: بێگومان هەر لەمنداڵییەوە خولیایەکی زۆرم بۆ بواری وەرزش و وەرزش کردن هەبوو بەتایبەتی لەقوتابخانەکان هەموو کات بەشداری چالاکییە وەرزشییەکانم دەکرد، لەساڵی 2012وە بەشێوەیەکی ئەکادیمی لەقوتابخانەی ئاسۆ وەرزشی تۆپی پێم دەستپێکرد، بە ماوەیەکی کورت توانیم بوونی خۆم بسەڵمێنم و ئێستا وەک یاریزانێکی سەرەکی لەیانەی هەڵەبجە یاری دەکەم.

سەبارەت بەئامادەکاری تیپەکەیان بۆ خولی فوتسالی نایابی کوردستان ئەو بۆ ئەم پرسەیش قسەی خۆی هەبوو لەوەڵامدا گوتی: بێگومان ڕۆژانە بەبێ وەستان بەپێی پلان و بەرنامە مەشقەکانمان ئەنجام دەدەین، خۆشبەختانە ئەم وەرزە چەندین یاریزانی ئاست بەرز وبەتوانامان هێناوەتە ڕیزی تیپەکە بۆ بەشداری کردنیان لەخولی فوتسالی کوردستان.

گوتیشی: زۆربەی زۆری یانەکان بەهۆی نەخۆشی کۆرۆنا چالاکییەکانیان ڕاگرتووە، بەڵام یانەکەی ئێمە بەبەردەوامی ئێستاش مەشق وڕاهێنان ئەنجام دەدات.

لەبارەی کردنەوەی خول لەماوەی یەک ساڵدا لەلایەن یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان خاتوو نیان بۆ ئەمەیش گوتی: بێگومان کردنەوەی خول لەماوەی یەک ساڵدا بۆ یانەکان خۆی لەخۆیدا کارێکی باش نییە و سستی و لاوازی دەکەوێتە نێو یاریزانەکان بەهۆی چاوەڕوانی کردنیان بۆ ماوەیەکی یەکجار درێژ، بۆیە حەقوایە لەماوەی ساڵێکدا 2خول بۆ یانەکان ئەنجام بدرێت، چونکە ژمارەی یانەکانی خولی فوتسالّ ژمارەیەکی زۆر نییە تاخەرجی زۆری بۆ تەرخانبکرێ.

هەر لەبارەی ئاستی وەرزشی ئافرەتان لەکوردستان بەگشتی و لەشاری هەڵەبجە بەتایبەتی نیان بەڕاشکاوانە بۆ ئەم پرسیارەیش بەمشێوەیە وەڵامی دایەوە: بێگومان وەرزشی ئافرەتان لەهەڵەبجەی شەهید تارادەیەکی زۆر پێکشەتووە، بەڵام لەکوردستان من شاری سلێمانی بەپێشکەوتووترین شار دەزانم کەزۆر بایەخ و گرینگی بەوەرزشی ئافرەتان دەدرێت و زۆربەی زۆری یاریزانەکان خاوەن دەستکەوتی گەورەن لەیاریی جیاجیاکاندا.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Sun.8. Mar. 2020 No: (5947)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

کوردێک دەبێتە نوێنەری سینەمای نێودەوڵەتی (نور)ی مەغریب

خەبات: خالدار تەوالی

بەڕێوەبەری فیستیڤاڵی سینەمای نێودەوڵەتی (نور)لە وڵاتی مەغریب (حەنان سککی) تایبەت بە ڕۆژنامەی(خەبات)ی ڕاگەیاند هەرچەند سەردانی کوردستانم نەکردووە، بەڵام زانیاریم هەیە دەربارەی کورد و ئەو ستەمەی کە لە گەلی کورد کراوە و دوژمنان دابەشی چوارپارچەیان کردووە . هەروەها پێشمەرگە تێکشێکنەری تیرۆرستانی داعش بووە، بەهیوام دەرفەتێک ڕێکەوێت تاکو هەرێمی کوردستان ببینم لەگەڵ ئەوەشدا کۆنتاکی باشمان هەیە لەگەڵ ئەکتەر و دەرهێنەرە کوردەکان. کارە هونەرییەکانیان لە ئاستێکی زۆر باش دەبینم، من وەک سەرۆکی فیستیڤاڵ دەرهێنەری کورد(کامەران مەنسور کەرکووکی)م دەسنیشان کردووە، بێت بە نوێنەر و ڕێکخەری فستیڤاڵمان کە لە شاری (کازا پلانکا)ئەنجام دەدرێت و نوێنەرمان دەبێت لە عێراق و کوردستان بۆ دەست نیشان کردنی کورتە فیلمە سینەمایییەکان و بەشداریکردنیان لە فستیڤاڵ و پێشبڕکێ بۆ بەدەست هێنانی خەڵات. سەبارەت بە هەڵبژاردنی وەک نوێنەری فستیڤاڵ لە خولی چوارەم کە لە مانگی تشرینی دووەمی ئەمساڵ بەڕێوەدەچێت (کامەران)ڕۆژنامەی بە (خەبات)ی گوت: بەهیوام لە ئاستی متمانەی فستیڤاڵ بم و فیلمە سینەماییەکانی کوردستان بناسرێن لە جیهان و تاکو ئێستاش چەندین کورتە فیلمی سینەمایی لە عێراق و کوردستان بە دەستم گەیشتووە و ئومێدەوارم خەڵات بەدەست بهێنن کە خەڵاتەکان بریتین لە شەش خەڵات وەک خەڵاتی (نور الکبیر) و باشترین ئەکتەری کچ و کوڕ و باشترین دەرهێنەر و باشترین سیناریۆ لەگەڵ خەڵاتی تایبەتی لیژنەی دادوەری. پەیامم بۆ سەرجەم سینەماکاران و دەرهێنەرانی کوردستان و عێراق ئەوەیە: هەر کورتە فیلمێکی سینەمایی چ دراما بێت، یاخود دیکۆمێنتاری لینکەکەی بنێردرێت بۆ بەشداریکرن لە ڕێگەی ئیمەیل (kamarankrk1969@gmail.com) یاخود فیس بووک kamaram Mansur kerkuki) (لە کۆتاییدا ناوبراو گوتی: زۆر سوپاس بۆ ڕۆژنامەی(خەبات)و گرنگی دانی بەم بابەتە.

پەرەگرافێک لە کارە هونەرییەکانی (کامەران مەنسور فەتاح) کەرکووکی فیلمی (مالّ ئاوا) نووسین و سیناریۆ و بەشداری لە ڤیستیڤاڵی ئیتاڵیای کردووە . فیلمی (خۆزگە)نووسەر و سینارست و دەرهێنەر. فیلمی (ماجی ئیسکەکان) نووسەر و سینارست و یاریدەدەری دەرهێنەر و نواندن. فیلمی (دالیا)و(خۆزگە)نووسەر و سینارست و دەرهێنەر. فیلمی (جەنگەڵستان) نووسەر و سینارست و دەرهێنەر. فیلمی (دوا چارەنووس)دەرهێنەر و ئەکتەری سەرەکی و سیناریو. شانۆگەری(ڕەش و سپی)نووسین ودەرهێنەر کە بشداری ڤیستیڤاڵی شانۆی شەقام کردووە خولی(حسین مسری) لە کەرکووک . درامای (لاپەڕکای کەرکووک)نووسەر و سینارست بەڕێوەبەری بەرهەم و ئەکتەری سەرەکی. ئەکتەری درامای گەردەلول لە بەشی دوو و سێ و ئەکتەری هەریەک لە فیلمی (باخەکەی باوکم)و(دەلال و دنیا)و (جەلادی خواوەندەکان) (the black) نوسینی تێکست و دەرهێنانی گۆرانی مندالان (کۆبوونەوەی باوکان) و سرودی (نەوەی دوارۆژ). شایەنی باسە ئێستاش نووسینی بەشی دووەمی درامای (لاپەڕەکانی کەرکووک)ی ئامادەکردووە.


سینارست و دەرهینەر. فیلمی (دوا چارەنووس)دەرهێنەر و ئەکتەری سەرەکی و سیناریو. شانۆگەری(ڕەش و سپی)نووسین ودەرهێنەر کە بشداری ڤیستیڤاڵی شانۆی شەقام کردووە خولی(حسین مسری) لە کەرکووک . درامای (لاپەڕکای کەرکووک)نووسەر و سینارست بەڕێوەبەری بەرهەم و ئەکتەری سەرەکی. ئەکتەری درامای گەردەلول لە بەشی دوو و سێ و ئەکتەری هەریەک لە فیلمی (باخەکەی باوکم)و(دەلال و دنیا)و (جەلادی خواوەندەکان) (the black) نوسینی تێکست و دەرهێنانی گۆرانی مندالان (کۆبوونەوەی باوکان) و سرودی (نەوەی دوارۆژ). شایەنی باسە ئێستاش نووسینی بەشی دووەمی درامای (لاپەڕەکانی کەرکووک)ی ئامادەکردووە.


سەرۆکی فستیڤاڵی نور


کامەران مەنسور

چاپکراوی نوێ

میژوونووس زوبێر بیلال ئیسماعیل



لەم ڕۆژانە کتێبی (میژوونووس زوبێر بیلال ئیسماعیل .. پێنووسەکەی هەولێر) بە قەبارەی گەورە و 304 لاپەڕە، لە نووسینی بارزان محەمەد عەلی کەوتە بەر دیدی خوێنەران، کتێبەکە لەبارەی ژیان و بەرهەمەکانی میژوونووس زوبێر بیلال نووسراوە و بەسەر شەش بەشدا دابەش بووە، بەشی یەکەم/سەربردەی ژیانی، بەشی دووەم/ شیکردنەوەی بەرهەمەکانی، بەشی سێیەم/ میژووی شاری هەولێر لە نووسینەکانی زوبێر بیلال دا، بەشی چوارەم/ لایەنی ڕۆشنبیری شاری هەولێر لە نووسینەکانی میژوونووس زوبێر بیلال ئیسماعیل، بەشی پێنجەم/ ڕێبازی لە نووسینەوەی میژووداً، بەشی شەشەم/ ڕەنگدانەوەی کەسایەتی میژوونووس زوبێر بیلال لە نێو خامەی نووسەر و ڕۆشنبیران دا.

نووسەر لە سەرەتای پێشەکیدا لەبارەی میژوونووس دەڵێ:"میژوونووس زوبێر بیلال ئیسماعیل بەشداریەکی کاریگەری هەبووە لە نووسینەوەی میژووی شاری هەولێر بە درێژایی 30ساڵ، بەرهەمەکانی لەسەر ڕێچکەی بابەتیانە و زانستیانە جیادەکرێتەوە.

دەتوانن ڕووبەڕووی نەخۆشی چەوری جەرگ ببنەوە

لە ماڵپەڕی میدیکال ئێکسپرێس، بابەتێکی زانستی بە ناونیشانی " خواردنی پێکهاتە ڕووکییەکان ڕووبەڕووی چەوری جەرگ دەبنەوە .."، بڵاو کراوەتەوە، کەلە چەند بەشێکیدا هاتووە :ئەنجامی توێژینەوەکانی زانکۆی چۆنگ کینگ لە چین پیشانی داوە کە پێکهاتەی ناو ڕۆربەی سەوزەواتەکان دەتوانن ڕووبەڕووی نەخۆشی چەوری جەرگ ببنەوە . حاڵەتی چەوربوونی جەرگ بە هۆی کەم جوڵەیی، خواردنی خۆراکی چەور، شیرین و پر کالۆری دروست دەبن . هەروەها زیادبوونی کێش و خواردنەوەی ماددە کحولییەکان ، دبێتە هۆی ڕۆربوونی ناسن لە جەستە و ئینجا چەوربوونی جەرگ .توێژینەوەنوێیەکان پیشانی داوە، کەخواردنی هەموو جۆرەکانی سەوزەوات و بەتایبەت کەلەم لە جۆرێک پێکهاتە بە ناوی" ئیندۆل" هەیە کە دەتوانێت باکتریۆمی ڕیخۆڵە ڕێکدەخات ڕووبەڕووی چەوری جەرگی دەبێتەوە.

هونەرمەند عماد نازم فازڵ: خەونی گەورەم ئەوەیە کە کوردستان ببینم وەک وڵاتێکی سەربەخۆ



دیدار: بەرهەم شێخ عزەدین

عماد نازم فازل لەدایکبووی شاری کەرکوکم ، ئێستا لە سلێمانی دانیشتووم بەهۆی پیشەکەمەوە کە پزیشکی پسپۆڕی ڕاستکردنەوەی ددانم، دەستپێکی کاری هونەریم لە 2015بوو کە بۆ یەکەم جار لە ستۆدیۆیەکی پرۆفیشناڵ گۆرانیم تۆمار کرد ، بەڵام پێش ئەوە بە چەن ساڵێک چومە ناو جیهانی هونەر و مۆسیقاوە لە ڕێی ئامێری عودەوە،چونکە مۆسیقا لای من هەستێکی پیرۆزە و بەهرەیەکی خواکردەیە کە مرۆڤ چێژی لێ وەردەگرێت.



عود لای تۆچی دە گەیە نیێت؟ جگە لە ئامێری عود چ ئامیرێکی دیکە دە ژە نیت؟

عود جوانترین ئامێرە و نزیکترین هاوڕێیە بۆمن.جگە لە ئامێری عود هیچ ئامێرێکی دیکە ناژەنم بەداخەوە .

مە رجە عازف لە هە موو ئالیە تە کان شارە زابێت؟

نەخێر مەرج نیە ، بەڵام ئەگەر شارەزای زیاتر لە ئالەتێک بێت جوانترە ، من بەش بەحاڵی خۆم تەنها لەگەڵ ئالەتی عودا ئاوێتە بوم و زۆر یارمەتیدەرمە لە هەڵبژاردنی ئەو گۆرانیانەی کە دەیڵێم (هونەر .

شە هیدان و پێشمەرگە لە کوێی خەونی داهاتوی تۆن؟

سەری ڕێز و نەوازش بۆ شەهیدان و پێشمەرگە هەرچەندە من عازفی پرۆفیشناڵ نیم).

هۆکاری نە مانە وە ی بەرهەمی هونەرمەندان لەناوخەڵک لەسەرزاری خە ڵک بۆچی دە گەڕێنیتە وە؟ بەڕای من ئەگەر بەرهەمەکە شایەنی ئەوە بێت کە بمێنێتەوە ئەمێنێتەوە.

وە کولاوێک خە ون بە چی دە بینیت؟

خەونی گەورەم ئەوەیە کە کوردستان ببینم ببێت بە وڵاتێکی سەربەخۆ ، وەکوو لایەنی کەسیش خەونی ئەوەم هەیە کە بتوانم بەردەوام بم لە قارەمانەکان دائەنەوێنم هیوادارم ئەو ڕۆژە بەچاوی خۆمان ببینین کە کوردستان ببێت بەوڵات.هەموو کاتێک ئامادەم کاری هونەریان بۆ بکەم لە ناخی دڵمەوە حەز ئەکەم ڕۆژێک لە ڕۆژان سروودێکی نیشتیمانی پێشکەش بکەم.

ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید 19)

